حاضرا ومستقبلا تعتبر بحق نقطة تحول تاريخي في حياته السياسية وحقوقه القومية وهي بلا شك منعطف صاعد بطموحات الكردي المشروعة في كل مكان وزخم دافع لقدراته نحو رسم مصيره في اكثر من موطن من مواطنه خارج العراق.

ثانيا- الجهة التي اقرت هذا المبدأ اثبتت قدرتها على تخطي الصعاب الخطيرة فيما رأت انه ترجمة عموميات حكم التأريخ الى ممارسة حية في واقع الحياة وبقدر ما يمكن ان يستوحي الغيب من المشهود فالمنتظر من مثل هذا الادراك لحكم التأريخ وهذه الجرأة في الوقوف عند مقتضاه ان يأتي المستقبل تصعيدا لما تم في الحاضر من هذا الشأن باعتبار ان التأريخ ذو حركة متزايدة السرعة. وسارجع الى ما يبنى على هذة الملحوظة بعد الفراغ من بيان الاعتبار الثالث وما قد يليه.

ثالثا- ليس من الصحيح ولا السليم التشدد في رسم الخط الذي يحدد اطار منطقة الحكم الذاتي فما دام العرب والاكراد مصممين على التعايش وادامته فلا ضير في ان يرتفع هذا الخط هنا وينخفض هناك على حساب اقتضاء المصلحة وقد يستدعي التكامل الاقتصادي، مثلا، ان تضم اقسام من الارض المسكونة بالعرب الى الحكم الذاتي او ان تلحق ارض كردية بادارة المركز ولعل ان يكون في ضم القوميتين الى الادارة الواحدة هنا وهناك نوع من المعاشرة الحية بين القوميتين تزيد عواطف المودة بينهما.

صحيح، ان فكرة (الحكم الذاتي) ينبغي ايضا ان تؤدي اغراضها الاساسية في تطمين الشعور القومي عند الكردي ولكن صحيح ايضا انه لايسوغ اقامة (التعايش) على الشك والتوجس. والكلام في هذا يطول ويمكن تلخيصه في ان كل شعار متطرف في اي من الجانبين لا يمكن ان يخدم مبدأ الاخوة والتعايش وليس من احتمال للتجاذب و (شد الحبل) الا حينما تتنافر القلوب وتتجه نحو فصم العري. ومن الواضح لكل ذي عينين ان الجهة العربية اقدر على امتصاص اسباب الشك والاحتكاك بما تملك من امكانات مادية وسياسية وبشرية وجغرافية وحضارية لا حصر لها وكفى بها انها من الوفرة بحيث انها دخلت المصطرع الدولي كطرف مرغوب ومرهوب ثم انها هي المضطلعة بمسؤولية الحكم فتكون قد التزمت بكل ما يستوجبه الحكم من السعة و السماح الى جانب مايقابل ذلك من حماية مجموع الدولة شعبا وارضا.

الحكم في أي مكان مطالب بفتح صدره للناس كافة سواء منهم المؤيد والمطالب والمحايد، اقول هذا من باب توضيح القصد وتحديد مركز الحكم من وجهة نظر (حمل الامانة) بقياسه الى مركز غيره من الناس افرادا وجماعات.

رابعا- لابد من رعاية مصلحة وحق الفرد الكردي الذي يعجبه ان يبقى بمعزل عن الاحزاب والتنظيمات السياسية وهو يمارس مواطنته ويدفع ضريبته ويقوم بواجبه فلقد لمست من تجربة السنين التي تلت ١١ اذار انعدام الوزن للفرد الكردي اذا لم يكن ضمن التنظيم الذي كان طرفا في بيان اذار. لا يطلب مني ان اجد للحكومة اعذارا في طمس ذاتي ومسخ شخصيتي وانزالي منزلة المواطن من الدرجة الرابعة. ومثل هذا يقال عن الشخص العربي الذي يريد ان يبقى على الحياد بين الاحزاب السياسية.

ليس مقبولا في اي عرف سياسي او اجتماعي او قانوني او فلسفي او مصلحي ان يستمد المواطن اعتباره وكرامته من وثيقة انتمائه الى احد الاحزاب. ولا يردني هنا قول من يقول ان ذلك لم يكن واقعا

بمقتضى قانون او دستور او ما الى ذلك فانه يكفي ليشعر المواطن بالمهانة انه اذا طلب الوصول الى المسؤول كمواطن اعتيادي انسدت امامه السبل فاذا ابرز وثيقة انتمائه الى حزب قوي اخذ بالاحضان. اعود الى ما اشرت اليه في نهاية الفقرة (ثانيا) المتقدمة:

يشيع بين عدد غير قليل من ذوي الرأي الاكراد تصور سياسي محدد في واحدة من اهم الركائز التي تستند اليها وقائع الامور والمصالح الكبرى في الشرق الاوسط ولقد وجدتني مندمجا في ذلك التصور ومقتنعا به ولربما كنت من اوائل الاكراد الذين لمحوا الى ذلك في وقت مبكر بعد ميلاد ثورة ١٤ تموز، ومن يراجع سلسلة المقالات التي نشرتها سنة ١٩٦٠ في جريدة الحرية بتوقيع «هوشيار» يجد ملامح هذا التصور وخطوطه العريضة مطلة بين سطورها بوضوح. خلاصة هذا التصور هي ما يلي:

القوى المتصارعة في الشرق الاوسط تحاول ان تجد لها اوراقا رابحة في اللعبة وتمسك في يدها نهايات خيوط تحرك شخوص المسرح. واقدرها على المناورة هي بلا شك اجمعها لتلك الاوراق والخيوط. وهذة الحقيقة في مستوى البديهية ولا صعوبة في لمسها وتحت هذة الحقيقة، او بجانبها، حقيقة اخرى تكاد تكون بمستواها من الوضوح لولا ان على الاعين غشاوة وهي ان من اقوى وامتن وارجح تلك الاوراق والخيوط ورقة (واقع الشعب الكردي) والخيط المتصل به. ان من يملك عواطف ومحبة هذا الشعب يملك في الشرق الاوسط قوة هي بمقام «القنبلة الموقوتة» في موازين الامور ومجريات الاحداث في المنطقة كلها. ان شعبا يبلغ تعداده في اقل تقدير خمسة عشر مليونا ويتوزع على مساحة من الارض في سعة دولة متوسطة الحجم وتحتل بقعة في الصميم من الاهمية الستراتيجية وقد اذكت حماسه للنشاط والحيوية تطلعات النصف الثاني من القرن العشرين مع خلفية تاريخية هي بضعة وعشرون قرنا من الويلات والخطوب والغمط والبخس.

ان هذا الشعب جيش احتياطي، بل جيش عامل، يضع ثقله في موازين معارك من يحسن التعامل معه ويأسو جراحه. ومن طبيعة الاشياء ان يكون توافق المصلحة (او تضادها) بين هذا الشعب وبين القوى المتفاعلة في المنطقة على درجات وانماط متفاوتة طبقا لظرف كل واحدة من تلك القوي، فقد تكون احداها مضادة له على طول المدى وتكون الثانية موسمية التوافق المصلحي وهكذا... ولكن ليس لعاقل ان يجهل ان مصلحة العروبة غير مصطدمة مع مصلحة هذا الشعب في مستقبل يدركه الفكر والنظر ويحسب له حساب، وما قد يعترض به على ذلك من وجود احتكاك اليم بينهما من جزء في ارض العراق يرد عليه بان الميادين الاخرى الرحبة من وحدة (المصلحة والخطر) جديرة بهضم بواعث هذا الاحتكاك وملاشاتها في اقل من الوقت الذي تستغرقه كتابة مقال حول الموضوع حالما يلتقي الطرفان على فهم مشترك لحقيقة مصالحهما وحقيقة المخاطر التي تجابههما.

ان العروبة في غنى عن (ممتلكات) الاكراد بما تملكه من البر والبحر والثروة والمركز الحضاري وهي بلا شك محتاجة الى حليف طبيعي غير مشكوك في مواقفه ومصالحه بل انها محتاجة الى جمهرة من الحلفاء لضخامة المعارك المفروضة عليها وتعدد ميادينها وقوة خصومها وجسامة التحديات المتولدة من كل ذلك. ومن الواضح الذي يراه حتى الاعمى انه لايمكن للكردي ان يمد بطمعه الى مصلحة عربية بل ان الواقع المعقد الشائك المحيط بوجوده يكاد يقطع امله من كل عون حقيقي ياتيه من خارج وجوده الا ما كان منتظرا ان ياتيه من العرب بسبب توافق مصالحهما... والحديث هنا يطول الى غير نهاية وهو دائما ينتهي الى نتيجة

واحدة هي انه اذا وعي العرب والاكراد حقائق الاشياء والاحداث وصحت دعواهما في رؤية وفهم (مؤشرات المستقبل) فليس امامها غير طريق واحد يقود الى المصلحة هو طريق التفاهم والتعايش والارتباط المصيري والكلام هنا يتشعب بما يفوق طاقة الكاتب من الاستيعاب اكثره مفهوم قبل ان ينطقه الناطق او يكتبه الكاتب فعسى ان يهدينا الله الى سواء السبيل ويجنبنا الزلل.<٧٤>

ساڵی ١٩٧٤ دیارییەکی ڕەزا گرانی پێ بوو بۆم، کژەکەی دوای ئەو نووسینە عەرەبییە بوو، ڕەنگە کەوتبووینە حوزێران. خەونێکم دیت، لەوانەی بە پێی تەجرەبەی خۆم ڕووداوێک ڕادەگەیەنن. بە هەموو کەسانی ماڵەوەم گوت ئاگاداری خۆیان و منداڵەکان بن قەزاوقەدەرێک بە ڕێگاوەیە، تا ئەوەی گوتم لە پێپلکە هاتنە خوار، لە هەڵکردنی تەباخ، لە شتی کارەبای پێوەبێ، لە جادە و کۆڵانە خۆ بپارێزن... بۆ ڕۆژی دواتر لە کۆڕ بووم بەسەر هەندێ کەرستەی توالێتدا بەربوومەوە برینێکی شەباقەی خستە لەشمەوە. هەتا گەییشتمە خەستەخانەی (مدينة الطب) کاتی ویست... خولاسە عەمەلیەتم بۆ کرا بە سی تەقەڵ برینەکەم دەم بەست کرا. بەر لەوەی بەنج بکرێم بەو چوار دکتۆرەی لە دوولامەوە بەسەرمەوە ڕاوەستابوون گوتم، ئێوە خەریکی کەسبێکن پتر بە لای ئالەت و شتی ماددیدا دەچێتەوە، زەحمەتە باوەڕ بە سۆسەی پێش ڕوودان بکەن (حس قبل الوقوع) بەڵام باوەڕم پێ بکەن من لە پێرێوە خەونم دیتووە بە تەمای قەدەرێک بووم. وا لە خۆم بەدەری داوە... لە وەڵامدا گوتیان ئێمەش باوەڕمان بە (غەیب) هەیە... ئینجا نازانم بە خاترانە وەهایان گوت یان لە دڵیانەوە بوو، بەڵام قسەکان تامی ڕاستیی لێ دەهات.

شەش شەو لە خەستەخانە مامەوە. کە دەرچووم بەینێک لە ماڵەوە بۆی کەوتم هەتا توانیم هاتوچۆی دەرەوە بکەم. تومەز بێ ئەوەی پێشتر زانیبێتم لە لەشمدا (حساسيە – هەستیاری) هەبووە بەرانبەر هەوای کۆندیشن. دوای دەرچوونم لە خەستەخانە تووشی لووت گیران دەهاتم تا ئەوەی وەها دەبوو نەمدەتوانی زاد قووت بدەم. دەبوو قەترە لە لووتم بکەم. هەناسەم بکرێتەوە ئنجا زەواد ئاوا بکەم. هەر هەوایەکی لە هەوای کۆندیشن چووبایە ئەو هەستیارەییەی بە جۆرێک بە خەبەر دەهێنا بێحاڵی دەکردم... بە ڕێکەوت جارێکیان قەترەیەکی نوێم بەکارهێنا. برادەرینە کاری سیحری پێوە بوو. نەک هەر هەستیاریەکەی بنەبڕ کرد بەڵکوو هەتا دوو ساڵان پێویستیم بە دەستەسریش نەما، پاش دوو ساڵان بە کزی سەرێکی هەڵدەداوە بەڵام بەدەم ڕۆژگارەوە ئەویش کزبوو وەک کە بە نەبووی حیساب بکەیت.

ئیحسان شێرزاد لە هاوینی ١٩٧٥ (اعفاء) کرا لە ئەندامەتی و سەرۆکایەتیی کۆڕ، ئەویش بە بۆنەی هەڵوەشانەوەی ئەو بارەی کە کاتی خۆی بۆ سەرۆکایەتیی کۆڕی هێنا. دوای ئەو بە پێی ئەوەی کە یەکەم جێگیری سەرۆک بووم سەرلەبەری ئەرکی سەرۆکایەتی وێڕای فەرمانە عادەتیەکانم کەوتە ئەستۆمەوە. یەک دوو سوارچاکی زارقەڵەباڵغی مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردی کە تا ئەو دەمانە بە چاکی لێیان شارەزا نەبووبووم و نەمدەزانی تا چ ڕادەیەک بێ بەند و پەیمان و بێ پەروای شەرم و شکۆن، لە ساڵی پێشترەوە خەریکی خۆ نزیک کردنەوە بوون لە کۆڕ (لە منیش بە تایبەتی) کە دیتیان بە گەز و گرێی سوودی دنیایی ئەستێرەی کۆڕ لە کزیدایە ئاڵای دوژمنایەتییان بە ئاشکرایی هەڵکرد... ئەگەر بیانزانیبایە من هیچ پێوەندییەکی دۆستایەتیم بە چەکدارانەوە نییە زووتر ئاڵاکەیان هەڵدەکرد. لە هەموو ژیانمدا بە بیرمدا نایەت بێ شەرتی و بێ شەرمی تا ئەو پلەیە لە دە کەسی پتر بەدەر دابێتەوە، پتریش لە نیوەی ئەو دە کەسانە بۆرە پیاوی بێ ناو و نیشان بوون.

لە کۆتاییی بیستەکانی ئەم سەدەیە باوکم بە هەڵبەست گوتی:

ئێوە هەرچەند کە قەومەکی زۆرن
فائیدەی چی کە توخمی خۆ خۆرن

پێشتر حاجی قادر فەرمووبووی:

هەتا وەک ئاگری ژێرکان لەگەڵ یەک
ئەگەر تووفانە لەشکرتان بە پووشەک

کە هێرشی بێوچان و خەبەر لێدان، لە هاوینی ١٩٧٥ - ەوە زیادی کرد وەهام دانا بە هیچ جۆرێک مانەوەم لە کۆڕ لە ١٩٧٦ تێناپەڕێنێ. ئەم باوەڕەم هانی دام بۆ ئەوەی چەندێکی لە ئیمکانی ئادەمیزادێکی وەکوو خۆمدا بێت چالاک بین لە جێبەجێ کردنی هەر خزمەتێکی بتوانین بە سەقافەتی کوردی بگەیەنین. هەر بە نیازی خۆ تەیار کردن بۆ خزمەت هەنگاوێکم هەڵێنا کە مامۆستا ئیحسان خۆی لێ دەدزیەوە. لە بۆدجەی نوێی دوای دوورکەتنەوەی مامۆستا ئیحسان بایی نرخی دوو ئۆتۆمۆبیل، یەکیان بۆ دیوانی سەرۆکایەتی ئەوی دیکەش بۆ کاربەدەستانی دیکە و پێداویستی هاتوچۆ و گوێزانەوە. کاک ئیحسان بە تێبینی کردن لەوەی کە کۆڕی زانیاری عێراق ئۆتۆمۆبیلی حکومەتی لە دەستدا نەبوو بە لایەوە شیرن نەبوو ئێمە لەم نوختەیە لێیان تێبپەڕێنین. من لە نوختە نیگای ئەوەی کە مسکێنیی ئێمە ئەوان پۆشتە ناکات هەنگاوەکەم هەڵێنا. لەو بارە کزەشدا موافەقە لەسەر هەردوو ئۆتۆمۆبیل کرا. من هەنگاوێکی دیکەشم هەڵێنا. لە کۆڕی عێراق کۆبوونەوەی لیژنەکان پاداشی دوو دیناری بۆ هەر ئەندامە دانابوو. لای ئێمە بوو بە سێ دینار، دواتر من گەیاندمە پێنج دینار. لە زۆر دائیرە دە دیناریان پێ دەدرا، لە هەندێ جێگای بەرز پاداش پڕی زەرفێک بۆ ئەندامەکان دەنێردرا. پاش ئێمە پاداش پتر هەڵکشا. چەند سەیرە پیاوێکی وەکوو د. مەحموود جەلیلی عەمیدی کولیەی (طب) لە موسڵەوە دەهات بۆ بەغدا بەشداریی کۆبوونەوەی لیژنەی دەکرد لە کۆڕی زانیاری عێراق بە پاداشی دوو دینار...

لەو ساڵانەدا کرێی تەنەکەچی زۆر زیادی کردبوو تا ئەوەی مەزگووفی حەفتا هەشتا دیناری هەر بە ئەوان دەخورا. لەو ساڵانەدا دروشمێکم هەڵگرتبوو هەر بە قسە، دەمگوت دەبێ نرخی زانست لە هی تەنەکە کەمتر نەبێ، بەڵام قەت نەیگەیاندە سەد یەکی ئەو نرخەش. نووسەرم دیتوون بە ساڵ چاوەنۆڕی دەرچوونی تاکە یەک گوتاریان دەبوون و دەبن...

ڕۆژی ١٩٧٥/١١/١١، پاش دەوام، کۆبوونەوەی لیژنەی زمانم هەبوو لە کۆڕ، جارێ مابوو لە وتووێژ ببینەوە تەلەفۆنم لەماڵەوە بۆ کرا، خەبەری مەرگی کوتوپڕی دایکمیان پێ دام... هەتا شەهادەی مردنی لە خەستەخانەیەک وەرگیرا چەند کەسی تێدا ماندوو بوو... دواتر لە بیرەوەریی ئەو دەمە ناخۆشانەی وەرگرتنی شەهادەی وەفات گوتم، پێویستە خەڵق بۆ کورت کردنەوەی ئەو سەفەربەرلگە و ئەرک و سفتوسۆکەی لە خەستەخانەیەک لێی بمرێ... بردنی جەنازە و هاتوباتی تازیە لە کۆیێ دە ڕۆژێکی خایاند. دایکم ٣٢ ساڵ و یەک مانگی ڕۆژێک کەم دوای باوکم ماڵاوایی لێ کردین. پێی ناوێ بڵێم، کەلێنێکی گەورەی دوای خۆی بەجێهێشت، چونکە لە لایەنی دایکەتی چەندین ساڵ دوای مەرگی باوکم لە ١٩٤٣ و هی مامم لە ١٩٥٢، ئەو بۆ هەموو بنەماڵەکە بووبووە ئەو خێوەتەی لە سایەیدا هەستی حەسانەوەمان دەکرد... ڕاستییەکەی جگە لە جەلیزادان، بنەماڵەی سندۆلانیش کە خاڵەکانم بوون بە

گەورەی خۆیانیان دادەنا... لەم لایەنەوە چەندێکی باسی پایەی بکەم کەمە، لەو دەوروبەرەی تێیدا ژیاوم بە بیرمدا نایەت هیچ ئافرەتێک لەو بەولاوە بە درێژاییی ساڵ شەوانە مەجلیسی ئاوەدانی هەبووبێت و خەڵقەکە لێی تێر نەبن. پاش بەسەرچوونی دەمی دیوەخانەی پیاوان ئنجا دانیشتنی مەحرەمانەی چەند سەعاتی لای دایکم دەستی پێ دەکرد... خزمم هەن تا ئێستاش کە یادی ئەو مەجلیسانە دەکەنەوە دەگریێن... لە جێگایەکی بچووکی وەکوو کۆیێ لە ئیمکاندا نەبوو بە شێوەی هەمیشەیی هیچ بەسەر بردنێک هێندەی مەجلیسی شەوانەی ماڵی ئێمە، لای دایکم، گەش و ئاسوودە بووبێت. یەکێکی لە ناچاریدا شەوێک لەو شەوانەی لە کیس چووبایە خۆی بە زەرەرکردوو دادەنا... ڕەنگە ڕاست بێ بڵێم بە مردنی دایکم ئەو جۆرە گوزەرانە یەکجارەکی لە کوردەواری پێچرایەوە...

لەو سالانەدا هەتا بەرەو کۆتاییی حەفتاکان سێ بەشی حاجی قادر و چەپکێکی نالی و چەند حەشارگەیەک و بەشی یەکەمی مرۆڤ و دەوروبەر و چەندین گوتاری درێژەدارم بۆ نووسرا و بلاوبۆوە. خوێنەر دەزانێ من لە هیچ نووسینێکدا ناوی ئەم و ئەوم نەبردووە، بە هێماش کەسم بریندار نەکردووە. ئامانجێکی بە چاکەی کورد و ئادەمیزادم گرتبێتە بەر لێمی داوا کردووە هەڵەی فکریی پەرەسەندووی خەڵق بە خۆوە خەریککردوو ڕوون بکەمەوە، لەوەشدا جگە لە پێویستی ئەخلاقی مافی ڕەخنەگرتنیشم بەکارهێناوە کە دەزانین زۆر لایەنی توندڕۆ لە جیاتی وشە دێن گوللە بە ڕەخنەلێگیراوەوە دەنێن و خۆشیان بە مرۆڤدۆست دادەنێن و نازیش بەسەر خەڵقەکەوە دەکەن... لەم جیهانەدا هەرچی پێی بڵێی (ئایدیۆلۆجیا) دوو شەقڵی سەرەکیی پێوە دەبێت. یەکیان ئەوەیە هەموو بیروباوڕێکی غەیری خۆی بە دوژمنی مرۆ دەزانێت. دووەمیان ئەوەیە هەر ڕەخنەیەکی لێی بگیرێ دەیکاتە بەڵگەی ناپەسەندایەتیی خاوەنەکەی چونکە خۆی بە پێوانەیەک لە عەیارە دەدات کە بە قالبی خۆی گیراوە. لە پەنا ئەم ڕاستییەدا ڕاستییەکی بێفێڵی دیکە هەیە بریتیە لەوەی کە هەموو ئایدیۆلۆجیەکی لە مێشکاندا جێگیر ببێت بایی ساوایی ئەو گەلەی تێیدا دەتەنێتەوە پتر بە لای نیگاتەسکی و توندوتیژیدا دەچێتەوە هەر بۆیەیە کوشتن و برین لەوەی پێی دەڵێن جیهانی سێیەم پتر باوە تا ولاتێکی پێشکەوتوو. من کە دەستم دایە نووسین و خۆ ڕوونکردنەوە ئەم ڕاستییانەم لەبیر بوو. بڕیارم دا گوێ نەدەمە ڕەخنە و بە دمداهاتنەوە و هەر ڕەفتارێکی کە بشێ پشتگوێ بخرێت بۆیە بوو وەلامی کەسم نەدایەوە کە لە تەنگەتاو بوونی ئایدیۆلۆجییەوە هێرشی بۆم دەهێنا هەتا ئەو دەمەی کە ناچاری خستمیە سەر نووسینی (اعادة التوازن الی میزان مختل) بەو جۆرەی لە نووسینەکەدا ڕوون کراوەتەوە.

دوای ئەم نووسینە جۆری هێرش خرایە تاکتیکێکی دیکەوە، حەز ناکەم لێرەدا دەفتەری ئەم لایەنە هەڵبدەمەوە چونکە جارێ دووکەڵەکەی نەڕەوییەتەوە و بە (اصطلاح) دەگوترێ گەرمەبرینە، سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ ناوی ئەم و ئەو بهێنم قەتیشم حەز نەکردووە لە منەوە نشتەرکاری ناوزڕاندن دەست پێ بکات هەرچەند ئەوەی دژی من کرا لە هیچ دەفتەرێکی خاوێندا جێی نەدەبۆوە. گەشتی ژیانی دوای سالانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ هەڵدەگرم بۆ دوارۆژ، بە تۆمارکراوی.

بەلام ناتوانم دەست لە نووسین هەڵبگرم بەر لەوەی کەسەرێکی گەورەی ئەو سالانە دەور بکەمەوە بۆ مەینەتخانەی ژیان. ئەحمەدی حەمەد ئەمیناغای دزەیی لە بەرەو کۆتاییی بەهاری ساڵی ١٩٧٦ بە

دەردی دڵ لە ناکاو بۆی دەرچوو. حەفتەیەک لەم بەغدایەمان گل دایەوە هەر شەوە برادەرێک داوەتێکی قەشەنگی پڕ زەوق و شەوقی ساز دەدا، هەتا لە ئاکامدا عوزری هێنایەوە لە نەمانەوە بۆ داوەتی دکتۆر قەرەنی دۆغرەمەچی. ئێمەی کە بێ ئەحمەد داوەتەکەمان بردە سەر بێ خەبەری قەزا و قەدەر بووین هەتا کاتی دوعاخوازی لێک کردن ئنجا قەرەنی گوتی ئەحمەد لە ڕێگەی بەرەو هەولێر دەردەکەی دڵی لێ هەڵدەداتەوە و بەحاڵ گەیشتۆتە ماڵەکەی و گیانی سپاردوە. پەحا بە سەیریی هەموومان سڕ بووین!

ئەحمەد سوارچاکێکی کوردایەتی و مەردایەتی بوو، کەم کەس هەیە وەک ئەو بە درێژایی خۆناسینی بە گیان و لەش و ماڵ، بێمزە و بێوچان لە کوردایەتی سەرف کردبێت. حەیفە مرۆی وەها چاک و پاک و خۆ لەبیرکردووی ڕێی نیشتمانپەروەری تۆزی فەرامۆشی لێ بنیشێت. ئەحمەد لە بەخشندەیی بەولاوە دەچوو تا ئەو سنوورەی لە بەخشیندا خۆی بە قەرزدار دەزانی. لێم نەبیست ڕۆژێک لە ڕۆژان باسی هیچ ئەرکێکی خۆی بۆ برادەرانی و بۆ کوردەواری دەوربکاتەوە... ماڵ و دیوەخانەکەی قۆناغی حەسانەوەی هاوخەباتەکانی بوو، بۆ هەموو کەسێکیش لە عەشیرەت و لەوەی ڕێی شەکەتی و تێوەستان بۆ لای ئەوی بردبایە نوای کاردروستی و بە هێوا گەیشتن بوو. کە بێینە سەر ئاکاری شەخسی دوور لە سیاسەت و خەبات ئەحمەد مرۆیەکی هەرە پاک و خاوێن و دڵفەراح و سینەکرایەوەی ڕۆژگاری خۆی بوو. لەمەوە بوو کە لە دڵی هەموو تیرە و بەرەبابی (دزەیی) ئەحمەد خۆشەویست و نازگیراو بوو... بە ڕادەی سەیر لێ هاتنەوە ئەم مرۆیە تەبیات ئارام و قسەشیرن و ڕەفتار نەرم و نیان بوو. نەیدەزانی قسەی ڕەق و زەق بکات، فێریش نەبوو لە کەس قەڵس بێت وەیا ڕووی لێ گرژ بکات. دەشبێ بڵێم ئەحمەد وێنەیەکی وەک شکڵی بەر ئاوێنە بوو لە باوکی. حەمەد ئەمیناغای باوکی کە لە تاقی هەڵچوونیدا مەرگ پێچایەوە نیهاد پاکێک و نێک نەفسێکی ئەوتۆ بوو کە هەر خۆی بتوانێ ئەحمەدت لەبیر بباتەوە. سەد ماشەڵڵا لەو مرۆیەی وا مەرد و باڵ قووڵ و لێبوردوو و خاکی مەشرەب. جارەها دیتوومە لە جەمی قەڵەباڵغدا خۆی ترنجاندۆتە نێوان دەستەی نۆکەران و بێ ئەوەی پێوەی دیار بێت تەوازوع دەنوێنێ ڕاساوەتە خواردن و زۆریشی بەدڵ بووە. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی.

لە بیرەوەریی ساڵانەی مەرگی ئەحمەد لە ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی چوونە سەر قەبری بەشدار بووم، تەنانەت لە ١٩٧٨ تا ئەو فەرمانەم جێبەجێ نەکرد سەفەرە پێنج مانگییەکەی ئوردونم نەگرتەبەر...

بێ ئەوەی برین بکولێنمەوە هێمایەک دەکەم بۆ ئەو حاڵ و بارەی کێشایەوە سەر دوور خستنەوەم لە کۆڕی زانیاری کورد. شکاتێکی قورسی بێئەساس و بێبنەکەم لێ کرا لە لایەن ناحەزانەوە کە من زوربەیان هەر ناناسم... داوا کرام بچم بۆ (الهيئة التحقيقية المركزية)ی سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، لە چوونی یەکەمم بۆ لایان تۆمەتەکەم بۆ خوێندرایەوە و ڕێیان دامێ چی دەمەوێ لە وەڵامدا بیڵێم، ئیتر من دەمگوت و نووسەرێک لەوێ دانیشتبوو دەینووسیەوە... دواتر چووینە ژووری سەرەکی هەیئە، بەینێک وتووێژی بێ هەروگێف کرا کە هیچ شێوەی محاکەمەی پێوە دیار نەبوو، بە ئاوی سارد و چایەی میوانداریشەوە هەر دەردەکەوت کە کۆمەڵەی هەیئە لەگەڵ ئەو تۆمەتەدا ڕێک نین. جاری دووەم کە لە ڕۆژێکی دوا ڕۆژانی مایسی ١٩٧٨ بوو چوومەوە لایان و چ دەلیلێکی لام هەبوو بۆ ئیسپاتی بێگوناهیم

بۆم بردن... ئەم جارەیان لە جاری پێشووتر باشتریان بەخێرهێنام، ماڵیان ئاوابێ... تۆمەتێکی دیکەی مەیلەو مسکێنانەش لەوەوە بۆم هەڵبەسترا کە گۆیا کتێبێکم بێ پەسەند کردنی (رقابە) دەرچووە. چەند فەرمانبەرێکی (تربیە) هاتن و چی زانییان و زانیم خرایە وتووێژەوە... ئەمانە بەسەرچوون، دوای گەڕانەوەم لە بیرەوەری دووساڵەی مەرگی (احمد حمد امین اغا) پاسپۆرتم حازر کرد و لە ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١ چووم بۆ ئوردون، لە ئۆتێلێکی مامناوەندی دابەزیم، نەختێ لە خەتی ناوەڕاست بەرەوژوورتر، بە تەلەفۆن لەگەڵ (رئیس المجمع اللغوي الاردني) د. عەبدولکەریم خەلیفە دوام کە هاتووم بۆ (عمان) بۆ ئێوارە خۆی و چەند ئەندامێکی (مجمع) و (د.عبدالعزیز الدوري) هاتنە لام پاش دوو ڕۆژ سەردانی (مجمع)م کرد و چەند داوەتێکی شەوانەیان کردم. بەڵام تەنها یەک حەفتە لەو ئۆتێلە مامەوە، گوێستمەوە بۆ ئۆتێلێکی دیکەی لەو هەرزانتر بەڵام ڕێکوپێک و بە ژووری یەک نەفەری تەلەفۆن و حەمامدارەوە...

خەبەرم زانی لە ڕێی ڕەوشەن بەدرخانەوە، کە لە شامەوە هاتە سەردانم، کە لە ١٩٧٨/٦/١١ وە (اعفا) کراوم لەوە بەولاوە نەمویست دۆستم پێمەوە خەریک بێت چونکە (لە تەرازووی خۆمدا) هەموو ماندوو بوونێکیان بۆم دەبێتە بەخشینی بێمزە...

زۆری نەبرد دۆستی دوور و نزیک خەبەریان بوو لەو دوورکەوتنەوەیەم ئیتر بێوچان بە تەلەفۆن و بە نامە ئەحواڵپرسییان دەکردم، هێندێکیان لە شامەوە<٧٥> ناوناوە دەهاتنە لام بە خواردنی کوردانە و دیاری پەقلاوە و فستەق، کە هەر جارە سەرلەبەری کاتب و خزمەتچی ئافرەت و پیاو پشکێکی وەهایان بەر دەکەوت ژووروی ئومێدیان بوو. لە ناسیاوانی ئوردونی چەند (ملحق)ێکی سەفارەتی ئوردون لە بەغدا، کە چەن ساڵێک بوو پێوەندی دۆستایەتییان لەگەڵمدا هەبوو، سەردانیان دەکردم و پێمەوە خەریک دەبوون. هێندێکیان گەڕابوونەوە ئوردون بەڵام لە نێوانیاندا «ابو جومرد عبدالمنعم الكردي» کە جارێ هەر لە عێراق بە (ملحق اقتصادي) مابۆوە بەهانەی دەدۆزیەوە بۆ سەردانی (عمان)، هەتا چەند ڕۆژێک لەگەڵمدا بێت... ئەو مرۆیە چ لە ڕووی ڕەوشتەوە بێت و چ لە ڕووی کوردایەتییەوە بێت هەتا بڵێی گیانی پاک و مەرد و وەفاکار بوو. لە لایەن دڵڕاگرتنی منەوە هەموو سنوورێکی تێدەپەڕاند. زوربەی کاتی مانەوەی لە عەممان هەر لەگەڵ مندا دەبوو، ئیتر بە دنیایدا دەگێرام و خەڵقی پێ دەناساندم و داوەتی دەکردم و منیش داوەتم دەکرد بەڵام خۆی مەسرەفەکەی دەکێشا. بەیەکەوە چووینە لای کوردە ناسراوەکانی عەممان یەک لەوان مامۆستا عەلی سیدۆ گۆرانی کە ئەدیب و نووسەر و لە سییەکاندا گەشتێکی بە کوردستانی عێراقدا کردبوو، کتێبێکیشی لەسەر نووسی بە سەرناوی «من عمان الى العمادیە»، لەو گەشتەدا کە هاتە کۆیێ سەردانێکی باوکیشمی کرد، کە لەو دەمەدا ماڵمان لە هاوینەهەواری چنارۆک بوو، ژمارەیەکی زۆریشی ڕۆشنبیرانی ئەوسای کۆیەی لەگەڵدا بوو. دوو ڕۆژ و شەوێک مایەوە.

مامۆستا سیدۆ، کە کۆڕی زانیاریی کورد دامەزرابوو بە پەیامنێر، گوتارنووس و بە ئەندامی یاریدەریش هەڵبژێردرا. لەو دەمانەدا شناسایی کۆنینەی بەر لە چل ساڵی بە نامە لەگەڵمدا نوێ کردەوە. ڕاستییەکەی من لە سەرەتاوە خۆمم پێ ناساندەوە کە لە عەممانیش چوومە لای دەتگوت هەر دوێنێ بوو

لە سوولی پاشای چنارۆک. ئەو گەنج و من منداڵ لە پلەی خوێندنی سەرەتایی، یەکترمان دیتووە.

لە زوێکەوە، (ابو جومرد) بە کۆمەڵەی یانەی (صلاح الدین)ی ناساندم کە نزیک بوو لە ئۆتێلەکەم. سەرپەرشتیکەرانی یانە زۆریان تەکلیف کردم کە بگوێزمەوە بۆ ئەوێ و ژووری تێدا ژیان و باری تێدا حەسانەوەم ساز بدەن، بەڵام بە سپاسەوە عوزری وەلاوەنانی ئەو ئەرکەیانم هێنایەوە و لە ئۆتێل مامەوە. یەکێک لە ئەندامانی کارگێڕی یانە ئافرەتێک بوو بە ڕەفتار و ئاکاریدا دیار بوو خانمێکی لێهاتووە و بە خۆدا ڕاپەڕموە. ڕۆژێک لە ڕۆژانی هەرە گەرمی تەمووز کە ٥٤ ساڵ بوو عەممان گەرمای وەهای نەدیتبوو، لەگەڵ (ابو جومرد) مێوانی داوەتی نیوەڕۆژەی ئەو خاتوونە بووین. عەممان شارێکی فێنکە بە دەگمەن نەبێ پلەی گەرمای لە ٣٥ تێپەڕ ناکات. تا ئەوەی من لە ژوورەکەمدا چەرچەفم بۆ نووستنی ڕۆژانە بەکاردەهێنا. شەویش پەنجەرەم دادەخست.

ئەو ڕۆژەی داوەت بەهۆی نەبوونی پانکەوە، پلەی گەرماش گەییشتە ٤٣، من بە دەست گەرماوە سەغڵەت بووم. بەڵام ئوردونییەکان چونکە ڕاهاتووی بێ پانکەیی بوون لەو پەڕی ئاسوودەییدا بوون. بەهەمە حاڵ چەندێکی گەرماش وەڕسکەر بوویێت خواردنەکان و وتوویژەکانمان بۆیان تێ دەهێنامەوە. ئەم خاتوونەم لە یانەی سەلاحەددین دەدیت کە ناوناوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی کارگێڕی سەردانی دەکرد. بەداخەوە ناویم لەبیر نەماوە، کەسیشم لێ نزیک نییە بیناسێت...

ئۆتێلەکەمان خەڵقێکی هەمە بابەتی لێ مێوان دەبوو لە عەرەبەکانی سعوودیە ومیسر و کوێت و سووریا... هتد. شەوانە لە ساڵۆنەکەی دادەنیشتن و شێوە کۆڕێکی خۆیی‌یانەمان دەبەست هەتا دوای نیوەشەو بەردەوام دەبوو. من بە عادەتی خۆم پەروام لە قسە نەبوو، چی بمزانییایە لە بابەتی وتوویژ بێ کۆمەکردن و زمان گرتن دەرم دەبڕی، خەڵقەکەش پێیانەوە دیار بوو تینوون بۆ بیروڕای پاتەوپات قسەش یەکیان یەکی دیکەی ڕادەکێشا هەتا چەندین مەیدانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئایدیۆلۆجی... دەکوتایەوە. کە گەییشتینە ڕەمەزان دانیشتنەکانمان درێژەی دەکێشا هەتا دەمی پارشێو. دیتم ئیدارەی ئۆتێل چ گۆڕانێکی نەخستە جەمەکانیەوە، تومەز خاوەنەکەی کابرایەکی قچکە تەنگی پارەویست بوو دەترسا لە مەسرەف.

بەهەمە حاڵ ئیقناعم کردن کە بەربانگ دروست بکەن و لە جیاتی نانی سبەینانیش پارشێو بە خەڵقەکە بدەن بە مەرجی گۆڕینی نەوعیەتی. تا ئەو ڕەمەزانە ئۆتێلەکە لە خواردنی (وشکەمەنی – نواشف) بەولاوە تێدا نەبوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ژیانیدا پلاو و شلە و تشریب و محلبی... کەوتە سەر مێزەکانی ژووری خواردنیەوە. کوڕێکی میسری (زهیر) ناو کە دەرچووی کۆلێجی کشتوکاڵ بوو لەو ئۆتێلە سەرخزمەت بوو، وازی لە وەزیفەی (مهندس)ی وڵاتی خۆی هێنا بوو بۆ سەد دینار مانگانە و ئەو بەخشیشەی لە ئۆتێل پێی دەدرێت. هەر مانگە پارەیەکی مناسبی بۆ کەس و کاری دەناردەوە. چەند دوورە مەودای نێوان دروشمی بزووتنەوەی سیاسی بە شۆڕشیەوە لەگەڵ (واقع)ی بێفێڵ. میسرێکی لە شەش هەزار ساڵەوە بێشکەی ژین و ژیار بێت، موهەندیسێکی خۆی بە باوەشەوە نەگرێت و بۆ جێگایەکی دیمەکاری وەکوو ئوردونی بنێرێت بەڵکوو نانێک بۆ خۆی و خزمانی پەیدا بکات...

ئوردون لە جیاتی ڕووباری نیل و دەلتای بەبەرەکەت هەر سیاسەتەکەی مەلیک حسێنی شک دەبرد،

کە خوێنگەرمەکان لە ناوەوە و دەرەوە دەیانویست لە کۆڵ ئوردونی بکەنەوە، لەم بوارەدا دەبێ بڵێم هەرچی بە ئەسڵ ئوردونی بوون لە ئەهلی وڵاتەکە تا بڵێی مەلیکیان خۆشدەویست، ئەویش بە کردەوە لە کاروباری گشتی و لە ڕەفتاری شەخسی و باوەڕ و متمانەی خۆی بەوان دەسەلماند. حەقیانە، نوێژی جومعەی لەگەڵدا دەکردن بێ پاسەوانی لە عادەت بەدەر، دەرگاشی کرابۆوە بۆ موراجەعە و لەگەڵ عەشیرەتەکانیش پێوەندی مەحکەمی هەبوو.

لە لایەن خۆمەوە بە ڕەسمی تێیان گەیاندم کە (صاحب الجلالة) وەرم دەگرێت ئەگەر ئارەزۆی زیارەتی بکەم، ڕاستییەکەی زۆرم پێ خۆش بوو بچمە خزمەتی لەبەر زۆر هۆی بە ڕێ و جێ یەکیان ئەوە بوو کە دەمزانی چەند ساڵێکە ئاشنای ناو و بیروباوەڕمە، تەنانەت بەر لەوەی عێراق بەجێ بهێڵم بە ماوەیەکی ١٥-٢٠ ڕۆژی (ملحق عسكري) ئوردون لەگەڵ (ابو جومرد) لە ئێوارەدا هاتنە لام. بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە بە عادەتی ناوناوەم بە ڕۆژوو بووم و تا دوای هەڵستانیان کە (٢,٥) سەعاتی کێشا فتارم نەکردەوە. (ملحق عسكري) دەگەڕایەوە بۆ ئوردون بە بۆنەی بەسەرچوونی ماوەی خزمەتی لە بەغدا. گوتی هەم بۆ دوعاخوازی و هەم بۆ پرس کردن لێت لە بارەی بیروڕای خۆت بەرانبەر باری گشتیی ناوچەکە و بە تایبەتیش لە پێوەندیی جیرانەتی و سیاسی ئوردون و عێراقەوە هاتوومە سەردانت چونکە هەرجارە (سیدنا - مەبەستی مەلیک حسێن بوو) ئەم پرسیارەی بیروڕای تۆم لێ دەکات...

چی پێویست بوو بە دڵێکی خاوێنەوە وەڵامم دایەوە بە جۆرێک ئەگەر وەزیری خارجیەی عێراقیشمان لابایە هەر ئەو وەڵامەم دەدایەوە. لە پێوەندی عێراق بە ئوردونەوە گوتم، هەرچەند سیاسەت بە پێی سروشتی خۆی لە هەموو جیهاندا ڕووەو گۆڕانە بەڵام نەک هەر لەم ڕۆژانەدا بەڵکوو تا ئەوەی لە پشت ئاسۆی دیاریشەوە ڕووناکاییی سیاسەتی دوارۆژ گەشایی بدایەتەوە عێراق سەلامەتی ئوردونی بارتەقای سەلامەتیی خۆی مەبەستە، ئەگەر بەڵایەکی ناگەهان لە لاوە بۆ ئوردون بێت، عێراق دەستی خۆی دەداتە بەر، چونکە بەشی هەرە زۆری دەردی سەری و کێشەی وڵاتانی ڕۆژاوای عێراق بۆتە قۆنتەراتی ئوردونێک کە ئەگەر مەلیک حسێنی بەسەرەوە نەبێت کەس نازانێ بە چ باردا دەشکێتەوە، جگە لەوەی جیران لە هەموو حاڵدا دۆست بێ چاکترە لە ناحەز.

هۆی دووەم ئەوە بوو کە مەلیک حسێن، بێ لە هەموو حیسابی شەخسی، مرۆیەکە لەبەر لێهاتوویی خۆی و گرنگیی مەرکەزی و دەورێکی سیاسی کە دەیبینێ من و غەیری منیش ئاواتەخوازە پێی بگات و لەگەڵیدا بدوێت و بە دۆستی ئەو لە قەڵەم بدرێت. هۆی سێیەم ئەوەبوو کە من بە ئاوارەیی لە ئوردون بەم لێشم مەعلووم نەبێ چەندی تێدا دەمێنمەوە هەڵبەت مەرحەبای مەلیکەکەی پشتیوانییەکی لە ڕادەبەدەر متمانە بەخش و دڵ ئارام کەرەوە بوو...

بەڵام لەبەر هۆیەکی سەرەکی کە هەموو ئەمانەی لە خۆیدا دەپێچایەوە بێ ئەوەی پاتەوپات وەڵامی لایەقی بدەمەوە خۆم لەبەر باربوونی بەڵێن دان دەدزیەوە، هۆیەکەش ئەوەبوو کە لە باوەڕێکدا بووم و لە بارێکدا دەژیام ئەگەر بچمە زیارەتی مەلیک حسێن یەکجاری وەیا هەتا ماوەیکی زێدە درێژ لە ئوردون دەمێنمەوە. من کە گەیشتمە عەممان و لە ئوتێلێکی مامناوەنجی دابەزیم کاربەدەستانێکی دەیانزانی لە

عەممانم تا چەند ڕۆژ شوێنەکەیان نەدۆزیەوە، چونکە لە ئۆتێلی بەرەژوورتر هەواڵی هاتنمیان پرسی بوو کە دۆزیمیانەوە، ویستیان بمگوێزنەوە بۆ ئۆتێلێک کە لە عەممان ممتاز بوو، بەڵام من نەمسەلماند و لە شوێنی ئەوسام مامەوە بێگومان لە پاش دیدەنی مەلیک، کە دەمزانی لە بیروڕادا بە ئاسانی دەتوانین بگەینە یەکتر و شارەزای ئادگاری ئەدەبکارانەشی بووم و دڵنیاش بووم لە مێوان نەوازی ئەو، گۆشەگیری و خۆپەنادانم لە ئیمکاندا نەدەما و دەکەوتمە بارێک تێیدا بە دیارەوە بم و لەگەڵ کاربەدەستان پێوەندیم هەبێت ئیتر وەک فریز کە ڕیشەیەکی داکوتا بە زەحمەت هەڵدەقەنێت... کە دەڵێم لە بیروڕادا دەگەییشتینە یەکتر مەبەستم ئەوە نییە بڵێم من لێی دەبوومە مامۆستا وەیا دەیکردم بە سوختەی خۆی چونکە لەو باوەڕەدام کە ئەگەر دوو لایەن مەبەستیان بەرژەوەندی ڕاستینە بێت و فروفێڵ و بەهەڵەبردن و هەڵخلیسکاندن لە نێواندا نەبێت چاریان ناچارە بە یەکتر دەگەن... ئەمانە لەویَ بن، من جاریَ نەچوومەتە دیدەنی مەلیک، بەرپرسی حکومەت، کە نایناسم بە تەلەفۆن سفارشی ئیدارەی ئۆتێلیانم دەکرد کە ئاگاداری حاڵ و بەجیَ هێنی ئارەزۆکانم بن، نەشیان هێشت فلسێک لە گیرفانم دەربهێنم بۆ ژیانی ڕۆژانەی ئۆتێلم. چەندێکی دەمویست فاتۆرەم بۆ بێت دەیانگوت (مدفوعە)... ڕاستییەکەی خۆدزینەوەم لە زیارەتی مەلیک تا ئێستاش هەستی شەرمەزاریم تێدا بەخەبەر دەهێنێت بەڵام لێی پەشیمان نیم چونکە ویژدانم بەوە ئارامترە کە گەڕانەوەم بۆ وڵاتم ڕێی دام بیروڕای خۆم بە کورد و عێراق ڕابگەیەنم هەرچەند تەئسیریشی کەم بێت وەیا ببڕای ببڕای بێتەئسیریش بێت... کەس ئەو ڕۆستەمە نییە بە گورزی گران و سواری ڕەخشەوە دنیا بکاتە شامی شەریف.

ئێوارەیەکی ڕەمەزان یاریدەدەرێکی (ملحق عسكري) ئوردون، کە تازە لە بەغدا گەڕابۆوە، بە خۆی و برادەرێکی خاوەن پلەی بەرز لە حکومەت، هاتنە لام و بۆ فتار چووینە ماڵی یاریدەرەکەی مولحەق لە شاری (السلط) بوو کە ٣٠-٤٠ کیلۆمەترە دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای عەممان. ئێستا لە تەعمیری تازە خانووەکەی نەبووبۆوە بەڵام ژوورێکی تێیدا فتارمان کردەوە، زۆر دڵگیر بوو، هەموو (سلط)ی لێوە دیار بوو. مەبەستم شتێکە لە گێڕانەوەی ئەم داوەتە: خێزانی خانەخوێمان تێکڕایان وەکوو خزمی نزیکم بن، بەخێریان هێنام، هەرچی تەقیەیە پێیانەوە دیار نەبوو، دەتگوت ساڵەهامان لەگەڵ یەکتردا ڕابواردووە. بە دەست خۆم نەبوو ئارەزۆی خزمانم لەو دەمانەدا لە دڵم گەڕا بە جۆرێک چاوم تەڕ بوون، کە ئەمەیان دیت تێم گەیاندن چی بوو کاری تیَ کردم. ئەو خێزانە هەموویان و خاوەن پلەی بەرزیش بەڕۆژوو بوون و نوێژی بە خشووعیان کرد، فتارەکەش کە زۆری تێدا خەریک بووبوون بە شێوەیەکی یەکماڵی و عەشایری بەڕیَ کرا. شارەکەش ئەوەندە فێنک بوو دەبوو پەنجەرەکانی ژووری لیَ دانیشتنمان هەمیشە داخراو بێت، ئاوی (مشروع) بەفری گەرەک نەبوو. شەوێکی زۆر خۆش بوو، هەموو برادەری و ناسیاوی نێوان من و خانەخویَ لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردوودا کە نەقڵی بەغدا بووبوو لەو چەند سەعاتەدا خۆی نواند. لەم جۆرە ئاکاری ڕێکوپێک ئوردونییەکان زۆر دەوڵەمەندن.

چیت بکڕییایە لە پێداویستی ئارەزۆی ئادەمی لە لایەن حکومەتەوە نرخێندرابوو، خاوەن دوکانەکانیش هەتا لیستەی ڕۆژانەی ڕەسمییان پیَ نەگەییشتبایە لە بارەی نرخی بابەتەکانیان هیچیان نەدەفرۆشت. میوەیەکی تازە پیَ گەییشتبا بۆ ماوەیەک ئازاد بوو، تەنانەت هەنجیری زێدە نایاب کە لە

سەرەتاوە کیلۆی بە ٦٠٠ فلس دەفرۆشرا لە پڕ دابەزی بۆ ٢٤٠ فلس و کەسیش سەرپێچی وەیا فێڵی تێدا نەکرد. دیاردەی ئێریەلی زێدە بەرزی تەلەفزیۆن بەسەر خانووەکانەوە سەرنجی ڕادەکێشا، هێندێکیان بە قەدەر خانووی شەش نهۆمی بە ئاسماندا چووبوون تومەز لە تەلەفزیۆنی هەموو ناوچەکە سوودمەند دەبوون. ئوردونی ڕەسەن هەتا بڵێی بەئەدەبن، وشەی (لو سمحت) بۆ هەموو شتێک لە زاریان نابڕێت، هەتا بڵێی ئامادەی خزمەتی غەیرن. لەو چوار مانگ و بیست شەوەی مانەوەم لە عەممان‌دا نەمدیت کەس لەگەڵ کەس شەڕ بکات تەنها یەک جاریش دیتم کابرایەکی بە هەڵپە، کە دەرچوو ئوردونی نییە، یاسای پەڕینەوەی شەقامی شکاند، خەڵقەکەش بە تێکڕایی ناڕەزاییان دەربڕی... پێشبڕکێ لە سواربوونی تاکسی وەیا پاس هەر پەیدا نەبووە لەوێ... بێ ئسووڵی لە سینەماکان وەهم و خەیاڵە (ئەوسا وەها بوو کە ١٢ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە)... میللەتەکەی ئوردون زێدە چالاکن، دیتم بە پاڵ گردەوە بایی عیمارەتێکی هەشت قاتی گردیان داتاشی بوو بۆ تەختایی خوارەوە کەوا بێگومان نرخی زەوییەکەی دوو جار و سێ جار زیاد دەکرد، ئەگەر بزووتنەوەی ئابووری لە هێز و پێزدا نەبێت مرۆ زات ناکات کۆهکەنی وەها وەئەستۆوە بگرێت.

گەلێک جاران، بە تایبەتی کە (ابو جومرد) لە عەممان بوایە، دەچووینە نادی سەلاحەددین شەوێکیان ٦-٧ گەنجی کوردی ئوردونی منیان لە مەجلیسی کاملان دابڕی، هەر لە سەعات نۆوە هەتا یەکی پاش نیوەشەو لەگەڵیان دوام، کە بڵاوەشمان لێ کرد بە ناچاری بوو، چونکە دوو کەس لەو کۆمەڵە دەبوو لە ١,٣٠ بگەنە ئۆتۆمۆبیلێکی بەرەو شام دەڕۆیشت. پرسیارێکی زەقیان کرد گوتیان، چۆنت ڕا لە گەنجی کوردە؟ گوتم هەتا سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردیدا نەسەپێن هەمووتان چیلکەی ئاگرن، منیش کە دیم بێ پێچ و پەنا بیروڕا دەربڕم لەوەوەیە کە سەر بە هیچ لایەنێک نیم و بەرپرسی ناتەواوی وەیا نالەباری و ناقۆڵایی و هیچ ڕووداو و کردارێک نیم بە خۆممدا بشکێنێتەوە لە ڕەخنەگرتن و ناڕەزایی. وەها ڕێککەوت لەو ڕۆژانەدا رووم لێ نرابوو کە دەنگی تکایەک بگەیەنمە کوردێکی بەناوبانگی ئوردونی کە پێشتر بووبوو بە سەرەک وەزیران و ئاشنایش پەیدا بوو بوو لە نێوانماندا، بەڵکوو لە ڕزگارکردنی عەلی عەسکەری و خالید سەعید خوایشتێک بکات. من ابو جومردم ڕاسپارد، بەڵام بێ ئەنجام بوو، چونکە کابراکە ڕێی بە خۆی نەدابوو لە کاری وەهادا خەریک بێت، ناهەقیشی نەبوو - دوای چەند ساڵێک بەسەردا کۆچی دوایی کرد. ئەم مەسەلەیە هاندەرێک بوو بۆ ئەو قسانەی لەو شەوەدا کردمن بێ ئەوەی لای ئەوانی بدرکێنم، ئەو گەنجانە وەکوو هەزارانی دیکە لەوپەڕی جۆشی سەودای نیشتیمانپەروەری بوون بەڵام ڕابەری چاکیان پێویست بوو، وەک کە دەروێش مورشیدی پێویستە.

بە تێکڕایی کوردەکانی ئوردون لە کەمایەتییە نەتەوەکانی تێروتەسەل دەژمێردرێن و لە دەوڵەتدا کاربەدەستی زلیان هەبوو، تا ئەوەی سەرەک وەزیرانیان لێ پەیدا بوو... کە لەگەڵیاندا کۆدەبوومەوە هەستی خۆییاتیم لێ دەکردن. جارێ تا ئەوسا تەبیات عەشیرەتی بوون، زۆر لە خەم ڕەسمیاتدا نەبوون...

لە میانەی دەمەتەقەیەکی زمانزانی کە لە نێوان دوو مامۆستای پسپۆڕی زمانی عەرەبی، یەکێکیان لە

زانکۆی ئوردون، ئەوی دیکەیان لە زانکۆی کوێت، سەری هەڵدابوو، لە ڕۆژنامەی (الدستور) بڵاودەکرایەوە. دوو گوتاری سەر بەو بابەتەم لە هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوکردەوە. لابەلایی لە گوتاری دووەممدا توانجم لە شێوازی زامدار کردن گرت کە هەردوو مامۆستا تێوەی گلابوون. دوای ئەم نووسینەی من ڕۆژنامەکە تاکە یەک گوتاری دیکەی لەو دەمەتەقەیە بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە مادەم کار گەییشتە یەکتر سەرشکێن کردن دەرگا لەو بابەتە داخرا. مامۆستا د. نیقولا حەدداد مامۆستای مێژوو لە زانکۆی بێرووت و زانکۆی ئوردون کە لە مێوانانی ئۆتێلەکەی من بوو، گوتی هەر دوو گوتارەکەتم خوێندەوە، وا دیارە تۆ بۆ (خاصة الخاصة) دەنووسیت، چ دەبوو قوتابییانی زانکۆ تێی گەییشتبانایە و سوودیان لێ وەرگرتبایە؟ گوتم قسەکەت ڕاستە کە من وتووێژم لەگەڵ بەرەی مومتازی ڕۆشنبیرانە هۆیەکەش ئەوەیە کەوا من لە بەرنامەمدا نییە داوا لە کەس بکەم بە دوامدا بێت و پێڕەوی ڕایەکانم بکات، تا ئەگەر دووچاری نسکۆیەک هات ناتوانم دەستێکی یارمەتی و چارەسەردکرنی بۆ درێژ بکەم، لەم گوتارەشدا نەمویستووە بیروڕاکەی من قوتابیانی زانکۆ بە گژ مامۆستاکانیاندا بهێنێتەوە کە هەر ئەوەی لێ ئەنجام دێت لە کۆتاییی ساڵ سزای دەرنەچوون بە پاداش وەردەگرن. من ئومێدێکی کزم لەو گوتارانە هەر ئەوەندەیە کە ئەو دوو مامۆستایە و هی وەک ئەوان بیروڕاکانم بسەلمێنن و بە قوتابییەکانیان ڕابگەیەنن. مامۆستایەکی لە وتووێژ وەیا دەمەتەقەی نووسراودا بگاتە پلەی قسەی سووک تێکگرتن دەبێت تا چەند لە قوتابی خۆی بسەلمێنێ ڕەخنەی لێ بگرێ؟ لە گوتارێکمدا هەڵەی یەک لەو دوو مامۆستایەم ڕاست کردبۆوە کە نووسیبووی (هل التنوين الا ضمتان او فتحتان او كسرتان؟) هەڵەکەشی دوو لایی بوو، یەکیان ئەوەیە کە، (التنوين هو اضافة نون الي نهاية الاسم المعرب) تا ئەوەی لە عەرەبی لەهجە هەیە لەجیاتی نوون، میم دەخاتە کۆتاییی ناوەکە و (تمییم)ی پێ دەگوترێ نەک (تنوين). هەڵەی دووەم کە سەر بە فۆنەتیکە ئەوەیە کە (بزۆین) چ کورت بێ وەک سەر و بۆر و ژێر وەیا درێژ بێت وەک (ا، و، ی) بزوێنی دیکەی ناچێتە سەر، هەر لە ئیمکاندا نییە بچێتە سەری لەوە هەر بگەڕێ کە مومکین نییە خۆی سواری کۆنسنانت ببێت چونکە لە بەرایی وشەوە نایەت. هەرچی دەنگی (و، ی)یە لە حاڵەتی کۆنسنانتیدا بزوێن قبووڵ دەکات دەنگی (ا) ئەلف نابێتە کۆنسنانت... جا کە هاتوو قوتابی دوو جار و سێ جار لەو تەرزە بارانەدا یەخەگیری مامۆستای بوو دەبێ حاڵی چۆن بێ. خولاسە بە پێی بەرنامەیەکی خۆم هەڵمبژاردووە بۆ دەربڕینی بیروڕا لەو وڵاتە تەسکوتروسک پێوەی وەک ڕۆژهەڵات، دەبێ شێوازی نووسینم لە ژوورووی ناوەڕاستەوە بێت، ئنجا ئەگەر ناوەڕۆکەکەی ئەوە بهێنێت ئەرکی بۆ بکێشرێت با کاکی خوێنەر بە وردی تێی ڕامێنێت خۆ کە لە شتێک ورد نەبێتەوە هەر نازانێ ئەو شتە ڕاستە یان هەڵە، ئەما ئەگەر ناوەڕۆکی بێکەڵک بوو، بەلای لێ دات با کەس تێی نەگات. ڕاستی مەسەلەکەش ئەوەیە کە سەراوبوونی زوربەی هەرە زۆری خەلقوڵڵا لەوەوە دێت کە بە ئاسانی باوەڕی پف دراو و تەنکاو و ئەفسانەیی چ لە عەقیدەی غەیبی بێت و چ لە ڕامیاری و ئابووری و لکە بێ ئەژمارەکانی سەقافەت بێت، دەچێتە دڵیانەوە و تەنگ بە باوەڕە ڕەسەن و ڕاستەکە هەڵدەچنێ.

لەم بابەتە وتووێژەی تایبەت بە خۆم، گەلێک جار دەهاتە ناوەوە تا ئەوەی جارێکیان لەگەڵ دوو سێ کەسی (رسمی) دەدواین و قسە گەییشتە شەڕەکەی پێنجی حوزەیرانی ١٩٦٧، پاتەوپات گوتم نەدەبوو

ئوردون لە ترسی ڕەخنەی ناحەزان تێکەڵ بەو شەڕە بێت کە بەر لە هەڵستانی دۆڕابوو. پاراستنی قودس و (الضفه الغربیه) سەد جاران گرنگتر و پیرۆزتر و بەشەرەفتر بوو لەوەی چەند هەوەسبازێک دەم کوت بکرێت بەو نرخە زلەی کە بە دۆڕاندنی قودس و (ضفه) لە کیس ئوردون و فەلەستین و هەموو عەرەبیش چوو، ئنجا هەر مایەوە لە ساڵی ١٩٧٠ چی قسەی لەوچڕ و بێباکانە و ئابروو تکێنە بە ئوردون بگوترێت!

شەوێک لە شەوەکانی دانیشتنی عادەتیی ساڵۆنی ئۆتێل ئەدیبێک و هونەرکارێکی ئوردونی (ناویانم لەبیر نەماوە) لە دۆستانی (امیر رعد) بەشدار بوون و لە زۆر بابەتی جۆراوجۆری سەر بە سەقافەت پرسیاریان کرد تاکوو هاتنە سەر باسی عێراق و مەسەلەی کورد، ئنجا بایان داوە سەر مەسەلەی فەلەستین و پرسییان، بیروڕات چییە لەم مەسەلەیەدا؟ گوتم پرسیارەکە زۆری بەبەرەوەیە (هەندێک لەو ڕووەوەم ڕوون کردەوە) بەڵام من مەودا کورت دەکەمەوە و دەڵێم، پەنجا پسولە کاغەز بێنە لە هەر یەکەیان بڕیارێک بنووسە هەر لە تەسلیم بوون هەتا دەگاتە (جەنگ لەم دەمەوە)، کوێرێکی ڕێبوار بێنە بێ مەبەست و بێ دەست لێ کوتان پسولەیەکت بۆ ڕابکێشێ، ئەو پسولەیە چی لێ نووسرابێت با نووسرابێت، ئەگەر عەرەب بە تێکڕایی وەیا بەشی زۆری دەسەڵاتداری پێڕەوی پسولەکە بکات چاکترە لەوەی ئێستاکە بە کردەوە دەکرێت، چونکە چی دەکرێت هەر دەڵێی بۆ خاتری دوژمنە، تەنانەت تەسلیم بوون پتر ئیسرائیل ماندوو دەکات لەوەی عەرەبەکە بێ تەسلیم بوون خەریکی یەکتر بێت، لە نموونەدا دەڵێم، کە دوو دز بەتەما بن ماڵەکەت بدزن لەبەر تەمایەکی دیکە بە شەڕ هاتن و یەخەی یەکتریان گرت ئاسوودەترە بۆ تۆ لەوەی هەردوویان لە حەوشەی خانووەکەت ببورێنەوە وەیا بمرن، چونکە لە وەدەرنانیان بۆ کۆڵان ماندوو دەبیت، خۆ ئەگەر کەس نەبوو بیانشارێتەوە دەبێ هەر خۆت سەروبەری شاردنەوەکەیان بکەیت ئیتر چاکترە بۆ تۆ لە کۆڵان بە زیندووەتی تێک بئاڵێن.

لە زۆر باردا دووبەرەکیی سیاسی لە وڵاتێکدا هەمان حاڵ پەیدا دەکات، چونکە لایەنەکان بخەون وەیا لە خەستەخانان نەساغ بکەون قازانجی میللەتەکەیانە، هەر نەبێ ماڵ کاولییەکی لە تێک هەڵقڕانی بێکەڵکی ئەوان دووچاری دێت لە کیسەیدا دەمێنێتەوە...

ئەو شەوە ئەدیبەکە و هونەرکارەکەش، دوای بەسەرچوونی کۆڕی شەوانە میوانداریيان کردم لە ژوورێکی ئۆتێلەکە (وا دەزانم بۆ ئەو مەبەستە تێیدا مانەوە بە مێوانی ئۆتێل دەنا دەچوونەوە بۆ ماڵەکانیان) هەتا دوای سەعات (سێ)ی پاش نیوەشەو، بە ئیلحاحەوە داوایان کرد لەگەڵ ئەمیر ڕەعد کۆببمەوە کە بۆ ئەو فرسەتێکە. خولاسە بە توندی تێم ئالان کە چیتر ناشێ لاتەریک ببم، گوتیشیان بە دواتدا دێینەوە. وەها ڕێککەوت بۆ ڕۆژی دواتر هاتبوونەوە سەردان و ئەحواڵ پرسینم بەڵام من لە دەرەوەی ئۆتێل بووم، ڕایانسپاردبوو کە لەو نزیکانە دێنەوە بۆ لام... ئەمما هەر دوو ڕۆژی دیکە من عەممانم بە جێ هێشت بەرەو عێراق...

چەند تەجرەبەیەکی شیرنم هاتە پێش، یەکەم و دووەمیان لە حەفتەی یەکەمی چوونم بۆ ئوردون بە دوا یەکتردا هاتن، کابرایەکی عەرەبی (محمره) لەو ئۆتێلە دابەزی بوو کە منی لێ دابەزیبووم. ڕۆژانە داوەت دەکرا بۆ ناو عەشایری دەوروپشتی عەممان، پێوەی دیار بوو ڕێزی لێ دەگیرێت و حیسابێکی بۆ دەکرێت... لە وتووێژدا زانی من کێم و بۆچی دوورە وڵاتم بیروڕاکانیشمی بەلاوە پەسەند بوون... هاتە لام

له ژوورەکەم، گوتی من دەوڵەمەندێکی خاوەن چاپم له (محمره)، بەرەو ئەڵمانیا دەڕۆم بۆ ماوەی مانگێک دەمێنمەوه تا مەکینەی نوێ دەکڕم و لێی شارەزا دەبم. پێشنیاز دەکەم بۆت بە هەرچی کەرامەتی مرۆیه قبوڵ بکەیت ببیته شەریکم. حەز دەکەیت بەیەکەوە بچین بۆ ئەڵمانیا و بەیەکەوە بگەڕێینەوە بۆ (محمره) حەزیش دەکەیت لە پێشەوە دەچین بۆ قاهیره، شوققەم هەیه بەسەر نیلەوە، تێیدا بە، لە ماوەی ئەو مانگەدا به دڵی خۆت ڕاببوێره، کە گەڕامەوە لە ئەڵمانیا دەچینەوە بۆ (محمره)... سێ ڕۆژم ماوه (یان ژمارەیەکی دیکەی گوت) تا سەفەر دەکەم چۆنت پێ خۆش بوو ئەو بڕیاره بده! زۆر زۆر سپاسم کرد لەگەڵ عوزر هێنانەوەی نەتوانینی هەڵگرتنەوەی پێشنیازەکەی... دوای دوو ڕۆژ (کەمتر زیاتر) هاتەوه لام گوتی، وا سەفەرەکەم بۆ ئەڵمانیا دەست پێ دەکەم ئەمرت بەسەر چییەوەیه؟ دیسانەوه زۆرم سپاس کرد... ئیتر یەکترمان نەدیتەوه چونکه من ئۆتێلم گۆڕی...

دوو سێ ڕۆژ بوو له عەممان بووم پاش نیوەڕۆیەک لە سالۆنی ئۆتێلەکه نامەیەکم نووسی چەند پیاوێکم لێ نزیک بوون. ئافرەتێکیش لەوان دوورتر لێمەوه به تەنها دانیشتبوو. من له نوختەی گرفتی کاغەز نووسین، کە چەند ئەرکی تێدایه تا پوولی پێویست پەیدا دەبێت و کاغەز دەگاته بەرید و دەخرێته تۆماری ئەو نامانەی بۆ هەندەران دەچن، خولاسه بە دەم ئەو ئەرکە بێلزوومەی نامه بەڕێ کردنەوه بۆ هەندێ لایەنی دیکەی بێبایەخی ژیانی ڕۆژانەوه ڕۆییشتم کە چەند مرۆ ماندوو دەکەن، ئیتر قسه بەم لاو بەو لادا چوو تا ئەو پیاوانه ڕۆییشتن. ئافرەتەکه بەرەو لامەوه هات ئیزنی خواست لەگەڵمدا بدوێت... خۆی ناساند کە ناوی- وابزانم - (منى رمضان) بوو. گوتی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە عەممان دەمێنمەوه خۆم و مێردم و برایەکم بەیەکەوەین حەز دەکەم بیانناسیت، خۆیشم ماستەرم هەیه له ئەدەبی فەرەنسەیی، له کۆلیجی ئەمەریکایی بێرووت و خەریکی دکتۆراشم... گوتی، گوێم لە قسەکانت بوو کە هەرگیز شتی وەهام نەبیستبوو له جۆری بۆچوون و بیروباوەڕ، بۆچی ئەو فکرەت بە زمانێکی ئەوروپایی بڵاوناکەیتەوه؟ له وەڵامدا تێم گەیاند کە حاڵ و بارم چۆنه و نازانم چارەنووسم چییه، له کوێ ئەو دەسەڵاته بهێنم بە ئاوارەیی بژیم و ئەرکی چاپ هەڵبگرم، بە زمانێکیش بنووسم کە باشی نازانم، ئیتر دەبێ زمانزانێک پەیدا بکەم نووسینەکەم بۆ وەربگێڕێته سەر زمانێکی ئەوروپایی.

بەینێک له گەلێک لاوه بۆ بابەتی سەقافی ڕێی وتووێژمان دەرکرد من گۆشەنیگای تایبەتی خۆمم تێدا دەردەبڕین هەتا مەودایەکی درێژمان تێدا پێچایەوه. له پڕ گوتی (أخاف اثقل عليك!) گوتم، یەکێک له بیابانی چۆڵوهۆڵدا دەنگ هەڵبڕێت ئەگەر گردۆڵکەیەکی لێوه نزیک بێت دەنگەکەی بداتەوه هەستێکی ئاشنایی دەکات، ئاخۆ دەبێ من چ قورساییەکت هەڵبگرم کە وەکوو مرۆیەکی هەستیاری هۆشیار بە کۆڵێک بەزەییەوه دەنگم دەدەیتەوه له جیاتی ئەوەی بە بۆشاییدا بڵاو بێتەوه بەرەو هیچ؟ قسەکەی زۆر به دڵ بوو. گوتی من له خێزانێکی دەوڵەمەندم، له بێرووت و له چیا خانوومان هەیه خوایشتت لێ دەکەم خۆت و هاوسەر و منداڵانت، کە هاتنه لات، لێمان مێوان بن... سپاسم کرد و بەڵێنم نەدا. سبەینێ له سالۆنی نان خواردن خۆی و مێردی پەیدا بوون. منی به مێردەکەی ناساند، دیار بوو باسی وتووێژی ڕۆژی پێشترمانی بۆ گێڕابۆوه. له یەکەم نیگاوه هەستم کرد مێردەکەی شناساییمانی بە دڵ نییه (تفضل)ێکی سەرزارەکیی گوت بەڵام به سپاسەوه چوومه سەر مێزێکی نەختێک له هی ئەوان دوور، به

جۆرێکیش دانیشم ڕوو بە ڕوویان نەبم... دوای دوو ڕۆژ بەرەو لوبنان گەڕانەوە. لە یەکترمان نەبیستەوە.

یەکێک لە کۆمەڵەی کۆڕی شەوانەی ساڵۆنی ئۆتێلەکەمان گەنجێک بوو خەڵقی شام، پێوەی دیار بوو بە وردی و بە ئاگاوە گوێ دەگرێتە قسەکانم. پاش بەسەرچوونی دانیشتنی شەوێکیان کە بابەتی وتووێژ ڕووی لە تەسەوف کرد و نەختێک تێدا قسەم درێژ کردەوە، بۆ بەراورد کردن لە نێوان شیعری تەسەوفی عەرەبی و فارسی و تا ڕادەیەکیش هی کوردی، ئەو گەنجە بە پەرۆشەوە گوێی دەگرت و پرسیاری دەکرد. پاش ئەمە هاتە لام لە ژوورەکەم هەڵڕژا، دەرچوو شەیدای تەسەوفە. باسی خۆی کرد کە موهەندیسە لە شام، هاتۆتە عەممان بۆ فرۆشتنی پارچە ئەرزێکی کە ٧٥٠ هەزار دیناری پێ دراوە و خەریکە مامڵەتەکە تەواو دەکات. بەینێک لە بەغدا بووە لای مامۆستا مەلا کەریم بیارەیی، لە ئاستانەی گەیلانی (استمدادی ارشاد)ی کردووە، کە هاتۆتە سەر گەڕانەوە بۆ شام، مامۆستا مەلا کەریم هەواڵەی کابرایەکی کردووە لە شام بەسەر عەرەبانەوە کەلوپەلی فرۆشتووە، بەینێک ئەو مورشیدی بووە. بەر لە مردنی ڕێنمایی کردووە بۆ لای یەکێکی دیکە کە ئێستا بە بیرم نەماوە چۆناوچۆنی لەیەک ترازاون، ئیتر پاش ئەو کابرایە وەکوو گومڕا ماوەتەوە تا ئەمشەوە، کە پاش چەند شەوێک لە بابەتی هەمەچەشنە، من هاتوومە سەر باسی تەسەوف. گوتی وازت لێ ناهێنم دەبێ مورشیدم بیت، دەچینە شام من بابایەکی دەوڵەمەندم ٧٥٠ هەزار دینارەکە بەشێکە لە داراییم – تۆ مامۆستا و من مرید هەتا لە گەرداوی سەر گێژیم ڕزگار دەکەیت و تا چەندێکی خۆت ئارەزۆتە فەرمانبەری تۆ دەبم... بە پەرۆشێکەوە قسەی دەکرد بەزەییم پێدا دەهاتەوە کە ناتوانم چارەسەری دەردەکەی بکەم. پێم گوت براله من بۆ ئەم ڕێگایە خەڵق نەکراوم. ئالوودەی دنیا بووم و قەرزداری خوام لە نوێژ و ڕۆژوو... چەندێکی بەند و باڵۆرەم بۆ گوت نەیسەلماند... تەنانەت کە بەدوامدا هاتن بگەڕێمەوە بۆ عێراق، نەموێرا پێی بڵێم و تێی بگەیەنم و دوعاخوازیی لێ بکەم. نەمزانی دوای من چی کرد و سەری بە چییەوە نا...

لە چەند لایەکەوە کۆمەڵەی نهێنیی سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی لە میسر و لە لوبنان و لە عێراق سەریان لێ خوار کردمەوە بە نیازی نزیک بوونەوەم لێیان و تێکەڵ بوون لە چالاکیەکانیان. لە هەموانم گەیاند کە من پێوەندیم بە هیچ کەس و لایەن و ڕێکخراوی سیاسی و ئاینی و هونەری و وەرزشیەوە نابێت، دەبێ بە تەواوی سەربەخۆ و ئازادی فکر و چالاکیم بم، دەنا کەڵکم پێوە نامێنێ چونکە بایەخێک لە بیروڕاکانمدا هەبێت ئەوەیە کە فکری غەیر کاوێژ ناکەمەوە و بە سازی هیچ مۆسیقاژەنێک ناڕەقسم. کە هاتم بەڵگەی هەر کام باوەڕ هەیە بکەم بە پاڵپشتی بۆچوونی خۆم ئیفلاس دەکەم چونکە ئەو بەڵگەیەم لە سەرەتاوە لە لایەن شتێکی من ڕەخنەی لێ دەگرم ڕەفز کراوە، بەرنامەی من ئەوەیە هەتا بۆم بلوێ بەڵگەی ڕاست نەبوونی باوەڕێکی ڕەخنەی لێ دەگرم لە بەڵگەنامەی ئەو باوەڕەوە هەڵێنجم، ئنجا بێمە سەر هەڵێنجانی بەڵگە لە ڕووداو و لە تەجرەبە کە شتێک بە درۆ دەخەنەوە یان بە ڕاستی دەگێڕن، ڕەنگە لە پلەی سێیەمدا پەنا ببەمە بەر بەڵگەی هۆشەکیی (عەقلی) ڕووت...

جگە لەم تاکانە و کۆمەڵەی سەر بە ئاین و غەیری ئاینیش، لە لایەن نوێنەری میسر و ڕاسپاردەی سووریەش بانگهێشتن کرام. میسر ئەو دەمە سەفیری لە ئوردون نەبوو سەفارەتخانەی لە لایەن کاربەدەستی پلە نزمتر لە سەفیر و (وزیر مفوض) دەگێڕدرا. لە ژووری بەرپرس و سەرەک نووسەرانی

ڕۆژنامەی (الدستور) موستەشاری سەفارەتی میسری، کە یەک دوو فەرمانبەری دیکەشی لەگەڵدا بوو، بە ناوی سەفارەتەوە پێشنیازی کرد بچم بۆ میسر و لەوێ بژیم تەنانەت ئەدرەس و نومرەی تەلەفۆنی خۆی لە قاهیرەش خستە سەر کارتەکە تا ئەگەر هەر ڕۆژێک ویستم و لە قاهیرە بوو، دوودڵی نەکەم لە چوون. سپاسم کرد و لەوەندە بڕایەوە، بەرژەوەند نەبوو ئەو دەمە بە هاتوچۆوە یان بە تەلەفۆن پێوەندیم پێوە بکەن چونکە نێوانی میسر لەگەڵ ئوردون بە ڕواڵەت پچڕا بوو... هەر چی سووریە بوو، ناسیاوی خۆمی ڕاسپارد لە زاری بەرپرسێکی گەورەیانەوە، کە مێوانی ئەوان بم، تەنانەت ئەو بەرپرسە داوای (اعادة التوازن)یشی کردبوو، پێشتر دانەیەکی بووبووە هی ئەو (منی رمضان)ەی باسم کرد... هەڵبەت وەڵامی سووریەشم دایەوە بە نەچوون.

لایەنی ڕابواردنی ڕۆژانەم لە ئوردون ئاسوودە بوو، هەرچی سەغڵەتی هەبوو لێم نەبوو، چی بۆ یەکێکی وەکوو منیش لە مجێز بێ هەبوو. فیلمی ئەوتۆم دەدیت هەرگیز لە عێراق نەمدیتبوون و وەک هی ئەوانیشم نەدیتبوو... خواردنیان لایەنی (تیژی) لێ دەرچێ کە من زۆر مەیلی ناکەم و خۆشم لێی دەپاراست، تا بڵێی خۆش و بەلەزەت بوو، گیرفانیشی تەنک نەدەکردی. دوو لۆقنتەم کردبوون بە سەرشار، یەکێکیان (شعبی) بوو خاوەنەکەی کە خۆی چێشتلێنەریش بوو، بەینێکی چەند ساڵی لە بەغدا و لە ماڵی وەزیرێکی سەردەمی بەر لە تەمووز بە چێشتلێنەر ڕابواردبوو، لە تەبیاتم شارەزا بوو کە دەیزانی عێراقیم... زۆر چاودێری دەکرد لە خواردنی ئەوتۆ بە کەیفی من بێت. ئەگەر لە لیستەی خواردنی سبەینێ شلەیەک نەبوایە بۆ من دەست بدات هی ئەو ڕۆژەی بۆ هەڵدەگرتمە سبەینێ، دەیخستە سەلاجەوە. بەردەستەکانی ببوونە ناسیاوم، ڕۆژێکی بە عادەتی خۆم نەچووبامایە بۆ ڕۆژی دوایی پرسیان دەکرد بۆچی نەچووم... یەکێک لەو بەردەستانە شکایەتی لە زگێشە دەکرد. ئەوەندەم خۆ بە قەرزداری ئوردون دەزانی پێم گوت برۆ بۆ لای دوکتۆر چەندێکی مەسرەفی ویست نیوەی عایدی من بێت... بەدڵ سوپاسی کردم بەڵام لێمی نەسەلماند. بۆ ڕەواندنەی دوودڵییەکی هەیبێت سوێندم بۆ خوارد کەچی دەڵێم هی سەرزارەکی نییە... مەردانە و لە ناخی دڵەوە گوتی (سید! من قال فعل)، ئەم قسەیەی زۆر کاری تێکردم، چاوم لێ بز کردەوە بەینێک تێم ڕوانی و تێی ڕوانیم. من بە هەستێکی بریندارەوە چونکە وەهام بە دڵدا دەهات دەردەکەی دەروونیە و بە برینکاری نەبێ چاری ناکرێت و ئەوەندەشی لە دەستدا نییە مەسرەفەکەی تێهەڵبێت تەکلیفەکەم سێبارە کردەوە سوودی نەبوو... چی من دەمکرد شتێکی عادەتی و عادەتیش کەمتر بوو چونکە چەندێکی لێم خەرج کردبایە نەیدەکردە بیست یەکی ئەو فاتۆرانەی لە لاوە بۆم دەفع دەکرا واتە کوردی گوتەنی، دۆنی خۆی لە سەری خۆی! ڕاستییەکەی وەهام حیساب دەکرد کە لە پارەی خۆی بۆی دەژمێرم، بەڵام لەوەوە دەماری مەردایەتی و ڕێز لە خۆنان دەیخستە سەر سەلماندنی شتێک کە بەلایەوە عادەت بەدەر بوو ئەگینا ڕۆژانە ئەو هێندەی قبوڵ دەکرد کە بۆم دەنایە پاڵ نرخی خواردنەوە.

چێشتخانەیەکی دیکەی زۆر قەشەنگ هەبوو بە ناوی (عمر الخیام) لە سەرووی بینایەکی شەش نهۆمیەوە بوو، لە دوو لاوە بەسەر عەممانیدا دەنۆڕی. تا بڵێی فێنک و بە خزمەت و ڕێکوپێک و خواردنەکانی هەمە بابەت و زۆریش نایاب. حەفتەی دوو جار بە ڕۆژ بۆی دەچووم وەها دەبوو لە داوەتدا

شەویش لەوێ بەسەرمان دەبرد. دەست و پاوەندی ئەو چێشتخانەش بووبوون بە ناسیاو، لە تەبیاتم شارەزا بوون. سەلاتەیان بۆ دەهێنام لە قاپی قووڵدا، ماست و خیاریان بە جودا دادەنا، پەرداغی شۆراوی نەسڕاوەیان بۆم ڕیز دەکرد چی بۆ ئاوە چی بۆ پێپسیە... چایەیان بە تاقمی تەواوەوە لە پێش دادەنام...

لیستەی خواردنمان ناونابوو (وثیقة اعلان حرب) فاتۆرەش بووبووە (براءة الاطلسي) وا بزانم لە ١٠٪ خزمەت ناوی (پرۆتۆکۆڵ)ی وەرگرتبوو... ئیتر دەیانگوت (نجیب براءة الاطلسي) منیش دەمگوت (مع البروتوکول)، باوەڕ بفەرموو خوێنەری ئازیز ئەم جۆرە ڕەفتارە و کردارەمان تام و شامێکی زیادی دەخستە سەرلەبەری دیدەنییەکە و خواردنەکە و وتووێژەکانمان... بە دەگمەن نەبێ، یەکێکیان هەمیشە لێم نزیک ڕادەوەستا وەیا قسەم لەگەڵدا دەکرد، هەرچۆنێکیشم ویستبایە و هەر جۆرە خواردنێکی داوام کردبایە، ئەگەر لە لیستەشدا نەبوایە، بە پێی ئارەزۆم دەبوو، کە ئارەزۆیەکی دۆستانە و لەسەر شانانیان سووک بوو... ئاخر ژەمی نیوەڕۆژم لەو چێشتخانەیە بوو ئیتر دوعاخوازیی ماڵئاوایم لێ کردن...

گەڕانەوەم بۆ بەغدا لە ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٢٠ بوو، تەیارەکەمان لە شەودا دەفڕی پتر لە سەعاتێک لە کاتی خۆی دواکەوت بێ ئەوەی بزانین هۆی وەخرانی چییە... کە بە ڕیز بەرەو پێپلکەکانی تەیارەکە دەڕۆییشتین، ڕێککەوت وەها بوو دوو کەسی پێش منەوە کورد بوون گوێم لە قسەکانیان بوو، یەکیان بە ئەوی دیکەی دەگوت سا بەخوا ئەم تەیارەیە نامانگەیەنێتەوە بەغدا... کاتێک بە ئاسمانەوە بووین کاپتنی تەیارەکەمان بە مایکرۆفۆن عوزرخوازی کرد لە وەخرانەکە، گوتی شوێنێکی تەیارەکە سەقەت بووبوو تا ساز بۆوە ئەو ماوەیەی خایاند... گۆیا دڵدانەوەی دەکردین کەچی مژدەی سەقەت بوون بە درێژاییی فڕینمان خەیاڵمانی دەڕووشاند... بۆ بێتاڵعی ئەو کوڕە کوردە بە نوکتە و بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێزی خۆ هەڵدانەوەدا بە برادەرەکەی گوت، نەمگوت نامانگەیەنێتەوە بەغدا؟ ئیتر من و دوو کەسی ئەهلی ماڵەوە کە بە دوامدا هاتبوونە عەممان تا گەییشتینە سەر خاکی فڕۆکەخانەی بەغدا ئەو موژدە خۆشەی کاپتنەکە و پێشبینیە گەشەکەی برا کوردەکە بە جووتە لە پەردەی مێشکمان دەشنایەوە. ئێمە ڕۆڵەی زەویین، لە تاقی ئاسماندا هەمیشە سڵ و قوتاغین هەتا پێ دەنێینەوە سەر خۆڵە پەتە...

ئەم دوازدە ساڵەی ١٩٧٨ هەتا ئیمرۆکەی ١٩٩٠ جارێ زۆر بەرچاوە. وەک کە سەندباد حەفت گەشتی دەریایی کرد منیش شەش بەشی گەشتەکەم بۆ خوێنەری کورد دەور کردەوە بەشی حەفتەمین با بمێنێ بۆ ڕۆژێک لە ڕۆژەکان و بارێک لە بارەکانی سازگارتر، بە ڕێزەوە...

١- ڕێکەوتەکە بریتی بووە لەوەی کە قافڵەی تیجارەتی حاجی ئەسعەداغای خاڵۆزای باپیرم لە سەفەرێکی بەرەو کودستانی ئێران ڕێگران بە تاڵان دەیبەن و دەکەوێتە بەر دەستی هەمزاغای مەنگوڕ. قافڵەکە هەموو دارایی حاجی ئەسعەداغای تێدا بووە، لە سەر تەکلیفی ئەو، حاجی مەلا عەبدوڵڵا دەچێ بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قافڵەیە. کە دەگاتە لای، هەمزاغا بێ خۆخوراندن ماڵەکە دەداتەوە. لەو چەند ڕۆژەی مێوانداری کردنی حاجی مەلا عەولا لە لایەن هەمزاغاوە نوکتە و لەتیفە ڕووی داوە، یەکێکیان ئەوە بووە کە هەوەڵ شەو کاتێک نان دەهێنن بۆ مێوانان حاجی مەلا عەبدوڵڵا دەست نابات بۆ خواردن هەمزاغا لە سەبەب دەپرسێت، باپیرم پێی دەڵێ: هەتا نوێژ نەکەیت و بەڵێنم نەدەیتێ لەسەری بەردەوام دەبی نانت ناخۆم... خولاسە دوای بەڵێنەکە نان دەخورێت. لەوە بەولاوە چەندێکی لە دیوی کوردستانی ئێران هەمزاغا کۆییەکی دیتبێت دەیکات بە شایەدی نوێژکردنی لای باپیرم و نوێژەکەش لەبەر چاوی کابرا دەکات. وەختێک دوای نانی شەو قەننەی تووتنی بۆن خۆش بۆ باپیرم دەهێنن، مۆدنەقەننەکەی لە غایەت بەدەر نازدار دەبێت. هەمزاغا دەڵێ: جەنابی مەلا با حیکایەتی ئەو مۆدنەیەت بۆ بکەم ئنجا سەرپشک بە لێی، گوتبووی جارێکیان لە تاران بووم شای ئەو دەمە (ڕەنگە مظفرالدین بووبێت) داوەتێکی کرد منیش بانگهێشتن کرام... دوای خواردن کە ئەغڵەب کەچک و وردە ئامرازی تێدا خواردن لە زێڕ دروست کرابوو، بەقەدەر ژمارەی ئەو خەڵکە مۆدنە قەننەی وەک ئەمەیان بە قەننەکانەوە کرد، کە قلیان تەواو بوو مۆدنەکانیان کۆکردەوە... بەرپرسی قلیان گوتی مۆدنەیەک دیار نییە، ئەو خەڵکەیان پشکنی مۆدنە نەدۆزرایەوە... کە گەڕامەوە مزڵ کوێخایەکی لەگەڵمدابوو لە گێڕانەوەی باسی بزر بوونی مۆدنەکە گوتی: ئاغا مۆدنەکە بە منە (لای منە)، پرسیم چۆن لە پشکنیندا بەسەریان نەگرتەوە، گوتی ئاغا هێندەم پێ حەیف بوو ئەو شتە جوانە لە دەست بدەم، دەرفەتم دیت مۆدنەم لە پاشەڵی خۆم نا... ئنجا قوربان خۆت موختاری!! هەمزاغا ئەوەبوو لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری شۆڕشی نایەوە لە کوردستانی ئێران.

٢- شێخ حسێن لە کۆتایی هاوینی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد.

٣- هەندێ زانایانی یۆنان بەر لە ئیفلاتوون گوتبوویان زەوی دەسووڕێتەوە بەڵام قسەیان دەنگی نەدایەوە، چۆنایەتی ئەو سووڕانەوەشیان شەرح نەدا وەک کە کۆپەرنیکۆس کردی... ئەم قسانەم لە چاپەمەنی خوێندۆتەوە نەک گوێ بیستیان بووم.

٤- من لە نووسینی دیکەمدا گوتوومە «لە چنارۆک بەوەلەد بووم» بەڵام دەرکەوت ئەمە هەڵەیەکی بێمەبەست بوو لە منەوە چونکە کە لە دایکمم بیست دەیگۆت: کە تۆ بوویت مشتاغی ترێ (لە چنارۆک) ڕاخرابوو. لەوەڕا وەهام دادەنا کە ماڵمان لە چنارۆک بووبێت، دەنا بۆچی دایکم مشتاغی چنارۆک بکاتە دروشمی کژی هاتنە دنیام. لە مندا تەبیاتێک هەیە باشیشە و خراپیشە: کە قسەیەک بە ڕواڵەت ئاشکرا و بێ پێچەکە و خوارەکە بێت پرسیاری بە دەورەوە هەڵناستێنم، تەنانەت ئەم تەبیاتەم لە ساڵی ١٩٨٢ کە هەوەڵ جار پرۆستاتم لێ بەخەبەر هات قسەیەکی دکتۆرەکەم کە بەلامەوە دەلالەتی ئاشکرا بوو،

تەبیاتەکەم لێ نەگەڕا پرسیاری ورد بکەم و روونتر لە مەبەستی دکتۆر بگەم، ئیتر عەمەلیەتی پرۆستاتەکەم وەخرا هەتا ساڵی ١٩٨٨ کە خەریک بووم تێدا بچم.

٥- ئەو ناز پێدراوییە لە حورمەتی باوکمەوە وەهای کرد لە تەمەنی منداڵی دوای چوار ساڵیمدا بە درێژایی کژی سەرما هەمیشە لە ماڵمان سینی پەقلاوە هەبێت کە زۆرم حەز لێی دەکرد، ئەو پەقلاوەیە لە ماڵی جەمیلاغا و حەماغا و مەلا ئەحمەداغای سلێماناغاوە بۆم دەهات ئەمما پەقلاوە نە قەشمەری. یەک جار تووشی ئەو پەقلاوەیە بوومەوە، ئەویش کە حاکم بووم لە سلێمانی، نیوەڕۆژەیەکمان لە ماڵی حاکم ئەنوەر یەکتا بەڕێ کرد. بێ زیاد و کەم، کە بەر لە بیست و ئەوەندە ساڵە بە منداڵی تامەزرۆییم پێی دەشکاند، هەمان بابەت بوو.

٦- دەستخاوێنی لێم داوا دەکات شایەدییەک لە باوکمەوە بگێڕمەوە: دوای گەڕانەوەی ئینگلیزەکان، رۆژێک باوکم و جەمیلاغا لای حاکم سیاسی بوون، حاکم گوتبووی بڕیارمە تایفەی غەفووری کە پشتیوانی تورکەکان بوون لە کۆیە دووربخرێنەوە. جەمیلاغا بەدەنگ دێت و دەڵێت: بەو پێیە دەبێ ئێمەی حەوێزیش ئاوارە بکرێین نەک هەر غەفووری چونکە هەردوو تایەفە دەمێکە لەنگەری شارەکەیان ڕاگرتووە، یەکێکیان بێ ئەوەی دیکە هەڵ ناکەن. بەمەدا ئینگلیزەکە وازی لە نیازەکەی هێنابوو.

٧- چەند لاپەڕەیەک پێشتر ڕوونم کردۆتەوە زادگای من کۆیە بووە نەک چنارۆک.

٨- حاجی قادر لەو نامەیەی بۆ باپیرمی ناردووە بەیتێکی یادی چنارۆکی تێدایە دەڵێ:

لە خۆم ئاگر هەڵێنم وەک چنارۆک
لە چاوم گریە دەربێ وەک حەمامۆک

ئاگرهەڵێنانەکە لەو ڕووەوەیە کە وشەی «چنارۆک» وشەی «نار» ی تێدایە ئیتر حاجیش حەقیەتی لە دەروونددا «وەک چنارۆک» ئاگر هەڵێنێت. قسەیەکیش لە کۆنەوە گوتراوە گۆیا کە چنار زۆر پیر بوو لە خۆوە ئاگر هەڵدێنێت.

٩- دواتر لە ئەڵقەکانی ئایندەدا باسی بنەماڵەی شێخ کەریم دێت.

١٠- حەوێز کوڕی نەجمەددین و نەوەی وەستا محیەددینە. ئەو وەستا محیەددینە لە گرانیەکەی ١٩١٧ پاسەوانی قەیسەری کۆن بووە. شەوێکیان دەستەیەک لە مرۆی بێئینساف بە نامەی پێداویستی کفن بۆ مردوو دەرگای قەیسەریەکەی پێ دەکەنەوە و سەری دەبڕن، مێرد منداڵەیەکیشی لەگەڵدا دەبێ چەندێکی لە بەریان هەڵدێت و لێیان دەپاڕێتەوە دادی نادات، ئەویش سەر دەبڕن. چەند دوکانێک لە قەیسەری تالان دەکەن. هەر لێرە هەتا بڕانەوەی دنیا لەعنەت لە ڕوحی زۆردار و خوێنڕێژ بێت.

١١- مەلا عەبدووڕەحمانی کاکی جەلی چوار برای لە خۆ گچکەتری هەبووە. لەمانە برای سێیەم (مەلا مەحموود) باپیرە گەورەی تیرەی ئامۆزا محەمەد بووە. برایەکیان چووە بۆ شام و بۆتە مریدی مەولانا خالد و کچە برای دەخوازێت و لەقەبی (داماد) وەردەگرێ.

١٢- وام لەبیرە پێشڕۆی ئاغاکان ناوی عارەباغا بوو. باوکم خۆشی دەویست و منیش دڵم بۆی دەکرایەوە، مەیلیشی وەک بە تێوەڕامانی ئەو دەمەم بۆم دەردەکەوت، خاکی و دیندارانە بوو. ساڵەهای

دواتر لە هەولێرم دیتەوە، هاتە سەردانی باوکم کە مێوانی مەلا ئەفەندی بوو لە باداوە.

١٣- لە نووسینی هەوەڵ جاری یاداشتەکانم لە زیمنی باسی حەمەدی ڕەش، چاوپۆشیم کرد لە هەواڵێکی تایبەت بە تەجرەبەیەکی یەکجار دەگمەنی خۆم کە پێوەندی حاڵەتی هەستی ونم بە ڕووداوی کوشتنی ئەو کەڵەدزەوە هەیە... دوای نووستنەوەم خەونێکم دیت خوێنەر دڵنیابێ لەوەی یەک زڕڕە بەسەرەوەنانی تێدا نییە. لە خەونمدا وام زانی من خەبەرم بۆوە لەو نوێنەی تێیدا بووم ڕۆژ تەواوێک بڵند بووە، دوو ئافرەتی گەڕەکی خۆمان لە بەر دەرگەی ماڵمان کە شوێنی لێ نووستنی من بەسەر دەرگا و کۆڵانە و جێگەی ئەو دووژنەیدا دەنۆڕی وتووێژیان دەکرد: یەکیان گوتی تەقەی ئەو شۆکە حەمەدی ڕەشی بەر کەوتییە. ئەمەم لە خەوندا بیست و بەخەبەر هاتم دیتم جارێ زۆر زووترە لەو کاتەی لە خەودا دەمدیت بەڵام خەڵقەکە لەسەربانان پێیانەوە دیاربوو قوتەقوتی شتێکیانە کە من جارێ نەمدەزانی چییە... هەڵستام و پرسیارم کرد چ بووە ئیتر زانیم حەمەدی ڕەش کوژراوە... کە خەبەرم بۆوە سەیری دەرگام کرد پێوە درابوو نەک داخرابوو کەسیش لەم دیو و ئەو دیوی دەرگەکە پەیدا نەبوو... دوودڵی هەوەڵ جارم لە نووسینی ئەم تەجرەبەیە لەوەوە بوو کەوا ڕەنگە ببێتە جێی نەسەلماندن و دەمەتەقەی باوەڕکردوو و باوەڕنەکردوو، سەرەڕای ئەوە کە نەنووسینی دەخلێکی نابێ بەسەر هیچ سەروبەرێکی گەشتی ژیانم. ئەوانەی لێم شارەزان دەزانن زۆر جاران خەونی ڕاست دەبینم، لەو ساڵانەی دووای عومری ٥٠-٦٠ ساڵیم زۆر لەو خەونانەی دەمەو عەسر دێتە بەر زەینی نووستووم دێنە جێ، لە هێندێکیشیان ترسم ڕێ دەنیشت وەک خەونێکی ١٩٧٤ دیتم و هەموو ماڵەوەم تێ گەیاند ئاگاداری خۆیان و منداڵەکان بن، قەزا و قەدەرێک بەڕێوەیە، دەرچوو خۆم زەدەبووم و برینکاریم بۆ کرا و شەش شەوان لە خەستەخانە مامەوە، چوار دکتۆر بەسەرمەوە بوون، بەر لەوەی بەنج بکرێم پێم گوتن ڕەنگە ئێوە کە ڕێبازی «علمانیە» تان لەبەرە باوەڕ بە هەندێ ڕووداوی نەفسی و سۆسەی دەروونی نەکەن بەڵام بڕوا بفەرموون من لە پێرێوە ئەم برینداریی‌ەی خۆمم لە خەوندا دیت... هەر چواریان گوتیان فلان ئێمەش باوەڕیمان هەیە وەک تۆ بە ڕاست بوونی گەلێک لە دیاردەی دەروونی. ئەمە دەنووسم وەک ئەوەی قەرز بدەمەوە وای حیساب دەکەم، تۆش خوێنەری بەڕێز خۆت و قەناعەتت و باری نەفسی و دەروونیت!!

١٤- حەزم کرد ئەم ڕەفتارە دەلالەتبەخشەی باوکم لێرەدا تێ چێنی چاپی دووەمی «گەشت» بکەم: باوکم بەو قەڵەباڵغییەی کە لەگەڵیدا بوون لە هەڵەجەی شێخ مارفی شێخ کەریمی بەرزەنجی بەڕێ دەکەون، شەو لە دێی شاخەپیسکە بە مێوانەتی لە دیوەخان و ماڵی حسێناغای غەفووری مێوان دەبن. باوکم دەیزانی لەو شەوەدا مانگ دەگیرێ... لێکدانەوەی کردبوو کە ئەو هەموو تفەنگدارانە لە دەمی مانگگیراندا تەقەی تەقلیدی بکەن هەتا مانگ لە دەست شەیتان دەردەهێنن لەوانەیە زەرەری ماڵ و گیانیشی لێ بکەوێتەوە، ئیتر ئەمر دەکات سەر لە ئێوارە بانگ ڕادەهێڵن ئیمشەو مانگ دەگیرێ و لە مەلای گەورەوە ئەمرە کەس تەقە نەکات. بەم جۆرە مانگگیران و شەوەکە بە هێمنی بەسەرچوو.

١٥- باوکم کە دەگاتە تەرجەمەی قسەی مەلیک فەیسەڵ لە بارەی سەلاحەددینەوە پێی دەڵێ ئەم مەوزووعە دەیەوێ پتر ڕوون بکرێتەوە. مەلیک دەڵێ خۆت موختاری چۆنی دەتەوێ وەها بفەرموو. ئیتر باوکم شکڵ موحازەرەیەک لەسەر دەوری سەلاحەددین و کورد دژی خاچهەڵگران [خاچپەرستان] دەدات،

عالەمەکە سەرسام دەکات، لە برە شیعرێکیشی ئەم بەیتەی لە بارەی رۆڵی کوردەوە گوتووە (وەک دەقەکەیم لەبیر مابێت) ئەمەیە:

لەپاش حەربی صەلیبی، ئاسیایی
دەبوو مەمنوونی کوردان بن وەکوو عەبد

١٦- ئەم ژوورە باسکراوەی باپیرم لەوەتەی کە من بە بیرم دێ تێیدا نووستووم و خەڵقی ماڵەوەش وەکوو من. شەوان کە سەرم دەخستە سەر سەرین هەتا خەوم لێ دەکەوت تەپەتەپ و ڕەپەڕەپێکی بەردەوامم دەبیست دەتگوت یەک دوو کەس کاری زۆرخانە دەکەن لە ژێر زەمینێکی مەوهوومی بن ئەو ژوورەدا. ئەهلی ماڵەوە هەرچی بە شەو لەو ژوورەدا نووستبێت ئەو دەنگەی بە ئاشکرایی و بەردەوام بیستووە. چەندێکی خەیاڵم لێ کردووە و خەیاڵیان لێی کردووە سەرەدەریمان لێی نەکرد. من لە ساڵی ١٩٦٥ ەوە تێیدا نەنوستووم، بەر لە هاتنیشم بە ماڵەوە بۆ بەغدا، چەند ساڵێک بوو لەسەر چاربایەک دەنووستم نەختێک مەسافەی هەبوو لەگەڵ ئەو شوێنی کە دەنگەکەی بە ئاشکرایی لێ دەبیسترا. ئیتر نازانم لە حاڵی ئێستاکە کە کرێگرتەی تێدایە ئەو دەنگە ماوە یان نەماوە.

١٧- نازانم ڕاستینەی ناوی ئەو گوندە «سەران» ـە یاخود «سەڵان - سەلان» ـەخەڵقەکەی ئەو ناوە دەڵێن «سەران» چونکە ئەگەر سەڵان - یش بێت هەر دەڵێن سەران وەک کە بە شەقڵاوە دەڵێن شەقراوە. ڕێی تێدەچێ سەران بێت لەبەر بەرزایی جێگەکەی.

١٨- بابای کاغەز نووسیش زۆری نەبرد پاش ئەو درکاندنەی من بە ڕێکەوتی ئۆتۆمۆبیل گیانی سپارد. حاڵی زیندوو ئەمەیە دوای مردنی فارس گوتەنی: «توگوئی کە اصلا ز مادر نەزاد». ئەم تیوەرێخەم، لە بەغدا، لە پێدا چوونەوەم بە «گەشتی ژیانم» دانووسی، ٢٦-١١-١٩٩٤ .

١٩- مستەفاغا لە حەوێزییان و پیاوێکی بەرچاو و ئەدەبدۆست و مێژووناس و حیساب ڕاگری ساڵ و مانگ و کژەکان و فارسیزان و بەوەفا و قسەخۆش بوو. من بە دڵ خۆشم دەویست، لە مەجلیسی تێر نەدەبووم. نوکتە و ڕەفتاری سەر بە گەپ و مەیلەو مەلای مەشوورانەی هەبوون مرۆ پێیانەوە دەگەشایەوە. لە وەچەی بەرچاو ئەحمەد دڵزار و کەریم شارەزا و خاتووفریشتەی لێ بەجێ ما، هەر سێیان شاعیرن. لە تازیەی مامم، ساڵی ١٩٥٢، تازە شۆڕشی میسر بەرپا بووبوو، ئێوارەیەکیان مستەفاغا، کە ڕۆژانە و شەوانە لە تازیەکەماندا بەشدار بوو، بەو سەراحەتەی لە قسەکانیدا هەبوو لەگەڵ خەفەتی بۆ مامی دەخوارد، بە دەم قسانەوە گوتی: دەڵێن ئەجەل ئەجەل، وا من حەفتا ساڵم ڕابوارد - سوێندی خوارد - چارپینەشم بکەن ناگەمەوە ساڵێکی دی... دوای چەند مانگێک کە لە سلێمانی حاکم بووم خەبەری مەرگی هات. ئەو خەبەرە بۆ من، هەم لەبەر مەحەببەتێکی ئێمە بۆ ئەومان هەبوو ئەویش بۆ ئێمەی هەبوو، هەم لە پێشبینی مەرگی خۆی کە لێم بیستبوو، پتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا بۆی پەرۆشدار بووم. وا دەزانم بە عەینی پەرۆشەوە کاغەزی پرسەم بۆ شارەزا نووسی.

٢٠- ئەم دەربەندە وەهای کردووە بە دیوی لای ڕۆژهەڵاتی بگوترێ: پژدەر (پشت دەر - پشدەر - پژدەر) دیوی ڕانیەش بەردەر. لە کتێبی «صبح الاعشی» ی قەلقەشەندی بەر ٥٠٠ ساڵێک پێگوتراوە

دەربەندی «قرایر». وشەی «قەرایر – قرایر» لە سەرچاوەی مێژوویی ناوی هەیە بەڵام دەقەکەی نەختێک جودایە وەهام لەبیرە وشەکە شتێکی وەک «کوریرا» بێت. لەبارێکدا نیم دەستم بەو سەرچاوانە ڕابگات. تەقڵ و شەقڵی ڕۆژگار ڕێی پێ نەدام کتێبخانەی ڕێک یان نارێکم هەبێت. لەم ڕۆژانە پێی دەڵێن دەربەندی ڕەمکان چونکە بە دیوی ڕانیەدا تیرەی ڕەمک جیرانی دەربەندەکەیە.

٢١- وشەی «سافیلکە) ڕێژەی بچووک کراوی «ساف» ە بە واتای لووس و بێ گرێ. هێندێک دەنووسن «ساویلکە» هەڵەیێکی ڕێزمانی ئاشکرا دەکەن چونکە ئەمیان چووک کراوی «ساو» ە نەک «ساوا» وەک کە هەندێک دەڵێن. هەر وەک «گەدا» نابێتە «گەدیلە» یاخود «زانا) نابێتە «زانیلکە» هەروەها «ساوا» ش دەبێتە «ساواییلکە» کە بمانەوێ بۆ ئەم ڕێژەیەی «سافیلکە» ی ببەینەوە دەنا حەقی ئەوەیە بگوترێ: ساوایۆکە، زانایۆکە، ساوالە، زانالە.

٢٢- باوکم لە وەرامی نامەیەکی مەلا عاریفدا، هی دەمی گەنجایەتی، وا پێ دەچێ وشەی کوردی لە نامە عەرەبییەکەی بەکار هێنابوو، بە هەڵبەستی کوردی – عەرەبی – فارسی تێکەڵ، بڕە شیعرێکی بۆ دەنێرێتەوە کە ئەم دوو سێ بەیتەیانم لێ بەبیر دێنەوە، بەداخەوە بڕە شیعرەکە نوسخەی نەما و لەپاش مەرگی مامم لەبیران چۆوە:

چشمتي از دوريەت گريانةٌ
اشكها افتانةٌ خيزانةٌ
عنكبوتُ پەردەدارُ خلوتي
عضرفوتُ هەمنشينُ حجلتي

دوای چەند بەیتێکی دیکەی ئەوتۆیی، لە زەمینەی سپاسگوزاری خزمان بۆ هەڵکەوتوویی مەلا عاریف، ئەم بەیتەشم لەبیر ماوە:

حمد لله عارف ما شد اديب
لايەقە شيعری لەبەرکا عەندەليب

لەم بەیتەوە دیار دەکەوێ نامەکەی مەلا عاریفیش شیعر بوو.

٢٣- زۆری نەبرد دوای نووسینی ئالقەکانی گەشتی ژیانم، لە هەشتاکاندا، محەمەد حەوێز کۆچی دوایی کرد. کچێکی زێدە نازدار و پێگەیشتووی ئۆتۆمۆبێل شێلای، مەرگی ناکامی ئەم کچە جێی کەسەری هەموو ناسیاوێکیان بوو، باوکیشی بە خەفەتی ئەوەوە خێراتر بەرەو مەرگ چوو... بەداخەوە.

٢٤- مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، دوای دەرچوونی گەشتەکە، بە ڕەحمەتی خوا شاد بوو، بەر لە مەرگی چەندێکی سەردانی سلێمانیم کردبێت چوومەتە خزمەتی.

٢٥- بەیتارێکی خەڵقی سلێمانی، وابزانم عەزیز بەگی ناوبوو، دوای دابەزینی نرخی تووتن و ڕووت بوونەوەی خەڵقەکە، نەقڵی کۆیێ بوو. زۆر ناوی ئەو تووتنەوانەی بیستبوو بە سەخاوەت و زێدە سەرف، مەشوور بوو بە سێو و پرتەقاڵ و فستەقێکی کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنایە نادی مەئموران. عەزیز بەگ

هەوەڵ چاو پێ کەوتنی ئەوە بوو بە بەرگی شڕ و بێ کەیف و زەوق لە جیاتی فستەق تۆ بەربەڕۆژەی لە باغەڵ دەردەهێنا... گوتبووی: بابڕوا ئەم گـ... تۆ بەربەڕۆژەم بۆ ئەقرتێنیٚ...

ڕاستە دەڵێن کەسێکی بە گەورەیی فێری پڵاو خواردن بێت پاروو بۆ لووتی دەبات.

٢٦- ئەو دوو کەسە چالاکە، یەکیان عوسمان مستەفا خۆشناو، ئەوەی دیکەیان فاتیح ڕەسووڵ بوو. عوسمان مەستەفا لەگەڵمدا پتر بە لای سەقافەتدا دەهاتەوە، هەرچی فاتیح ڕەسووڵ بوو بەلای سیاسەتدا، هاوینی پار (١٩٩٣) دوای چەندین ساڵ لە هەولێر دیتمەوە زۆر بە گەرمی ئامێزی لێ دام، تەجرەبەی تفت و تاڵ لە سیاسەت و حیزبایەتی و غەریبایەتی خستبوویە بیروڕا و قەناعەتێکەوە پێوەندیی نەبێ بە تیژڕۆیی چلەکان و پەنجاکانی. عوسمان مستەفا وەک جاران هێمنە و پتریش لە جاران دۆستمە تا ئەوەی بڕە شیعرێکی ناسک و شلکی پێم ڕەوا دیتبوو، لە گۆڤاری ڕەنگین بڵاوکرایەوە.

٢٧- لەڕێی عیززەدینی مەلا ئەفەندییەوە تەکلیفەکەی حکومەتم پێ گەییشت. کوردەکەی دانیشتووی بەغدای وەزارەت دیدە محەمەد عەلی مەحموود بوو، مەشوور بوو بە محەمەد ئاڵتی. کە بوو بە نوێنەری کۆیێ سەردانی کۆیەی کرد ە لە کاکە زیاد مێوان بوو. شەوێکی خۆشمان بە قەڵەباڵغی لەگەڵدا ڕابوارد ئەمما لە سەر وشەیەکی ئینگلیزی random خیالفمان بوو، ئەو وتی random بە واتای «اغتباط» هاتووە کە دەکاتەوە شادی و کەیف. من گوتم بەپێی ئەوەی لە نیزامی دادگاکانی ڕۆژاوادا دەستەی Jury بە جۆرێکی at random هەڵدەبژێردرێن، وشەکە «اعتباط» دەگەیەنێ بە واتای بێمەبەست، ڕەنگە لە قامووسدا «اعتباط» نیشانەی سکون لەسەر پیتی «ع» وەک نوختە خوێندرابێتەوە کردبێتیە «اغتباط»... لێکترمان نەسەلماند. لە ساڵی ١٩٥٣دیسان بەتەمابوو کاکە زیاد بیکاتەوە بە نائیبی کۆیێ، دواتر باسی دێت.

٢٨- چی من لێرەدا بۆی چووبووم، لە ساڵی ١٩٥٣ یان ١٩٥٤ لە وتووێژێکی بەسەر پێیانەوە، لە کتێبخانەی «مرکزی» بەغدا مەرحووم سەعید قەزاز یش هەمان بۆچوونی دەبڕی بێ ئەوەی بزانێ من بیرگێڕیم تێدا کردبێت یان بە ئەنجامێک گەیشتبێتم لە نرخاندنی «وثبة» کە دەرکەوت هەڵچوونێکی نەزۆک و بێجێ و خۆدۆڕاندن بوو تا ئەگەر بەبەریەوە هەبایە بە مەنهەجیش بگاتە دەسەڵاتی حکم کە دەزانین لە وڕێنەشدا ئاکامی ئەوتۆیی وەها پەیدا نەبوو، هەمیسان سەری بەماڵکاولی و گێرەشێوێنی و یەکترکوژی و وێرانییەوە دەنا وەک کە دیتمان دواتر مەنهەجی «بەرەی نیشتیمانی یەکگرتوو» لە ئاکامی شۆڕشی ١٩٥٨ چی بە خۆی و بە عالەم کرد... مەحوی دەڵێ:

کە مل بۆ گەینە پەت بێ

پێ لە کورسی و ئەسکەمل چ بکا

جیهانی سێیەم [ئەگەر دەیەم و بیستەم نەبێ] جارێ زۆری ماوە شەیتانی پێ پێبکەنێ...

٢٩- ئەو تەکلیفە کاکە زیاد لە خۆمی کرد. بە دەم تەکلیفەوە و بە شێوەی ئاسایی مامم و خاڵە شێخ سەدر نامزەدی ناوبژی کردنەکە بوون و هەر ئەو پاش نوێژە لە خزمەتیاندا بەرەو بیتوێن کەوتینە ڕێ. لە

خزمانی جەلیزادە حیسامەددینی مەلا ڕەفعەت و کاکەی کاکەمەلا و ئیسماعیلی مەلا نووری و حەمەسالّحی مەلا تاهیر [کە هەموویان بە ڕەحمەت شاد بوون] لەگەڵمان بوون. تێکڕامان دوازدە سوار بووین. شەو لە چناڕۆک، لای ماڵەکانی کانی کەند-ی سەر بە چناڕۆک کە لە هەواری بەهاردا بوون، ماینەوە. کات درەنگ بوو بە بەریەوە نەبوو بگەینە قۆناغێکی دیکە، دنیاش وەها کشومات بوو ئەو ڕێگە و بانانە، کوردی گوتەنی، چۆلەکەکوژی پێدا نەدەڕۆیی، بەرەو بیتوێن هەرچی هەبوو لە شکەستەی لەشکری کۆییان بەرەو کۆیێ دەگەڕانەوە زرەدرۆی عەجاییبیان دەگێڕایەوە بۆ خۆ پەڕاندنەوە لەو هەلاتنەی تێدا بوون. بە ئێمەیان دەگوت بۆ کوێ دەچن؟ دنیا جمیوە، خدران ئاگری تێ بەردراوە، کەس بە کەس نییە، ئالایەکی سپی هەڵگرن مادەم هەر بەرەو ئەو ئاگرەوە دەچن... ئیتر لەم بابەتە ورەبەردانە شتی سەیروسەمەرەم دیت و بیست. ئەو دەمە مەلا حەوێزاغا بەرەو کۆیێ لە گەڕانەوەدا بوو، شەڕی بەتاڵ کردبوو بەڵام ئێمە نەمان دەزانی. سەفەرەکەمان دوو سێ شەوی خایاند، لەگەڵ خالان و پژدەرییان و سەرۆکەکانی دیکەی لەشکری هەڵمەتبەر گەلێک وتووێژی مەسڵەحەت ئامێز و ڕووەو ئاشتی بەدەم نوکتە و لەتیفە و پلاووگۆشتی لەمشەوە ئەم دیو و ئەو دیوی پێ کرا... کژەکەی زۆر ناسک بوو، دەمی تووتن چاندن بوو، تووتنەوانان پەرتەوازەیان کردبوو ئەگەر زوو هێمنایی نەگەڕابایەوە بەشێکی بەرچاوی تووتنەوانی بیتوێن بە مڵکدار و توجارەوە دەچوونە خەسارەتێکی زلەوە. ناوبژییەکەی ئێمە ئەم لایەنەی چارە کرد کە خەڵکەکە گەڕانەوە سەر کەسابەتیان، بەدەم کاتەوە دوژمنایەتییەکەش کزبۆوە بەتایبەتی لە ئاست کاکە زیاددا کە بە نەتیجە لەگەڵ خاڵەکانم و شێخ حسێن بوو بە دۆستێکی خزم ئاسا.

زۆریشی نەبرد لەسەر مەسەلەی نیابەت بەینی لەگەڵ مەلاحەوێزاغادا سارد بوو، بگرە پسۆک بوو... قسە زۆرن من لێ کورت دەکەمەوە و بەمەندەی گوتم وازی لێ دێنم، بەڵام پاش دوودڵی چەندین ساڵ لە درکاندنی شتێکی سەر بەو هەرایە وەها هاتە دڵمەوە ئەو نهێنییە بچووکە چیدیکە نەشارمەوە: کاکە زیاد هەرچەند لە نیزاعی نێوان مەلا حەوێزاغا و خدری حاجیاغای پژدەریدا چ دەخلێکی نەبوو، کە هەرا پەیدا بوو و ئاپۆرەی عەشیرەتەکان لەوەی چاوەڕوان دەکرا زیاتر و تیژتر لووزەوی هێنا وەها هاتە قەناعەتییەوە حکومەت دەخلێکی بنەڕەتی هەبێت بۆ هاندانیان دژی هەموو غەفووریان نەک هەر مەلا حەوێزاغا. ڕەنگە لای کەسی دیکەی کۆیی ئەو گومانەی دەرنەخستبێت، منیش لە هەوەڵەوە ئەو گومانەم بە ئاکامی سەغڵەتی حیساب کرد بەڵام کە چووینە ناو عەشیرەتەکان و قسە و ڕاوێژ درێژەیان کێشا بۆ ڕۆژی دووەم لە پەنا گەشەی سەرکەوتنەوە عەباسی مەمەنداغا بەدەم هەستی لە خۆ ڕازی بوونەوە لەگەڵ بزە و نەرمە خەندەیەک گوتی: ئەمرەکی وەهان بە دەستەوە بوو هەتا (نازانم کوێ) دەچووین... من لێم دووپات نەکردەوە ئەو ئەمرە هی کێیە بەڵام دیار بوو مەبەستی حکومەت بوو، ڕەنگە لە حکومەت گەورەتریشی مەبەست بوو چونکە ئەوەی ڕاستی بێت کاکە زیاد وەهای بەدڵدا دەهات شەریکەی نەوتی کەرکووک ڕەزامەندی بەسەر ئەو هەرایەوە هەبێت، هەر بۆیەش زێدە سەغڵەتی پێوە دیار بوو. بێگومان هەڵوەستی کاکە زیاد لە سیاسەتی سەر بە کوردایەتی، بە تایبەتی ڕۆژگاری قازی محەمەددا دژ دەوەستا لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیز. ئەویش و شێخ لەتیفی شێخ مەحموودیش دۆستی جەرگسۆزی مەهاباد و قازی محەمەد بوون. شێخ لەتیف لە پەنجاکاندا حوکمی ئیداری سێ ساڵەی بۆ دەرچوو، کە ١٤ تەمووز تەقیەوە

ئەویش و شێخ ئەحمەدی بارزانی و جەماعەتەکەی بەرەڵلا بوون.

دەبێ ئەوەش بزاندرێ کە هەراکە شتێک بوو حکومەت قۆستییەوە نەک بۆ حکومەت کرا، هەوڵێکی شێخ حسێن دای ئەگەر بەهەند هەڵگیرابایە هیچ رووی نەدەدا.

٣٠- سکرتێری حیزب ئەوسا حەمزە عەبدوڵلا بوو، بە نهێنی لە سلێمانی دەژیا. کە بەرەو هەڵەبجە خەریک بووین دەرچین لە شار، لە نوختەی سەیتەرە، کە جەلال و سەیارەکەیان دەناسی، پرسێکی سەرزارەکییان لە حمزە عەبوڵلا کرد گوتی من پیاوی جەلال بەگم. ئەو تەنها لە پشتەوەی سەیارەکە دانیشتبوو هەر هەتا گومانی لێ نەکرێت. لە هەڵەبجە زۆریان بەخێر هێنا و خانوویەکی تازەی بورهانی حامد بەگ بوو بە شوێنی لێ نووستنمان. تووباخانی کیژی حەسەن بەگی جاف کە خێزانی مەرحووم بورهان بو، بێ ئەندازە لە خزمەتمان خەریک بوو، هەرچەند رووبەڕوو نەماندیت. خزمانی جاف دەیانزانی حەمزە هاتووە، وابزانم حکومەتی قەزای هەڵەبجەش سۆسەی کردبوو بەڵام خۆی بێ دەنگ کرد. وابزانم سێ - چوار شەوێکماینەوە، بە سەییارەی جەلال هاتینەوە سلێمانی.

٣١- نموونەیەکی زێدە بێتام لەو هەولانە ئەوە بوو کە زۆر لەو خەڵقە داوایان لێ کردم بە سیفەتی ئەندامەتیم لە دەستەی سەرپەرشتانی یانە، لە گەڵیاندا بچم بۆ دەربرینی نارەزایی لە رەفتاری جیاووک، گۆیا شەرعییەتی ئەندامەتی هێزێک دەدات بەو نارەزاییە... بەرێ کەوتین، من لە پێشەوە، کاتێک گەیشتمە بەر دەرگای ژووری سەرۆکایەتی یانە کە جیاووک تێیدا دانیشتبوو لە دڵدار بەولاوە یەک کەس بەدوامەوە نەما بوو، دڵدارم لە دەرەوە بەجێ هێشت، بەژوور کەوتم، چەند قسەی رەقم کرد لەگەڵ جیاووکداماڵی ئاوابێ لێمی بەسەرنەگرتەوە دەنا چەند خزمێکی لابوون دەیانتوانی عەزابم بدەن. هەر لەبیرمە گوتم: پەرۆشی ئەو نیودینارەمە کە لە بری ساڵانەی ئەندامەتی داومە بە یانە. جیاووک گوتی: ها پارەکەت وەرگرەوە. لە چوونە دەرەوەدا بووم گوتم: تازە چ وەرگرمەوە، پارەکە پیس بووە. دڵدار بە چاوێکی مەیلەو تەڕەوە بۆم راوەستابوو، پێکەوە گەڕاینەوە «... ئەمما بە عاجزی - شێخ رەزا».

٣٢- مامم خۆگیری کرد لە ئیجازەدان بەتێبینی کەم دەرامەدی و قورسایی مەسرەفی ئیجازە. حاجی و حاجیزادەیەکی ناسیاو و کۆنە تەلەبەی خۆی هاتە لای و لێی پرسی بۆچی ئیجازەی «مستعد» ێکی خوێندنی تەواو کردووە وەها وەخراوە، گوتی رۆڵەکەم خۆ دەبێ جبە و عەمامە و نازانم چی بۆ بکرم، مەسرەفێکی چایە و جغارەی بۆ بکێشم، لە کوێ ئەو مەسرەفە بکێشم؟ گوتی قوربان هەموو مەسرەفەکە عائیدی خۆم... ئیتر مەسرەف کرا و ئیجازە وەرگیرا... هەفتەیەک دوای ئیجازەکەی ئەو خێرەومەندە یەک لیستەی رێکی مەسرەفەکەی بۆ مامم نارد کە پارەکەی بۆ بنێرێت، پێویستێتی!!

٣٣- ئەو پاییزەی تێیدا بووم بە حاکم، شێخ لەتیف لە دێیەکی خۆی بەسەری دەبرد. شێخ رەئووف و بابەعەلی کە هەردووکیان برای داک و بابی بوون، بەیەکەوە دەژیان. لەگەڵ هەردووکیان دۆست بووم و زۆریش لە رەزامەندیم بە پەرۆش بوون، هات و چۆی یەکترمان بەزۆری دەکرد، خێراخێراش داوەتی شەوانەی بەهاتوباتیان رێک دەخست لە دیوەخانەکەی خۆیان. کام کەسی ئەرباب و قسەخۆش بوو بانگ هێشتن دەکران. ئەو دۆستایەتییە نەپسایەوە مەگەر ئەوەی کە مەرگی شێخ رەئووف لە ساڵی ١٩٧٨ داوی

پێوەندی ژیوەریی بە من و بە هەموو دنیاوە پساند.

٣٤- ئەو چوار کەسە جگە لە مام جەلال و ئەمین ئاغا و من ئیبراهیم ئەحمەدیش بوو کە سکرتێری حیزب بوو - ئەگەر سەهووم نەکردبێ. بە هەمەحاڵ ئەندامێکی هەرە پێشەوە و قسە ڕۆیشتوو بوو.

٣٥- ئەو مەسەلەیە وەسبەی ساڵی ١٩٤٨ بوو. کاکە زیاد لە موزاهەرەی کۆیێ، ڕۆژی دوای هەراکەی بەغدا، جارێ خەڵقەکە لە بەردەمی سەرا گوێگری قسەکانی عەلی عەبدوڵڵا بوو، کاکە زیاد ئیستیقالەنامەی خۆی لە نیابەت نایە دەستی مامۆستا عەلییەوە و ئەویش بۆ خەڵقەکەی خوێندەوە.

٣٦- یەک دوو ڕۆژ دوای دوانی مزگەوتی گەورە ویستم بچم بۆ تەقتەق، حکومەت مەلا حەوێزاغاشی بەگەڵم دا وێڕای «معاون شرطة» عەلی قەمچی ڕەش. خەڵقی تەقتەق بەزۆری هاتنە کۆبوونەوە گشتییەکەی بەر سەرما و قوڕی زستان. هەر من قسەم کرد لە بارەی بەکارهێنانی خوازی بێگرفت کە یاسا دەیپارێزێت لە هەڵبژاردنی نوێنەر، ڕۆژگاری ئەوە هاتووە میللەت کێ بە چاک بزانێت دەنگی خۆی بەو بدات. نیوەڕۆژەمان لە ماڵی شێخ ڕەئووف خانەقا [ی خەزووری دواڕۆژم] تەئمین کرا، کە کاتبی مدیر ناحیە بوو. هاتنی «معاون شرطة» ئەو چاکەیەی تێدا بوو کە ئۆتۆمۆبێل کەوتە سەر حیسابی حکومەت لە کۆڵ من بۆوە.

٣٧- دوای دەرچوونی گەشتەکەم لە مامۆستا جەوهەرم زانی کە ڕۆژی هەڵبژاردنەکە معاون پۆلیسی بە ئەمری مەحکەمە، لە کۆیێ دوورخستبۆوە. موتەسەڕریف و سەعید قەزازیش پێوەندییان پێوە کردبوو لەم بارەوە بەڵکوو بڕیارەکەی بگۆڕێت، نەیسەلمانبوو. ئەو ڕۆژە من لە وەزعێکدا بووم پاش شکاندنی سندووقەکان ئاگام لەو تەرزە ڕووداوانە و چەند چۆنی موحاکەمەی موتتەهەمە بوختان پێ کراوەکان نەبوو. بەڵام دەزانم من ئەو معاون پۆلیسەم نەدیتەوە لە کۆیێ. کابرا ناوی دەرکردبوو بە عەلی قەمچی ڕەش، خەڵقی سلێمانی بوو؛ ئەوەندەی لە بارییەوە بزانم و بە بیستن لێی حاڵی بوو‌بێتم ئەوە بووە کە مرۆیەکی ئازایە و پیاوەتیشی لە دەست هاتووە.

٣٨- مامۆستا دڵزار کە ئەوسا لە کۆیێ چیهرەیەکی ناسراوی شیوعییەکان بوو، لە یاداشتی خۆی، کە دانەیەکی بە دیاری بۆم نارد لە ئەورووپاوە، بێ ئەوەی پاتەوپات هەموو شتێک دەرببڕێت، لە قسەکانی دەربارەی موزاهەرەکە دیار دەدات کە ترسیان لە شورتە نەبووە.

٣٩- کاتێک گەیشتینە هەولێر مەلا بانگدان بوو. لە ڕێگا دڵی خۆمان بەوە خۆش دەکرد کە بەیانیان هەندێ چێشتخانە گیپە لێ دەنێن بۆ ئەو کەسانەی زوو دەڕۆن بۆ سەر کاسبییەکەیان. ئیتر بەو ئومێدە گەشەوە لەو ئوتێلەی لێی دابەزیبووین خێرا بۆیەکەمان نارد بۆ گیپەی تامەزرۆیان. کە هاتەوە، ماڵی ئاوابێ چەند کوببەیەکی هێنابۆوە تومەز گیپە ئەو بەیانییە لێ نەندرابوو.

٤٠- هاوپۆلێکی حقوقم لە وەزارەتی داخلیە «مدیر اوراق» وەیا شتێکی ئەوتۆیی بوو، ڕۆژنامەکانی دەخوێندەوە، چی گرنگی تێدا بایە سەر بە «اداره وامن» بێت خەتی لە ژێرەوە دەکێشا بۆ بەرچاوی وەزیری داخلیە. گوتی کە مەقالەکەتم خوێندەوە، هەر لە سەرەتا هەتا دوایین وشەی خەتی سوورم لە ژێریەوە کێشا.

٤١- لە دەمی نووسینی «گەشتی ژیانم» و بڵاوکردنەوەی دەرفەت نەبوو هەموو قسەکانی نووری پاشا

دەور و تەسلیم بکەمەوە بۆ خوێنەر. لێرەدا جێی خۆیەتی بۆیان بچمەوە و لە پەڕێکی کتێبی مێژووی چەسپ بکەم. هەڵبەت چی دەینووسم کاکڵی قسەکانە چونکە وتووێژمان لەو بابەتانەی هی بڵاوکردنەوە نەبوون بەلای کەمەوە سەعات و نیوێکی خایاند.

نووری پاشا دوای بەخێر هێنان و چایە و قاوە، کەوتە قسانەوە، لە وەزعی نیابەت و دووانەکانی نائیبە موعاریزەکانەوە بۆ بابەتی کە مەبەستی بوو ڕۆیی. کورتە و پاڵاوتەی قسەکەی ئەمە بوو کە گوتی: ئەم عیراقە کە پێک هات مەلیک فەیسەلی یەکەم زۆری پێوە خەریک بوو، ڕەنگە منیش دەستێکم هەبووبێت لە پێک هاتنی و هی دیکەش هەوڵیان دابێت بەڵام ئەوەی هۆی بنجی دروست بوونی عیراق بوو بەرژەوەند و خواز و دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بوو. بێ ئەوان و دژی ئارەزۆی ئەوان مومکین نەبوو عیراق بەسەر پێیانەوە ڕاوەستێت. سیاسەتێکی کە بۆ عیراق ڕەنگرێژ کرا تا ڕادەیەک لەنگەری بەرژەوەندی تیرە و تایەفە و ڕەگەزەکانی گەلی عیراقی ڕاگرتووە. وابزانم ئەو سیاسەت و لەنگەر ڕاگرتنە بە نیسبەت کوردی عیراقەوە لەبارتر و سوودبەخشترە لەوەی کوردی ئێران وەیا تورکیا تێیدا دەژین. بەلای منەوە پاراستنی یەکیەتیی خاکی عیراق لە بەرژەوەندی کورددایە. بەو پێیە و بەو تێ ڕوانینە ئارامی و خۆ ڕاگری عیراق شتێکە لەگەڵ چاکەی کورددایە. ئنجا تۆ بەتایبەتی لە نێوان نائیبەکانی مەجلیس کە «جاي بذراعك – بە هەوڵی بازووی خۆت هاتوویت» و کەس ڕێی نییە ڕێنموونیت بکات و لە ئازادیی تەعبیرت مافی ئیعتیرازی هەبێت، هەتا قسەت لەبارەی سیاسەت ناوخۆیی عیراقەوە بێت هەرچی بیڵێیت و بەهەر ڕاوێژێک بدوێیت زەرەری بۆ کورد و بۆ عیراقیش نییە و مافێکی ڕەوای خۆتە. کە بێینە سەر باری دووان لە بارەی سیاسەتی دەرەوە کەوا دیسان دەڵێم کەس ناتوانێ ڕێت لێ بگرێ چونکە «جاي بذراعك» بەڵام تێبینییەک دێتە پێش لە نوختە نیگای چاکەی کورد خۆیەوە: چەندێکی بدوێیت و بە هەر ڕاوێژێکەوە بێت زەرەری نییە بە مەرجێک نەگاتە پلەیەک کە دەسەڵاتەکانی ڕۆژاوا لێتان بێئومێد نەبن کە دابڕین بوونتان لە چارچێوەی عیراق مومکینە چونکە دوور مەبینە بتاندەنەوە بە تورکیا. مەسەلەی ولایەتی مووسڵ تا ئێستاکەش «قضية ساخنة» و تورک چاوی لێیەتی و لێی بێ دەنگ نییە. عەرەبەکان پێتان دەڵێن «مانعیش بلیاکم – بێ ئێوە ناژین» ڕاست ناکەن «عندهم من المحیط الی الخلیج... عندهم تمر البصره ونفط الزبیر» – بە پێکەنینەوە ئەم ڕستەیەی دەربڕی.

ئەمە پاڵاوتەی قسەکانیەتی، ناوناوەش دووپاتی دەکردەوە کە مەبەستی بەیانی بەرژەوەندە بەپێی باوەڕی خۆی و لەلایەن مەسڵەحەتی کورد و عیراقەوە ئەگینا کەس ڕێی نییە قسە لە قسەتدا بکات.

لە وەرامدا، دوای سپاس بۆ ئەو سەڕاحەتە و بەهەند هەڵگرتنی نیابەتەکەی من لەلایەن ئەوەوە گوتم: فخامة الپاشا، پێم باوەڕ بفەرموو ئەگەر وەک قوتابییەکی زیرەکیشم حیساب بکەیت ئەو ڕاستییانەم لەبەر چاوە. هەر لەبەر گرنگیی ئەو تێبینییانەی فەرموونت و بە مەبەستی ڕاکێشانی نیگای حکومەت بۆ لای حاڵ و باری کورد من بە ڕاوێژێکی تیژ و برندە لە مەجلیس دەدوێم بەڵکوو حکومەت گوێ بداتە بەرژەوەند و شعووری برینداری کورد (ڕەنگە تەعبیرەکەم بەو وشانە نەبووبێت بەڵام بەو مەعنایە بوو) فەخامەتت باش دەزانێت پەند و نەسیحەتی سارد و سڕ تیماری دەرد ناکات، خاوەن بیروڕای ئەوتۆیی لە

ناو کورددا هەن بەڵام ناتوانن دیفاع لەو بیروباوەڕە بکەن ئەگەر حکومەت گوێ نەداتە دەرد و ئازاری خەڵقەکە. پێشم سەیرە حکومەت هێندە بێپەروا بێت لە ئاست میللەتێکی بریندارى وەک کورد کە وڵاتەکەی شاخاوییە و دراوسێیە لەگەڵ هەڵگرانی بیروباوەڕی ڕادیکال و باشترین هەل بەدەستەوە دەدەن بۆ کەسانێک کە مەسڵەحەت لە پەڕگیریدا دەبینن و نەرمونیانی بە خیانەت دادەنێن. کلیلی قفڵەکە لە دەست حکومەتدایە.

ئەمانە کورتە و پاڵاوتەی وتووێژێکی سەعات و نیوی بوون. نووری پاشا دەیزانی من نوێنەری پارتیم لەو ڕوانگەوە کە پارتی هەڵگری دروشمەکانی کوردایەتی بوو (دەرکەوت) منی بە نوێنەری کورد حیساب دەکرد، وەک سەرەک وەزیرانێکی مێوانی عیراق بووبێت وەهای بەخێرهێنام، تەنانەت پاش سەعاتێک لە وتووێژمان مرافقەکەی هاتە ژوورەکە و گوتی فڵانە سەفیر لە مەوعیددا هاتووە چاوەنۆڕی دیدەنی فەخامەتتانە. من هەڵستام بۆ دۆعاخوازی، داینیشاندمەوە، دەوری چل دەقیقەیەک چاوەڕوانی بە سەفیرەکە کرد تا لەگەڵ من قسە بە کۆتایی گەیشت.

لە بارەی مەسەلەی ڕێی کۆیێ و ڕانیەوە گوتم: فخامة الپاشا لە فایەلەکانی مدیریەتی حەرەکات –ی وەزارەتی دیفاع تەقریرێک هەیە لەبارەی ئەو ڕێگەیەوە دەڵێ کردنەوەی ڕێگەی کۆیە و ڕانیە خەتەر پەیدا دەکا بۆ نەوتی کەرکووک. گوتی تۆبڵێی شتی ئەوتۆیی هەبێت؟ گوتم بپرسە!! ئنجا گوتم پاشا چەند مخابنە بۆ ستراتیجێتی سپای عیراق کە نەزانێ ئەگەر ڕووس هجوومی هێنا باسکێکی (کماشة) کەی دەڕوات بۆ کەنداوی ئەسکەندەروونە و باسکێکیشی بۆ کەنداوی عەرەب (یان فارس) ئەو چل کیلۆمەترەی نێوان کۆیە و ڕانیە، کە دوو بەشی بێ هەموار کردن گەڕۆکی تێڕا دەڕوات، نابێتە لەمپەڕێکی نیو سەعاتیش بۆ سپای سەردەمی نەوەوی. لەمەش بترازێین: ڕێی حاجی ئۆمەران و ڕێی قەڵادزە و سلێمانی و ڕێی کرماشان – بەغدا، هەمووی دژی ئەو بینینەیە کە بۆتە مانیعی کردنەوەی ڕێی کۆیێ و ڕانیە کە بە ئەسڵ ڕانیە و قەڵادزەش دوای چۆڵ بوونینان لە نوێ کۆیی ئاوەدانیان کردەوە و لە قەدیمەوە ئەو دوو هەرێمە لە گەڵ کۆیێ «وحدە» یەکی ئابووریان پێک دەهێنا و ڕێگایەکی ترانزێتی کۆن لە کۆیەوە بەرەو دیوی سەردەشتی کوردستانی ئێران بە ڕانیە و قەڵادزەدا تێپەڕ دەبوو...

بەر لە ساڵێک پتر برادەرێکی عەرەب کە دووربەدووری حەزی لە نووسینەکانم کردبوو، دوای گەڕانەوەی بۆ عیراق لە سەفارەتێکی یەک لە وڵاتەکانی ئەفریقیا، خۆی پێ ناساندم و ڕۆژێک لە ڕۆژانی دەمەو بەهار منی بردە دەرەوەی بەغدا، لە ماڵی برادەرێکی خۆی مێوانی نیوەڕۆژە بووین. براگەورەی ئەو خاوەن ماڵە هاتە بەخێرهێنانمان، شەهادەی نەبوو بەڵام زۆر زیرەک و باخەبەر بوو. لە بەرەو کۆتایی دانیشتنەکەمان گوتی: لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٤ تەمووز سەرباز بووم لە دایرەیەکی وەزارەتی دیفاع. ڕۆژێکیان ئامری ئەو دایرەیە ناردمی بۆ مەقەڕی وەزیر کە تەقریرێکی بۆ بهێنم لە سەر دیدەنێکی [د. مسعود محمد] لەگەڵ نووری پاشای کردووە، ئایە تۆ ئەو کەسەی؟ پێم گوتەوە: کەسێکی دیکە شک نابەم ئەو ناوەی هەبێت لەوانەی بە بەریانەوە بێت وتووێژ لەگەڵ نووری پاشادا بکەن، بەڵام من دوکتۆرام نییە، دەبێ خێرەومەندێک ئەو لەقەبەی بە شاباش لە قەبەڵم کردبێت. قەول بوو دوکتۆر کەمال مەزهەر دیدەنی لەگەڵ ئەو شەخسە بکات بەڵام تا ئێستا ڕێک نەکەوت یەکتر ببینن. دوکتۆر کەمال خەریکی کۆکردنەوەی

ئەو جۆرە وەسیقانەیە و زۆریشی کۆکردۆتەوە.

٤٢- نوێنەرانی ئاشتیخواز ئەمانە بوون: عامر عبدالله، حمزە سلمان، صاحب حداد و رزوق تلو. قسەکەریان بە زۆری هەرە زۆر عامر عبدالله بوو... لە ١٩٧٣ بوو بە وەزیر. بە ئیستیقالە لە وەزارەت دەرچوو.

٤٣- مەجیدی جوکلانمای دزەیی یەکێک بوو لە ئەندامانی وەفدەکە. لە سەرەتاکانی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کرد.

٤٤- عەبدوسەلام ئەو ڕۆژە دوای بەخێر هێنانمان لێمی پرسی بۆچی نەچووم بۆ هەولێر؟ پێم گوتەوە سیادة العقید جەنابت قسەت وەک پێشنیاز بوو نەک لە بڕیە، بەلاشمەوە زەحمەت بوو لەو قەڵەباڵغییەی تێت دەئاڵێن بتوانم دەنگی خۆمت بگەیەنمێ، سەرەڕای گەرمای هاوین و عەزابی ڕێگە ئیتر ڕێم بە خۆم دا نەیەم. کاک برایم سەرەتای قسانی لەگەڵ وەزیردا ئەوە بوو کە وەها چاوەنۆڕین لە هەر مەسەلەیەکی سەر بە کورد بێت وتووێژتان تەنها لەگەڵ کەسانی وەهادا بێت کە مافی قسەکرنیان بە ناوی کوردەوە هەبێت نەک لە لاوە کوردێکی بێگانە لە کوردایەتی ڕاوێژی لەگەڵدا بکرێت. عبدوسەلام گوتی من ئەم لایەنە باش چاوەدێری دەکەم بە بەڵگەی ئەوە کە چوومە هەولێر تەنها لە فلانم پرسی ئاخۆ هاتبێ بیبینم! خوێنەر لێم بسەلمێنێ، بە دڵ ئەو قسەیەم پێناخۆش بوو چونکە لە هیچ ڕوویەکەوە، بەتایبەتی لەباری شەخسی خۆمەوە، سوودێکی نەبوو مەگەر ئەوەی کەسانیکی لە حیزب حەزم لێ ناکەن پتر لێم تاسب بن. من بەتەما نەبووم و نیم، هەگبەم بە بەرەکەتی کوردایەتی پڕ بکەم دەنا دەچووم بۆ هەولێر بێ ئەوەی پرس بە کەس بکەم یان تەکلیفێکم لە عەبدوسەلام (دواتر لە عەبدولکەریم) وەیا موتەسەڕریفی هەولێر هەبوو بێت بگرە هەر نەشم دیتەوە هەتا ئیمڕۆ - ئەگەر بیرکولی بە سەهووی نەبردبێتم.

٤٥- زەدەی گەرووم بەرانبەر ساردی ما هەتا بەرەو کۆتایی ساڵی ١٩٨٩. من لە دەوری ٢٥-٢٧ ی مانگی ئەیلوول پرۆستاتم، کە لە ساڵی ١٩٨٢ ەوە دەنگی دابووم، ناچاری کردم برینکاریەکی گەورەم بۆ بکرێت دەنا لەدەست دەچووم. ٢٦ شەو لە خەستەخانە مامەوە، مامۆستا سەلاح جاف کە لەگەڵ پاراسایکۆلۆجی خەریک بوو، کوڕێکیشی تەمەن شلکی قۆناغی ناوەندی مەشوور بە «شیفا لە دەستی هەیە»، بە خۆی و خێزانی و ئەو کوڕەی [ئەحمەد ناو] شەوێک لە شەوانی دوای دەرچوونم لە خەستەخانە بە ماوەی مانگێک هاتنەماڵمان و بەیەکەوە نانی شەوانەمان خوارد. باسی ئەو ناسازییەی خۆمم کرد، ئەحمەد گوتی دەتوانم چاری بکەم. پێم گوتەوە من باوەڕ بە قسەت دەکەم بەڵام لە دڵدا وەها هەست دەکەم چارم ناکەیت. گوتی هەستی خۆت تەئسیری نییە... قوربان! دەستی ڕاستەی هێنا خستیە سەر ئەو شوێنەی ملمەوە کە پیکی قورگی تێدایە، ماوەی ١-٣ دەقیقە دەستەکەی وەها ڕاگرت و چی دیکەش. من نەموێرا خۆم تاقی بکەمەوە مەگەر زۆر بە تەقیە و پێ دزیلکە. لە هەوەڵەوە ئاوێکی شیرتێنی وەهام خواردەوە کە جاران لەو کژەی ساڵدا نەم دەوێرا توخنی بکەوم، گەرووم بە دەنگ نەهات... ئاوی لوولەی بەبەر هەتاودا هاتووم خواردەوە، سەلامەت بووم... هی لوولەی ناو ماڵەوەم خواردەوە هەروەها... سەفەرێکی کۆیەم کرد و ئاوی ساردم خواردەوە چ نەقەوما ئیتر دەردەکە ئۆغری کرد.

تەجرەبەیەکی ئەو دەمەی خەستەخانەم دەگێڕمەوە: پرۆستاتم وەها ئیلتیهابی کردبوو نەدەشیا برینکاریم بۆ بکرێت پێش ڕەوینەوەی ئەو ئیلتیهابە. بۆ ماوەی حەفتەیەک ڕۆژانە دوو دەرزیم لێ دەدرا هی دەرمانێکی هەرە کاریگەری ئەو دەردە. ڕەنگە ڕۆژی ٤-٥ ی ئەو دەرزییانە بوو کەوتمە حاڵەتێکی نەفسی و بەدەنی ئەوتووە هەرگیز شتی ئەوتۆم نە پێدا تێپەڕیبوو نە بە خەیاڵیشمدا دەهات؛ جۆرێک وڕیی مێشک و تەماوی بوونی بینینم و توانای قسەم دایگرتم، ڕەنگە لە حاڵەتی بەنگکێشاندا دووچاری بنیادەم بێت، لە هەمان حاڵدا هەستم دەکرد وەک بە ترومپا هێزی ژیانم تێ بکرێت هەرچی ترسی مردن و ئازاری نەساغی هەبوو بۆ ماوەی نیو سەعاتێک بە تەداوی ڕەوییەوە. دەمویست کەس تێم نەگا وەزعم چۆنە، کە قسەم دەکرد دەمدیت بواری قسەکردنم چەند ڕێچکۆڵەیەکی وەکوو خەتی جووت بە ڕوومدا کردۆتەوە ئیتر هەموو هەوڵێکم دەدا ڕێبازی قسەم نەپەڕێتەوە بۆ خەتی تەنیشتی، ئەو جیهانە چوو بووە بارێکی بێسابیقە و وەسف هەڵنەگرتوو. دوای نیو سەعاتەکە حاڵەتەکە بەسەر چوو، نەساغییەکەم گەڕایەوە بەڵام لێم یەقین بوو نامرم.

جارێ لەوپەڕی سستی و بێهێزیدا بووم، هێندەم خوێن لەبەر ڕۆیی بوو، هەندێ جار بە دوو کەس ڕاستیان دەکردمەوە و دەنگم نیو دەنگ بوو... خواردنم لە پێش چاو کەوتبوو... بەزەحمەت هەنگاوم هەڵدەهێنا، ئا لەو بارەدا گەنجێکی کورد لەگەڵ خەڵقوخوایەکی سەردانیان دەکردم لەو قاوشەی تێیدا بووم [ئەو قاوشە بۆ من ترخان کرابوو، د. ئومێد، وەزیری تەندروستی سەردانی کردم و تەرتیباتی تایبەتی بۆم دانا، یەک لەوان کەسێکی بیەوێ بێتە لام مەنع نەکرێت] بە ژوور کەوت و هاتە تەنیشتی ڕاستەی چارپایەکەمەوە کە من لە سەر پشت لێی درێژ بووبووم و نەمدەتوانی دابنیشم، گوتی من نوێنەری جەماعەتێکم لە دەرەوەی خەستەخانە چاوەنۆڕی گەڕانەوەم دەکەن. هاتووم لەسەر ماکسیزم لەگەڵتدا بدوێم. ئێمە، ئەم کۆمەڵە، هەموومان مارکسین، ئیتر کەوتە موناقەشە لەگەڵم... چەندێکی زەعیف و بێهێزیش بووم و بە زەحمەت قسەم بۆ دەکرا، دیسانەوە هاتنەکەی بە لامەوە دڵدەرەوەیەک بوو چونکە دیارە منی وەها داناوە ئەوە بهێنم بێتە لام بۆ موناقەشە... پتر لە سەعاتێک یەکترمان دواند، بەڵام نێوانی فکرمان هێند لێک ترازابوو، لە هیچ نوختەیەک نەدەگەیشتینەوە یەکتر، وەختێک کە دۆعاخوازی لێ کردم گوتی جارێکی دیکەش دێمەوە لات، بەڵام هەر ئەو هاتنە بوو.

٤٦- دەبێ دان بەوەدا بهێنم کە دەبوو هەر نەبێ یەکێکی متمانە پێکراوم بە نهێنیەناردبایە لای شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا کەوا هەرچەند ناتوانم بچمە لایان ئەمما دڵنیابن لەوە کە هەرچی چالاکییەکی من هەیە لەو بەینەدا بۆ بەرژەوەندی گشتییە و ئیمکان نییە کورد دۆستایەتی حکومەت بکات ئەگەر حکومەت سوور بێ لەسەر ناحەزی کردن بەرانبەر بارزان و حیزب. ڕاستییەکەی فیکرەکەم بە دڵدا هات بەڵام هێند یەک تەن بووم و ئەوەندە ناحەز و خەبەر لێ دەرم هەبوون نەدەپەرژام بە هەموو لایاندا پەل بهاوێژم و نەئیمکانیش هەبوو پێوەندی نهێنی لە منەوە بەو دوو سەرۆکە زلە بە نهێنی بمێنێتەوە. بەخێر بگەینە قۆناغی دوای عەبدولکەریم تەجرەبەیەکی وەهام لێ دەخوێنیتەوە باوەڕ بە قسەی ئەم قۆناغەم بکەیت. بە هەمەحاڵ چەندێکی عوزری گەورەش مانیع بووبێت، ئەو پێوەندی نەکردنە کاری خۆی کرد و هەوڵەکەی منی پووچاندەوە.

٤٧- گیرانی زەید ڕێکەوت و ڕەشبگیری نەبوو، عەسرێکیان چەند ئاغای پژدەری چوون بۆ دیدەنی عبدولکەریم قاسم. کوردێکی ناسراوی ئەو دەمە خۆی بەگەڵ دان بە نامەی تەرجومان. کە جەماعەت لە دیدەنی عەبدولکەریم گەڕانەوە ئوتێل، لێم پرسین ئەو کوردەی بوو بە تەرجومان چۆن بوو؟ گوتیان پاش تەواو بوونی وتووێژمان ئەو مایەوە لای زەعیم. هەر هەمان ڕۆژ دوای یەک دوو سەعات لەو مانەوەیەی کوردە ناسراوەکە لای زەعیم، زەید گیرا. من بە عادەت گومانی نیم لە خەڵک بەڵام ئەو کوردە کە بۆی ڕێک کەوت بگاتە لای سەروی دەسەڵاتی سیاسی خەریک بوو بۆ ناوزڕاندنی هەر کوردێکی بەلای خۆیەوە لەوانەبێ ڕۆژەک لە ڕۆژان ببێتە مونافیسی. پێشتریش و بەر لە شۆڕشیش لە زەیدی دەبزرکاند.

٤٨- بەر لە بیست ساڵێک کاکە حسێنی خانەقا، کاکی کاکە حەمە، سەردانێکی پژدەریانی کردبوو، زیاتریش هی تایەفەی مەحموداغا کە پێشتر لە تەنگانەیاندا سەید ئەحمەدی خانەقا بە هانایان هاتبوو. کاکە حسێن لە موناسەبەدا باسی وەزعی پژدەر و تایەفەکانی و سەروسۆراغی کۆنیان دەکات بە شکڵێکی شارەزایانە. کە لە قسان دەبێتەوە عەباساغای مەحموداغای سەرەک تایەفەی مەحموداغا دەڵێ: وەک کاکە حسێن لە پژدەرییان گەیشتووە بەیتاڵ وا لە کەرێ ناگا. عەباساغا قسەزان و نوکتەباز و باخەبەرێکی دەگمەن بووە تا ئەوەی بابەکراغای سەلیماغای مونافیسی عەباساغا لە بارەیەوە گوتوویەتی: لەو دەمەدا کە کاکەباس خەریکی ئەوەیە لە شەڕەسەگدا سەگ بە سەگەوە دەنێت پرسێکی بەرژەوەندی دەوڵەتی پێ بکەیت جوابێکت دەداتەوە جواب هەر ئەو جوابەیە.

٤٩- شێخ حسامی تاڵەبانی و مەلا زاهیری مامۆستا مەلا سادق و مەلا سەدری مەلا ساڵحی خەتیب بە دوا یەکتردا کۆچی دوایی‌یان کرد [ئەمەم لە ڕۆژی ٤-١٠-١٩٩٤ نووسی].

٥٠- ئەو برادەرەی عەمماش موحامی حسێن جەمیل بوو، لە ڕۆژانی نشوستی ساڵح عەمماشدا بەهانای هاتبوو بەڵام زوو برادەرییەکەی فەرامۆش کرد، بەپێی کە حسێن جەمیل پاشا بەینێک بۆمی گێڕایەوە.

٥١- ئەو پێنج کەسە بریتی بوون لە: ساڵح یوسفی، کاکە حسێنی خانەقا، بابەکر پژدەری، عەگید سددیق و من. سایەقەکە وابزانم ناوی برایم بوو نازناوێکی عەشیرەتانەشی بە دواوە بوو.

٥٢- لێرەدا کە بە گەشتی ژیانمدا دێمەوە بۆ کەلەبەر گرتنی کەم و کەسرییەکی کە لەدەمی بڵاوکردنەوەی ئاڵقەکاندا دەرفەتی درێژە پێدان و درکاندنی هەموو مەبەستێک نەبوو تەجرەبەیەکی شەوێک لە شەوەکانی ئەو ئینزیباتخانەیە دەگێڕمەوە کە ئەوسا بە نهێنی لە دەروونی پێوەی خەریک بووم: شەوی سێیەممان بوو - دوای ڕۆژاوا نیازێکم لە دڵی خۆمدا گرت. ئەو شەوە لە حیسابی بەرنامەی ڕادیۆ بەسەر دووشەموەوە دەژمێردرا ئەوساش ئێستگەی ڕادیۆی قاهیرە لە حەفتەدا دوو شەوان قورئانی «شیخ محمد رفعت»ی بڵاودەکردەوە یەکیان لە شەوی دووشەموو ئەوی دیکەشیان لە شەوی چوارشەموو. گوتم بابزانم ئەو قورئانە بە چ دەست پێ دەکات کە دەکێشێتەوە بۆ ئەوەی پێی دەڵێن «استخارە».

دەبێ بڵێم مرۆ کە کەوتە باری گومان لە گیانی خۆ کردنەوە چەندێکی خۆ گیری و بێ هەڵپەییش بکات، لە هەناودا خوتخوتەی هەمەجۆر دەیبزێوێت. خوێنەر پێم بروا بکات چی لێرەدا باسی دەکەم، سوێندیشی لەسەربێ بە خاکی پاکی کوردستان، یەک نوختەی خۆکردی تێدا نییە. شێخ محەمەد ڕەفعەت

لە سەرەتای خوێندنیدا ئەم ئایەتەی دەربڕی: «ومابالكم لاتقاتلون في سبيل الله و المستضعفين من الرجال والنساء والولدان الذين يقولون ربنا اخرجنا من هذة القرية الظالم اهلها». ڕاستییەکەی تەسکینییەکی گەشم هەست کرد، لەوەشدا سەیروسەمەرە پەیدا نییە چونکە تۆ کە هاتیت زاری تاوڵە هەڵدەیت و بۆ دۆرد جەهارت نامزەد کرد و دۆرد جەهار هات بڵێیت و نەڵێیت پێی دەزرووقێیتەوە چ جایی ئەوەی دەفتەری چارەنووسی خۆتت لێ بە نیاز گرتبێت.

شەو ڕاشکا و گەیشتینە دەوری سەعات ٢-٣ ی پاش نیوەشەو کە وام دەزانی تەنها من بەخەبەرم گوێم لە زیلی تەلەفۆن بوو. بەپێی قسەی کابرای بەرپرسی تەلەفۆن کە وەرامی سوئالی دەدایەوە دیاربوو لایەنێک بە دوا شوێنی ئێمەدا دەگەڕێت و بۆ مەبەستێکیشە نەک لە ساغوسەلامەتیمان دەپرسێت. لەو دەمانەدا دوو کابرای پۆستاڵ لە پێ پیاسەیان لە کوریدۆری بەر ژووری قاوشەکەی ئێمە دەکرد، یەکێکیان لە دووەمیانی پرسی: «هذوله منوهم، شنوهم... ئەمانە کێن، چین» لە وەرامدا پێی گوت «هذولة وفد شعبي» لێی پرسییەوە سەرەنجامیان چی دەبێ؟ گوتی هەر ئێستا «حرس قومي» دێن و وەریان دەگرن و تەواو دەکرێن (ينتهون) ی بەکارهێنا. من لە ژێر سایەی خەوی ڕواڵەتیمەوە گوتم: «خوایە قورئانەکەت وەهای نەگوت...» تومەز لەو دەمەدا کاکە حسێن خانەقا و بابەکر پژدەریش بەخەبەر بوون بەڵام ئەوانیش بێ ئەوەی لێکتر حاڵی بن چرچەیان نەکرد و هیچیان لێ بەدی نەکرا کە بەخەبەرن یا شتێکیان بیستووە.

ڕاستییەکەی من بە دڵمدا هات ئەم موخابەرەیە و قسەی هاموشۆکەرەکان تەمسیلییە بێت بۆ نزم کردنەوەی مەعنەوییاتمان بەڵام پاش چەند مانگێک زانیم ئامر ئینزیبات «مرحوم عقيد محمد علي بدر» کە دۆستی کاکە حسێن و ناسیاوی منیش بوو کە لێی داوا کرابوو بمانده‌ن بە حەرەس قەومی گوتبووی هەتا ئەمری بەغدای بەسەرەوە نەبێ کەس دەستیان بۆ درێژ ناکات. من بەدیار هاتنی حەرەس قەومییەوە خۆم مات کردبوو کەچی نەهاتن و نەهاتن. سبەینێ سەعات دووی نیوەڕۆ کە دەستمان لە خواردندا بوو، دەنگیان داین: خۆ گردکەنەوە ڕاتاندەگوێزین. هەر دوو کەسمان لە کەلەپچەیەک بووین، دەستی ڕاستەی من و چەپەی کاکە حسێن لە کەلەپچەیەکدا بوون. لە دەمی چوونە ناو ئۆتۆمۆبیلدا «د. توفيق الانصاري» کە دکتۆری خەستەخانەی کۆیە و دۆستم بوو، خۆی گەیاندمێ و گوتی ماڵەوە سەلامەتن سێ ڕۆژ لەمەو بەر چوون بۆ پژدەر... دڵم ئارام بوو.

لە پاش گەشتێکی پێچەڵپێچ گەیشتینە فرۆکەخانە، تومەز بەغدا دوای هەوڵی حەرەس قەومی وای پەسەند کرد کە بمانگوێزێتەوە بەغدا و دوور لە هەوەسی هەوەسبازان دامان بکات. بێگومان کە ئێمەشی بە نامەی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی لامەرکەزی هەنارده کەرکووک مەبەستی ئەوە بوو ڕۆژنامەنووس و خەبەرنیگارانی دنیا نەزانن ئێمەی مێوانی حکومەت بوون بە ئەسیری حکومەت.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کە ساڵح یووسفی، نوێنەری حیزب، دوای دابەزینمان لە کەرکووک ڕۆژی ٩-٦-١٩٦٣ و بیستنی بەرپابوونی شەڕ، خەریک بوو گوێی خۆی بە غەڵەت دابنێ چونکە هەرگیزاو هەرگیز بەلای ئیحتیمالی وەهادا نەدەچوو، تەنانەت لەو چەند ڕۆژانەی دوایی وتووێژمان لەگەڵ حکومەت کە باسی موراقەبە و گۆڕانی سیاسەت دەکرا دەیگوت ئەمانە هەمووی هەڵبەستی ئیستیعمارە دەیەوێ تێکمان بەربدات... ئەو مرۆیە، ساڵح یووسفی، هێندە ساکار و دڵساف بوو پێوەندییەکی بە سیاسەت و

گرێ و گاڵی ماملەتی دینابیەوە نەبوو. بە هەڵە ڕێگەی کەوتبووە حیزبایەتی. ڕەحمەت لە گۆڕی.

من ئەمە دەگێڕمەوە نەک بە نیازی ڕێنموونی کردنی خوێنەر بۆ سەر ڕێگای بەرەو غەیبەوە کە دەزانم دیاردەی ئەوتۆیی لە نێوان هەموو ئایین و نائایینیشدا هەیە، خۆ ئەگەر بێیتە سەر باسی خەونی ڕاست چشتی ئەو تۆ دەبیستیت سەرتی تێدا سوڕ دەمێنێ. ئنجا با پێت بڵێم، دوای چوونەوەمان بۆ بەغداش کە خراینە «سجنی مەرکەزی» دیسانەوە لە ٢-٦-١٩٦٣ ئیستیخارەیەکی نهێنیم بە قورئانی ئێستگەی بەغدا گرتەوە کە دەوری سەعات ٤-٥ ی عەسر دەکرایەوە. «ابو العینین شعیشع» بە سورەی یوسف قورئانەکەی دەست پێ کرد... ئەم سورەتە تەنگەتاوی سەرەتا و فەرحنایی سەرەنجامی تێدایە. لەگەڵ خۆمدا گوتم، تا سێ ڕۆژی دیکە ئاخۆ چ سەروسۆراغێکی ڕزگاربوونمان دەردەکەوێت؟ ڕۆژی دواتر ٣-٦-١٩٦٣ هەرای «معسکر الرشید» ی شیوعییەکان بوو کە وەزیری داخلیە و هی خارجیەشی تێدا دەردەست کران. لە هەمان ئێوارەدا شاهێن تاڵەبانی هاتە سجنەکەمان بەڵام ڕێیان نەدا بێتە لامان، منی داوا کرد، چوومە لای لە ژووری مدیری سجن، گوتی سبەی ئێوارە بە دوای چەند کەسێکتاندا دێینەوە بۆ لای وەزیری داخلیە... سبەی ئێوارە کاکە حسێن و بابەکر پژدەری و منیان برد بۆ لای حازم جواد، ئیتر ئەوە بوو چووینە ڕانیە و هتد...

جوولەکەیەکی بەغداییمان لەو بەشە حەبسخانەیە لەگەڵدا بوو، لە ژووری بەندیخانەوە ئاگاداری سرکەوکورکەی هەموو دنیا بوو، تەنانەت سەر لە بەیانی ٣-٦-١٩٦٣ پێمی گوت: «اکو خربطة فی معسکر الرشید - واتە شێواوی لە مەعەسکەر ئەلڕەشید هەیە» زۆری نەبرد فرۆکەی حەربی کەوتنە هاتوچۆ بەسەر بەغداوە و پاش چەندین سەعات خەبەرەکە کەوتە بەر گوێیان لە حەبسخانەکەدا.

من دوای ٣١ ساڵ لەو بەسەر هاتانەدا دەقی ئایەتە باسکراوەکەم لەبیر نەمابوو، بابڵێم شوێنی هەموو وشەکانیم بە دروستی نەدەزانی، بە تەلەفۆن لە محەمەدی مەلا کەریم پرسی کە دەزانم کاشفی ئایاتی قورئانی لایە، دەقەکەی بۆ گوتمەوە. من لە جیاتی وشەی «الولدان» وشەی «الاطفال» و لە جێی «اخرجنا» وشەی «نجنا» م بۆ دەهات.

لە مرۆدا «شفافیة» یێک هەیە ئەگەر زڕ نەبێت دەنگ و ڕەنگێکی پەنامەکان دەداتەوە وەک کە دەزانین گیانلەبەری دەشتودەر هەستی پێش ڕووداو دەکەن...

تائێستاش تێ نەگەیشتین، ساڵێک لە ساڵەکانی نێوان حەفتاکان و هەشتاکاندا چوێلەکەی شاری کۆیێ بەچکەکانیان بەخێو نەکردن و لە هێلانەکانیانەوە هەڵیانداشتنە دەرەوە! بۆچی؟ ناشزانم ئایا لە شوێنی دیکەی وڵات ئەو دیاردەیە ڕووی دا یان نا.

٥٣- بەر لە چوونمان بۆ قاوشی ناو سجن کە پێی دەگوترا «قلعە» و هەر قاوشەش ڕەقەمێکی هەبوو، ئێمەیان بردە بەشی ئیدارەی بەندیخانە... هەر بە پێوە بووین هەتا دوای چەند سەعات کە بردیانین بۆ بەندیخانە، لەو بەینەدا «یدالله» یان هێنا بردیانە لای محەققەکان، لە هاواری کە دەیکرد دەزاندرا چ جۆرە توێژینەوەیە دەیکەن... ئاومان داوا کرد... هیچ، هەتا یەکێک هات ناسیاوی کاکە حسێن بوو ئاوی بۆ پەیدا کردین.

ئەو شەوە لە بەندیخانە بووین، بۆ سبەینێ ساڵح یووسفییان برد بۆ لێ پرسینەوە. پاش چەند ڕۆژێک

که هاتەوە لەبەر ئازاری شانی ناڕەحەت بوو.

که گەڕاینەوە بۆ «فضل» و بردیانین بۆ لێ پرسین یەک دووانێکی دیکەش لە ئەندامانی وەفد بەگەڵ ئێمە کەوتن لەوانە سەمەدی حاجی مەنجەڵم لەبیرە... بردنەکەمان بە شەو بوو، بێ هەڕەشە و تۆقاندن. تەنانەت ئەندامێکی یەکچاوی بەعسی چوار کەسی لە ئێمە سواری ئۆتۆمۆبیلێک کرد. ئەگەر بمانویستایە دەمانتوانی لە دەستانی دەربهێنین... ئەو کابرایە لە تەبیاتەوە بە ئەدەب بوو. لەگەڵ من زۆر کرایەوە بوو، دەیگوت ئەگەر ئارەزۆ بکەیت دەتبەم بۆ سینەما، بەڵام نەدەشیا بێ برادەران بۆ هیچ شوێنێک بچم.

٥٤- قاسم حەموودی خاوەن ڕۆژنامەی «الثورة» بوو کە من لە ١٩٦٠ چەند گوتارێکم تێدا بڵاو کردەوە لە نەقدی خەتی مارکسایەتیی نێو سیاسەت و فەلسەفەی پارتی.

٥٥- ئەو تەلەبەیەمان دەناسی، «عبد الحسین فەیلی» گیرابوو لە پاش هێنان و بردنێک چەند شتێکی درکاند بوو لێی تەئمین بوون، هاتوچۆی هەمیشەیی دەکرد بۆ ئەو شوێنەی «مرکز الفضل» کە ئێمەی بۆ ماوەیەک تێدا ڕاگیراین. کە ئەو تەلەبەیە هاتە پاڵمان دوای بەینۆلکێک لە فرسەتدا «عبد الحسین» بانگی کردمە دەرەوەی ژوورەکەمان - گوتم تکەلبچنی - واتە کەلەپچەم دەکەیت؟ گوتی: «لا کاکە هذا الطالب جاسوس علیکم - ئەم قوتابییە جاسووسە بە سەرتانەوە» منیش بە توڕەیی و دەنگی بەرزەوە گەڕامەوە ژوورەکە و گلەیی قورسم ڕاماڵی حیزب و چەکدار و هەرای بێلزووم کرد... ئەو قوتابییە قسەکانی قۆستەوە و گوتی ئێوە کە وەها هەست دەکەن بۆچی لەگەڵ حکومەت نادوێن، ئەمانە و شتی دیکەشی گوت کە زانیم بۆچی بە پاڵەپەستۆی شوێن بزری هێنایانە لامان... لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕ ناکەم ئەو کابرایە زمانی خراپی لێ گێڕابین چونکە ڕەفتاری سەرپەرشتانی مرکز الفضل پتر بەلای مودارەوە دەچوو لەگەڵماندا. من برادەرانم تێ گەیاندن ئەو تەلەبەیە ڕاسپاردەی حکومەتە. «عبد الحسین» وای زانیبوو کە ئێمە بەڕێ کراین لە بەغداوە بۆ کوردستان جارێکی دیکە ناگەڕێینەوە بۆ بەغدا. کە گەڕاینەوە بۆ «مرکز الفضل» لە هەڵکەوتێکدا و زووبەزوو بە دابزڕکاوییەوە بە ساڵح یووسفی گوت: من هەرچی هەیە و نییە لە چاکە و خراپەی لکی پێنجەمی حیزبم «لکی بەغدا» خستۆتە ئەستۆی تۆوە کە بەلامەوە دەستی کەست ناگاتێ... دواتریش دەرکەوت ئەو قسەیە لە «عبد الحسین» ـەوە بە زۆر کەوت لەسەر ساڵح یووسفی... «عبد الحسین» تا ئەوساش بەرچاوی چەپەی ڕەش داگەڕابوو.

خوێنەر لێم بە داوێوە نەکات کە بە دوا کاتەوە دەوروتەسلیمی حیسابی کۆنی بۆ دەکەمەوە، ئەگەر دەرفەت هەبایە حەزم دەکرد لە سەرەتاوە هەموو ئاردی ناو هەنبانی دڵ و دەروونم بۆ هەڵڕشتبایە بەڵام لە هەوەڵەوە، لە هەشتاکاندا و لە قەوارەی گۆڤاردا، ئەو هەموو داستانانەی کە لە پۆرگی هەناومدا دەجریوێن ڕێی باڵەفڕەیان بۆ دەرەوەی دەروون نەبوو و ئێستاش هەر نییە مەگەر کەمتاکورتێکی بابەتی ئەوتۆیی کە تا ڕادەیەک هی باس لێوە کردن و جێی خۆشامەدی خوێنەری عادەتیشە.

تەجرەبەی هەرە گەورە فراژی بوونی هەست و هۆش و ڕەسینی بیروباوەڕە بە دەوری ڕووداو و تەجرەبەی شەخسی و تەنک هەڵبڕینەوە و وردەژمێری لێکدانەوەی دوور و قووڵە.

٥٦- لە خەوندا وەها هاتە بەر چاوم لە باداوەی مەلا ئەفەندی لەگەڵ عیزەددین بەیەکەوە لە پێش

هەیوانی ژێرەوەی دیوەخانە ڕاوەستاوین دیتمان تەیارەیەک بەلای گونبەدی مەرقەدی مردووانەوە نیشت، یەکێکی بالآبەرزی لێ هاتە دەرێ بەرەو لای ئێمەوە هات، چاوەڕوان بووم سەلام بکات، گوتی بۆ لای ئێوە نەهاتووم و بەرەو ژوورەی ماڵەوە ڕۆیی. ئەو سۆسەیەی شەوی نێوان ١١ و ١٢ ی حوزەیرانیش ئەوە بوو کە لە پەراوێزی لاپەڕەی ئەم چاپی دووەمەی گەشتەکەمدا مەیلەو بە درێژی نووسراوە. من و بابەکر پژدەری بەدیار کۆپتەرەکەوە لە دەرەوە ڕاوەستابووین، کاکە حسێن لە ژوورەوە بوو.

٥٧- ئەو چوار دۆستە مەرحووم کاکە زیاد و مەرحووم شێخ حسێن و شێخ حەمیدی خاڵە سەدر و مەحموداغای کاکە زیاد بوون.

٥٨- دوو ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی مام جەلال و مەرحووم نوری شاوەیس بوون.

٥٩- عەقید کافی نەبەوی پێمی گوت: ئایا دەتوانم منیش حازری ئەو دیدەنی کردنەت بم لەگەڵ مەلا مستەفادا؟ گوتم بەخۆشییەوە. بەڵام نەهات بۆ دیدەنییەکە. من لەگەڵ شێخ حسێن و حاجی سەیدی کوڕی شێخ حەسەن کە زۆر تامەزرۆی دیتنی مەلا مستەفا بوو، وێکڕا چووینە لای. دوای ماوەیەک شێخ حسێن و حاجی سەید بەجێیان هێشتین.

من قسەی سەرەکی و بنەڕەتیم لە وتووێژێکی دوورودرێژدا ئەوە بوو کە پێم گوت: بە چەپەکانمان مەفرۆشە! وەرامیشی بە چاوی ئاوتێگەڕاوەوە ئەوە بوو کە گوتی: هیچ ڕووناکایی یارمەتیدەرێک لەم دنیایەدا شک نابەم، دەڵێم بەڵکوو لە ڕێی ئەوانەوە ڕووسەکان سەرێکمان لێ خوار بکەنەوە.

خوێنەر دەبێ بزانێ کە ئەمەم بە مەلا مستەفا گوت نە کینی شەخسی و نە هیچ نیازێکی تایبەتی هانی دام. دەمزانی چەپایەتی کورد شۆڕشەکە بەلای نیازی خۆیدا دەباتەوە و دەیکات بە تێبەستە و پاشکۆی ئینتەرناشینال و لە ئاکامدا هەر قوربانییەکی کورد بیدات و دابێتی دەبێتە ڕەنج بەخەساری و هیچی لێ شین نابێتەوە جگە لە شەڕی چینایەتی کە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە ماڵ کاولی کورد و ئیفلاسی هەوڵەکانی.

ئەو شەوەی مەلا مستەفا قسە تاڵەکانی بەرانبەر حیزب دەربڕی، دواتر لە مەرحووم نوری شاوەیسم پرسی: تۆ وەرامدەرەوەی ئەو قسانە بایت لە جیاتی مام جەلال چیت دەگوت؟ گوتی وەڵلاهی لە قسەی لەوجەڕ و هەلەق و پەلەق بەولاوە هیچم بۆ نەدەهات.

٦٠- عەبدوسەلام پێوەندی بە بابەعەلی شێخ مەحموودەوە کردبوو کە ڕاسپاردەی ئاشتی نانەوە لە حکومەتەوە بە مەلا مستەفا ڕابگەیەنێت، ئەویش دۆستێکی خۆی هەناردبوو بۆ لای مەلا مستەفا کە ئەوسا دەمناسی بەڵام ناویم لەبیر نەماوە، وابزانم سەروکارێکی لەگەڵ پزیشکی، ئەجزەخانەدا هەبوو. من ئەو پیاوەم لەو هاتنەیدا نەدیت.

دوای گەیشتنی وەرامی پەسەند کردنی داخوازییەکەی عەبدوسەلام لەلایەن مەلا مستەفاوە، وەک دێتەوە بیرم، لە ماوەی حەفتەیەکدا، وەفدی حکومەت هات بۆ ڕانیە کە ژووانی لێ کۆبوونەوە بوو.

٦١- دڵگەرمییەکەی نووری شاوەیس جگە لە جوداوازی بیروڕا هۆیەکی دیکەشی ئەوە بوو کە زەدەی نەساغییەک بوو بەلای دڵگەرمییەوەی دەبرد و ئارامی لێ هەڵدەگرت تا ئەوەی لە توانایدا نەما بەردەوام بێ لە وتووێژی بەرەو ئاشت بوونەوە و گەڕایەوە بۆ مەکتەنی سیاسی. نووری لە تەبیاتدا هێمن بوو،

هەرگیز لەگەڵ مندا بە توندی نەدواوە. ئەو نەخۆشییەی لە ئاکامدا کاری لە دڵی کرد و بوو بە هۆی مەرگی.

لەو ڕۆژانەی موتەسەرریف دەهاتە ڕانیە هەرجارە چەند زەنبیلەیەکی سێو و پرتەقاڵ لەگەڵ خۆیدا دەهێنا ئیتر ئەوە بوو دواتر لە ناکۆکیدا دەگوترا کوردستان بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشرا... باوەڕ ناکەم مەلا مستەفا لەو مێوەیەی خواردبێت. جارێکیان بەتایبەتی موتەسەرریف زەنبیلەیەکی گەورەی بۆ من هێنا بوو، کەمێکی لێ گەیشتە ماڵی من لە قەڵادزە، سەپەرشتانی پێشوازی کردن لە کۆپتەری موتەسەرریف بەرخوردار بن شارەزا بوون لە تەخس و نەخسی دیارییەکی هاتبایە.

٦٢- ئەوەی بە من گەیشت نامەیەک بوو لە مەکتەبی سیاسییەوە، دڵسۆزانە نووسرابوو کە بەشداری بکەم لە کۆبوونەوە لەگەڵ مەلا مستەفادا بۆ ڕەواندنەوەی گیروگرفتی نێوان ئەو و مەکتەبی سیاسیدا. نەمپرسی خەڵقەکەی تر ئایە بە نامە داوەت کرابوون یان بە زار.

٦٣- ڕاستییەکەی داوام لە سەرەک وەزیران کرد موجامەلە لەگەڵ ڕەشید و عەلی کەمالدا بکات.

٦٤- من خەریک بووم دیدەنی لە مەلا مستەفا بکەم، بەر لە چوونم بۆ لای بە چەند دەقیقەیەک ئەو نەشرەیەم خوێندەوە کە تازە بە تازە وەک بەفری هەوەڵ شەو گەیشتبووە ڕانیە. پێی ناوێ بڵێم لە ڕادە بەدەر هەستمی بریندار کرد، من کە لەسەر داوەتی مەکتەبی سیاسی بێم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە - بێگومان هەموو مێوانەکانیش بە دوا داوەتی مەکتەبی سیاسییەوە بۆ بەرژەوەندی کورد زەحمەتی ڕێگا و ئیحتیمالی حکومەت تۆراندنیان هەڵگرتبوو، داوەتەکەش لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەرکردنی دڕدۆنگیی نێوان مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی بێت چۆناوچۆنی دەشێ مەکتەبی سیاسی ئەو بەیانە بێڕەحم و ئینسافە ڕاماڵێ بناگوێی سەرۆک و بەرۆک و گەرۆک و نەگەڕی کوردەواری بکات؟ چوومە لای مەلا مستەفا باسی ئەو بەیانەم نەکرد پێوەی دیار بوو جارێ ئاگادار نییە لێی. دوای دوو سێ دەقیقە بارزانییەک هاتە ژوورێ کاغەزێکی بەدەستەوە بوو، زانیم هەمان بەیانە. کە مەلا مستەفا بەیانەکەی وەرگرت و کاغەزەکەی لێک کردەوە بەدەست خۆم نەبوو وەک منداڵی ساوا بە پاڕانەوەیەکی بێجێ و بێسوود گوتم: توخوا مەیخوێنەوە... خوێندییەوە و بێهەست کاغەزەکەی پێچایەوە... هەڵبەت ئەو بەیاننامەیە هەموو تەئسیرێکی هاتنی کوردەکانی بەغدایەی سڕییەوە بەڵام بێ ئەوەی بە قسە شتێکم گوێ لێ بووبێت لە مەلا مستەفاوە.

بۆ شیرن کردنەوەی ئەم تاڵاییە نوکتەیەکی ڕەشید عارف دەگێڕمەوە لە دەمی هاتوباتی خەریک بوون لە بەرتەرەف کردنی ناکۆکی نێوان مەلا مستەفا و حیزب. ڕەشید پێمی گوت، حیزبێکمان داناوە حیزبی شێتان، مەلا مستەفا سەرۆکیەتی، وابزانم ڕەشید خۆی سکرتێر بوو، ئەندامەتیشی مەرجی قورسی تێدایە دەبێ کابرا ئیسپاتی شێتایەتی خۆی بە شایەد و مایەد بکات. لەو قسانەدا بووین، کات شەو بوو عەلی کەمال ڕووی لە کۆمەڵێکی ئاغای دزەیيان کرد پرسی ئێوە بۆچی هاتوون، گوتیان حکومەت لە دێیەکانی خۆمانی دەرکردووین و بێ کار و کاسبی و بێ تەعویز پەراگەندە بووین بەڵکوو مەلا مستەفا چارەیەکمان بکات. عەلی کەمال لە دڵگەرمیی کوردایەتییەوەی گوتی: بڕۆن دەریان کەن باوکیان لە کەر بکێشن و وەها و وەهایان لێ بکەن... ڕەشید بە بەردەستەکەی سکرتێری حیزبی شێتانی گوت: «کاک عەلی کەمال بە ئەندام قبولە بێ شروط...».

لێرەدا وەفاکاری داوا دەکات شایەدییەک بۆ عەلی کەمال بدەم کە هیچ موحتاجی شایەدیش نییە لە کەسەوە بۆ دڵسۆزیی ئەو لە ئاست کورد و کوردستاندا، ئەو ڕۆژەی کە لە دیدەنی نووری سەعیدا باسی بڕییی نێوان کۆیە و ڕانیەم کرد، نووری سەعید گوتی: عەلی کەمالیش شکاتی ئەوتۆی کردووە لام لە بارەی ڕێوبانی ناوچەکەوە.

٦٥- ئەو شەوەی نێوان ١٣ و ١٤ تەمووز کە بڕیارەکانی تەئمیم لەلایەن مەجلیسی وەزیرانەوە بە حازربوونی سەرۆک کۆمارەوە ئیمزا کرا من لە بەغدا نەبووم، چووبووم بۆ کەرکووک. سەرەک وەزیران «طاهر يحيى» ڕۆژی ١٣ تەمووز تەسریحی خۆی لە ڕۆژناماندا بڵاو کردبۆوە کە نیازی تەئمیمی بانک و پارەی پارەداران لە بەرنامەی حکومەتدا نییە... سبەینێ لەو دەمەدا کە ڕۆژنامەکان تەسریحی ڕۆژی پێشووی سەرەک وەزیرانیان بڵاوکردبۆوە کە تەئمیم جێی باس کردن نییە، سەرەک وەزیران خۆی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بڕیارەکانی تەئمیمی دەخوێندەوە. دواتر زانیم شەوی نێوان ١٣ و ١٤ ی تەمووز، وەزیرەکانی سەر بە «ناسریزم» هەڕەشەی ئیستیقالە کردنیان لە ڕووی سەرۆک کۆمار و سەرەک وەزیران دابوو ئەگەر تەئمیم ئیمزا نەکرێت... ناچاری ئەو هەڵوەستە ناقۆڵایەی ڕەخساند.

٦٦- ئەو کۆبوونەوەی چوارتا من بە دووانێکی نە کورت نە درێژ سەرەتای وتووێژم کردەوە. بە عادەتی جیهانی سێیەم مەنهەجی ڕێک خراو لە نێواندا نەبوو، چوونەکەمان وەک سەردانێکی دەروجیران بکەین وەها بوو. قسەی چەور و لووسی تێدا دەکرا... هەموو براین، شەڕ بەدە، ئاشتی چاکە، هەنگوین شیرنە، دوو جاران سێ دەکا پازدە ... هتد. لە پشوویەکدا کوردێکی مەکتەب دیدە هاتە پێشەوە و هێندێک قسەی کرد، بە تێوەرێخ ناوی ئیبراهیم ئەحمەدی هێنا و وشەیەکی نالەباری وەپاڵ دا، من بە دەنگێکی ئەوتۆ کە «عبدالرحمان عارف» لە تەنیشتی ڕاستمەوە و مەلا مستەفا لەولای ئەوەوە بی بیستن گوتم: ئیبراهیم ئەحمەد ئەوە نییە کە گوترا، هەڵکەوتێکی نالەبار خستییە جێگەیەکی هەڵەوە ئەگەرنا لەوانە بوو ئێستا لەگەڵماندا بێت و بۆ ئاشتی گشتی بکۆشێت. من قسەکەم ڕووی لە مدیری حەرەکات «وابزانم عبدالمجید ناوێک بوو» بوو بەڵام خۆم ڕووم وەرنەگێڕابوو، تەماشای پێشەوەم دەکرد کە جەماوەری گوێگران بەرانبەرمان بوون... ماڵم حەقە مدیری حەرەکات [یان هەر وەزیفەیەکی دیکەی وەک ئەو بێت] بە دەنگێکی عادەتییەوە گوتی «وجهه نظر معقولة».

ئێوارە لە خزمەت مەلا مستەفادا بە پیاسە لە ئاوایی دوور کەوتینەوە، عەباسی مامەنداغا و یەک دوو کەسی دیکەشمان لەگەڵدا بوون، عەباساغا بە ئانقەست خۆی دوا خست، مەلا مستەفا و من ماینەوە بۆ قسەیەکی پێویست بێت. لەو هەڵکەوتەدا بوو لێم داوا کرد ڕوخسەتم بدات ئازاد بم بۆ ئیستیقالە دان کە هات و کار گەیشتە ڕادەی زەرووڕەت، بەڵام بە لەهجەیەکی زێدە هێمن گوتی باسی ئیستیقالە مەکە.

لەو ڕۆژانەدا عەلی عەبدوڵڵا دەستبەسەر بوو لە چوارتا، بەینێک بوو نەمدیتبوو.

٦٧- لە دەمی کۆبوونەوەم لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەت، داوام کرد کە پێویستە چوونەکەم شیرناییەکی پێوە بێت، هەندێک نەقدینە و پیتاکم لەگەڵدا بێت... گوتیان کە گەڕایتەوە بە خۆشی چەندی دەڵێی حازرە... کە چوومە لای مەلا مستەفا و لە دەمی وتووێژدا کە کۆمەڵێک لە بەرپرسانی شۆڕشی تێدا بوو باسی ئەو یارمەتییە بەڵێن دراوەم کرد کە هەر نەبێ تا وەردەگیرێت نەختێک ئارامی بپارێزرێت، مەلا

مستەفا دەستی بۆ هەمووان درێژ کرد گوتی: ئەمانە هەموویان وەکوو کابرای بێتاڵعن کە مەشوور بوو بە «بێدەوڵەت»: جارێکیان لە سەفەردا بوو بە پێیان دەیکوتا تا گەیشتە شوێنێک ویستی خۆی تاقی بکاتەوە ئایا دەتوانێ بۆ ماوەیەک چاو بنووقێنێت و رێگە دەرکات، تومەز لەو مەودایەی بە چاوی نووقاوەوە دەڕۆییشت دەرگەی خەزنەیەک کرابۆوە و دەرفەت نەبووبوو دزان خەزنەکە ڕاگوێزن - کابرای بێدەوڵەت دوای ڕەت بوونی لە خەزنەکە بە ماوەیەک، چاوی هەڵهێنا و چەپڵەی بۆ خۆی لێ دا و ئافەرینی کێشا لە زیرەکی خۆی... ئائەمانەش کە لێرەن هەر وەکوو بێدەوڵەتەکە دەکەن هەتا ئەو یارمەتییە لە کیس نەچێ ئارام نابن.

٦٨- ئەو قسەیەی «فریق طاهر یحیی» لە دەمانێکدا بوو جارێ وەزیرە وەحدەوییەکان نەهاتبوونە وەزارەت. دواتر کە بوون بە وەزیر ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی دڵ و فیکر کرانەوەی دۆستانەدا زۆر مەحرەمانە لەگەڵ «طاهر یحیی» دا دەدوام، قسە هاتە سەر پەلە کردن لە سەر یەک بوونی عیراق و میسر... من گۆشە نیگای خۆم دەبڕی کە وەحدەی ناپوختە خۆی لە خۆیدا بەردەوامی هەڵناگرێت چ جای ئەوەی پرس بە میللەتی عیراق نەکرابێت. «طاهر یحیی» پڕ بە دڵ بەڵام لەگەڵ گرژینەوەدا گوتی: وەڵڵاهی بێ پرسی میللەت وەحدە ئیعلان بکرێ ئێمەش لە کوردستانەوە هەتا ئەو سەری عیراق هەرا دەنێینەوە. لەم بابەتە هەر ئەوەندە گوترا و دووبارە نەبۆوە نە لە ئەوەوە و نە لە منەوە.

٦٩- لە ئاڵقەیەکی گەشتەکەمدا گوتبووم ناوی سەفیری سویدیم لەبیر نەماوە، زۆری نەبرد پەرۆشدارێکی مەرد کە بەداخەوە ناوی ئەویشم لەبیر نەماوە، لە سویدەوە نامەی بۆ هەناردم تێیدا نووسیبوو کە لە ڕێی وەزارەتی خارجییەی سویدەوە ناو و ئەدرەسی ئەو سەفیرەی وەرگرتووە وا بۆمی دەنێرێت تا لە دواڕۆژدا کەلێنی پێ بگرم. کە هاتمە سەر پێدا چوونەوەی گەشتەکەم چەندێکی بەدوا ئەو کاغەزەدا گەڕام نەمدۆزییەوە زۆر شتی کە لزومم پێیان نەبوو، هێندێکیان گرنگیش بوون، هاتنە بەرچاوم بەڵام ئەو نامەیە دەرنەکەوت. لەبیرم نەماوە ئایە نامەم بۆ ئەو مێرخاسە لە بری سپاسگوزاری ناردووە یان نا، لێرەدا عوزرخوازی لێ دەکەم کە حاڵی تەرتیباتی «نووسیمەنیم» بێ تاموشامە، عەرەبی عیراق گوتەیەکی هەیە دەڵێ: «لحیة الپاشا فی بیتنا مکناسة» واتە لە ماڵی ئێمە ڕیشی پاشا گەسکە، ژوورەکەی منیش لەو بابەتەیە.

٧٠- لە بارەی مەرسوومی بوونم بە ئەندامی «مجلس الخدمة» پێویستە بڵێم: من زانیم لە ڕۆژی (وەک لەبیرمە) ١٤-١٢-١٩٦٦ بڕیاری دامەزراندنم لە «مجلس الخدمة» لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووبوو هەرچەند مەرحووم ئەحمەد کەمال وەزیری «ئاوەدان کردنەوەی شیمال» بەرهەڵستی لێ کردبوو گۆیا مەلا مستەفا - کە ئەو دەمە لەگەڵ حکومەت ڕێک بوو - بەو بڕیارە ڕازی نابێت. بەڵام قسەی نەڕۆیی بوو. وەزیری وەکوو غەریبی حاجی ئەحمەد بە دەمیشیدا هاتبوونەوە.

چەند ڕۆژێک بەسەر چوو مەرسوومی جمهووری دەرنەچوو، منیش سەغڵەتی بێدەرامەدی بوو مچوومە لا «سعید صلیبي». ئەو دەمە «ئامیر مەوقعی» بەغدا بوو شوێنەکەی لە وەزارەتی بەرگری بوو. ئەم سەعید صلێبییە لە هەردوو ئینقلابەکەی عارف عەبدوڕڕەزاق بوو بە هۆی پووچانەوەیان و پاراستنی بنەماڵەی

سەرۆکایەتیی کۆمار. تەواوێک موجامەلەی کرد و بەڵێنی دا... چەند رۆژێکی دیکەش تێپەڕی بێ ئاکام، ئیتر داوام کرد بچمە لای سەرۆک کۆمار کە ئەوسا «عبدالرحمان عارف» - برا گەورەی عەبدوسەلام - بوو...

من لە ژووری سەرۆکی دیوان دانیشتبووم بە دیار چۆڵ بوونی ژوورەکەی سەرۆک دیتم «سعيد صليبي» هاتە ژوور و بێ سەرخوار کردنەوە یەکسەر چووە لای سەرۆک، کە دەرچوو بێ سەرخوار کردنەوە رۆیی. سەرۆک بەخێری هێنام، منیش مەسەلەی تەعینەکەم باس کرد گوتی: بەڕاست کابرایەکیش، نازانم کێ بوو، بە بیری هێنامەوە... لەگەڵ قسەکەیدا دەستێکی مەیلەو بێباکانەی هێنا و برد و «ئا ئا ... سعيد صليبی» یەکیشی گوت. ڕاستییەکەی ئەو ڕەفتارەم لێ گران هات هەرچەند رووی لە خۆم نەبوو بەڵام «سعيد صليبي» پایە و رووەتی دوو سەرۆک کۆماری لە دوو جاراندا پاراست یەکێکیان عەبدوڕڕەحمان عارف خۆی بوو کە هێندە بەسەر زارەکی ناوی هێنا. لەو رۆژەوە سەرم بە قەسری جمهوریدا نەگرت، سەرۆک کۆماریشم نەدیتەوە هەتا جارێکیان لە وەزارەتی بەزازدا ئەمیری کوێت داوەتێکی کرد لەسەر شەرەفی سەرۆک کۆمار منیش بانگ هێشتن کرابووم وەها ڕێک کەوت شوێنی من کەوتە رۆخ بەزاز کە بەینیشمان چاک نەبوو، بەولایەوە سەرۆک کۆمار بوو... هەردوویان مەرحەبایان کرد.

دوای یەک دوو رۆژ لەو دیدەنییەم لە سەرۆک کۆمار مەرسووم گەیشتە مەجلیسی خدمە. وابزانم لە ٢٨-١٢-١٩٦٦ دەوامی ئەو وەزیفەیەم کرد. نەشچوومە سپاسگوزاری سەرۆک کۆمار... کە ئەو لادرا چوومە موبارەکبادی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر.

٧١- بەداخەوە قەرزدارییەکەم لە هەشتاکاندا بە مەرگی «نعمان بكر» کۆتایی هات، وردەوردە دنیاکەشی وەها گۆڕا ماست بە ڕەهایی نەگاتە بەغدا. لە بیرەوەری ئەم مەردە بەوەفایە دوو رووداوی عادەتی زێدە بچووک دەگێڕمەوە پێوەندی هەیە لەگەڵ نەریتێکی کۆن: رۆژێکی پێنجشەمۆ کە بەیەکەوە چووینە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی بۆ گەڕانەوەی بەرەو ماڵمان دوای دەوامی ڕەسمی، لە پڕ پژمی، من گوتم یاحفيظ! گوتی وادیارە بەرانبەر پژمین بەدبینیت، گوتم زۆر جاران، ڕێکەوت بێت و شتی دیکە بێت پێوەم دیتووە، بەڵام هەر ئەوەیە حەزی لێ ناکەم نەک بە هەندی هەڵدەگرم... هاتین هەتا لە دیجلە پەڕینەوە و لە چوارڕێیانی لای کۆشکی جەمهووری نعمان گوتی ئەها! وەڵڵا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مەجلیس، کوڕەکەم ئەزموونی لە پێشە کتێبێکم بۆ خواستۆتەوە و لەبیرم چوو لەگەڵ خۆمیدا بهێنم، سبەیش جومعەیە ئەگەر بۆی نەگەڕێمەوە کەڵکی پێوە نامێنێ... ئنجا هاتە سەر هێندەی کە سەیری بە پژمینەکە بێتەوە کە مەشوورە دەبێ سەبری لەسەر بگیرێت. جارێکی دیکەش لە هاتنەوەمان بەرەو ماڵ سێ بەشی ڕێگەمان بڕی بوو، لە ناکاو نعمان پژمی، ئەمجارەیان خۆی گوتی یاحافظ! خوێنەری بەڕێز و ئازیز بەو پێوەندییە پاک و پیرۆزەی نێوان ئێوە و مندا سوێند دەخۆم دەوری دووسەد مەترێک ڕۆیشتین کابرایەکی جلکی سەربازی عەسکەری لەبەر کە ڕێبوار بوو بەسەر سنووری نێوان دوو لایەنی شەقامەکەوە دەڕۆیشت، لە زارکی شەقامێکی فەرعی کە دەهاتەوە تێکەڵ بە ڕێبازی ئێمە بێت لێمان بوو بە «شرطي مرور» و تەنها ئێمەی ڕاگرت بۆ چەند پشوویەک و ئنجا ڕێگەی داین بڕۆین. تۆبڵێ خدری زیندە بوو، وڕێنە بوو، ئەفسانە بوو، یان کابرا شێت و وێت بوو... ئەمجارەیان بەڕاستی نعمان و منیش زۆر بە زیادەوە سەرمان

لەو ڕێکەوتە سوڕما چونکە شتێک بوو کە نەدەشیا ڕوو بدات.

٧٢- ئەم کاغەزە سپییە ئیمزاکراوە لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕۆژەک لە ڕۆژان، بە پێی مەسڵەحەتی سیاسی، ببێتە هۆی سزا و چەکمەسەری کەسێکی بۆی ئیمزا کراوە.

٧٣- لە ١-٦-١٩٩٢ کۆچی دوایی کرد. سینەم خانی کچی ڕۆژمەرگەکەی پێ گوتم.

٧٤- خوێنەر دەبینێت سەرەتای ئەو دەقە بە جۆرێک دەست پێ دەکات پێوەی دیارە بە دووا چەند وشە و ڕستەیەکدا هاتووە چونکە نازاندرێ بۆچی «لەوانە بێت خلیسکی زمان» ببێتە هۆی تێچوونی کەسێک. من ئەسڵە نووسینەکەم لا هەبوو بەڵام نای دۆزمەوە ئیتر ناچارم چی لەو نووسینە بەر چاپ کەوتووە ئەوە وەردەگێڕمە سەر کوردی:

... لەوانەیە خلیسکێکی زمان لەناوی ببات کە ئەگەر حاڵ و بار عادەتی بووایە لەوانە بوو بزەیەک بخاتە سەر لێوانەوە. لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەم بارە تەنگە و سەلماندنی حوکمیشی دیسانەوە دەشێ لە ئاکامی هەڵوەستی بێ لایەنیم و سەربەخۆیی بیروباوەڕم و بێ تەماییم ڕاببینم کە بەشێکی زلی ئەو تەنگەتاوییە بڕەوێتەوە و هەڵکەوتێکی ئەوتۆ بەدەستەوە بدات مەرایی تێدا نەبێت.

ئەم پێشەکییە دەهێنمەوە بە نیازی پاکانە بۆ ڕاوێژێکی بە توێکڵ یا دوورەپارێز لە قسەکانمدا دەر بکەوێت هەرچەند ویستووشمە تا ڕادەی شیان و لوان سەڕاحەت گۆ بم نەکا بێلزووم تەماوی دەرکەوم وەیا باشم لێ حاڵی نەبن.

دەمەوێ بە ویژدانێکی بێلایەن و خۆلەبیرکردوو بدوێم هەرچەند دەزانم هەوڵی ئەوتۆیی کارێکی زێدە دژوارە چونکە یەکچوون بوونی هەڵوەستی مرۆ لە ئاست خۆی و خزم و عەشرەت و میللەتەکەی وەک هەڵوەستی بێت بەرانبەر غەوارە و بێگانە لە مەسەلەی ئەوتۆدا پێوەندییە بە بەرژەوەندی قەومایەتی و چارەنووسەوە هەبێت دەچێتە پلەی «تەکلیفی هەڵگەڕانەوەی شتێک دژی سروشتی خۆی» چەندێکیش بمەوێ فەرامۆش بکەم کە شوێنێک لە شوێنەکانی کوردستان تەرمی باوکم و باپیرم و باوکی باپیرمی گرتۆتە خۆی بە هیچ ئاکامێک ناگەم، هەتا حەق و ناحەقیش کەڵەکە بکات لە هەڵکەوتێک کە خوێنی دۆست و خزمی تێدا ڕژابێت هەر ئەو بەیتەی خوارەوە دەبێتە دروشمی کێلەقەبری خوێنستانەکە:

دم الود والقربى وان كان ظالما

عزيز علينا ان نراه يسيل

هەرچەند خوێنی دۆست و خزم ستەمکاریش بێ

لەلامان گرانبەهایە کە ببینین دەڕژێت

ئنجا ئەگەر دەنگی لەو بابەتە خامۆش بوو و ئەو جۆرە شەبەنگانەش لە قووڵایی دەروونەدا شرانەوە و شیا تەنها هۆشوگۆش بە دەنگ بهێندرێت تا وەکوو هۆشی ئەلیکترۆنی بکەوێتە کار، دوور لە سۆز و لایەنگیری و خوتخوتە بۆم هەیە بڵێم «مەسەلەی کورد» لە نێوان تێکڕای واقیعی عیراقدا لەبەر تیشکی ئەم سێ تێبینییانەدا دابینم:

یەکەم: دان هێنان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی بەرینە لە ڕاڕەوی ئێستاکە

و دوارۆژی ئەم میللەتە کە دەشێ یەکراست بە قۆناغی گۆڕانکارییەکی مێژوویی لە ژیانی سیاسی و مافە نەتەوایەتییەکانی حیساب بکرێت کەوا بێگومان ئانیشکەیەکی بەرەژوور چوونی هەویا ڕەواکانی کوردە لەهەر کوێیەک بێت و تەکانێکی بەرەوپێشی وزەیەتی بەرەو نەخشەکێش کردنی چارەنووسی خۆی لە مەفتەنەکانی کورد لە دەرەوەی عیراق.

دووەم: ئەو لایەنەی ئەم بنەمایەی دان پێدا هێنا توانی لە کۆسپی گەورە تێپەڕ بکات بەرەو تەرجەمەی هەمەگیی بڕیاری مێژوو بۆ کردەوەی زیندوو لە واقیعی ژیاندا، لەمەشدا دیمەنی بەرچاوی خملاند و غەیبی دوارۆژی لێ پالاوتە کرد. ئەم هەست کردنە بە بڕیاری مێژوو وێڕای ئەو جورئەتە لە سەلماندنی داخوازییەکانی لێی چاوەڕوان دەکرێت کە دوارۆژ بەرەژوور چوونی هەنگاوی ئێستاکەی بێت چونکە مێژوو هەمیشە بەرەو خێراتری دەبزوێت. دواتر دێمەوە بۆ ئاکامێکی لەم تێبینییە هەڵستێتەوە ئەویش پاش بەسەرچوونی نوختەنیگای سێیەم.

سێیەم: نە ڕاستە و نە دروستە پێگیری بکرێت لە کێشانی ئەو خەتەی چوارچێوەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی دەست نیشان دەکات چونکە مادەم عەرەب و کورد سووربن لەسەر پێکەوە ژیان و بەردەوام کردنی، زیانێک لەوەدا نییە ئەو خەتە لێرە نەختێک هەڵکشێت و لەولاتر کەمێک داکشێت بەپێی داخوازی بەرژەوەند. لەوانەشە فراژووتنی ئابووری داخوازی بکات کە نەختێک لە ئەرزی عەرەب تێدا دانیشتوو وەپاڵ ئۆتۆنۆمی بدرێت یان ئەرزێکی کوردنشین بخرێتە سەر ئیدارەی مەرکەز (بەغدا)، بەڵکوو لەوانەیە جۆرێک لە پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب هەستی دۆستایەتی نێوانیان پتەوتر بکات. بەڵێ ڕاستە کە پێویستە فکرەی ئۆتۆنۆمی مەبەستە بنەڕەتییەکەی لە دابین کردنی هەستی نەتەوایەتی کورد بهێنێتە دی بەڵام هەروەها ڕاستە کە ناشێ «پێکەوە ژیان» لەسەر گومان و مەترسی دامەزرێت، قسەش لەو بوارەوە درێژخایێنە، کورتە و پالاوتەی ئەوەیە کە هیچ دروشمێکی پەڕگیر «متطرف» لە هەر لایەکەوە بێت ناتوانێ خزمەتی بنەمای برایەتی و پێکەوە هەڵکردن بکات و هەرچی لێک نووسان و گوریسکێشەکی هەیە هی دەمێکە کە دڵان لە یەکتر دەتۆرێن و بەرەو لێک ترازان دەبنەوە. خۆ ئاشکرایە بۆ هەر چاوێکی بینا کە لایەنی عەرەب تواناترە لە کورد و هۆی گومان و پێک کەوتنەوە بمژێتەوە بەو هەموو دارایی مادی و ڕامیاری و بنیادەمی و جوغرافیایی و شارستانی بێسنوورەیەوە «لە چاو کورد» هەر ئەوەندەی بەسە کە هێند ئیرووە کە چۆتە ڕەمزگەی دەوڵەتانەوە وەک لایەنێکی تەما پێ بووی و کۆمە لێ کراویش.

لەمەش بەولاوە عەرەب خۆی بەرپرسیاریی دەسەلاتی هەڵگرتووە بەوەشدا بۆتە بەرباری سینەفەراحی و لێ بووردن کە «دەسەلات» خستوویەتە ئەستۆیەوە وێڕای لایەنی پاراستنی سەرلەبەری دەوڵەت بە میللەت و خاکییەوە.

دەسەلات لە هەر کوێیەک بێت داوای لێ دەکرێ دڵ بکاتەوە بۆ تێکڕای خەڵق چ دۆست بێت و چ داواکار [وەهام لەبیرە من وەختی خۆی لە جیاتی «مُطالب» وشەی «مُعارض» م بەکارهێنابوو] و چ بێلایەن. ئەمە دەڵێم بە نیازی ڕوون کردنەوەی مەبەست و دیار کردنی ئێستگەی دەسەلات لە گۆشەنیگای «هەڵگرتنی ئەمانەت» دوە لە چاو خەڵقی تر بە تاک و کۆمەڵیەوە.

چوارەم: دەبێ چاوەدێری بەرژەوەند و مافی تاکی کورد بکرێت لەوەدا کە بیەوێ دوورەپارێز بێ لە

حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کە خەریکە هاونیشمانیەتی خۆی بەکاردەهێنێت و زەریبە دەدات و فەرمانی سەرشانی بەجێ دەهێنێت. لەوەتەی بەیاننامەی یازدەی ئازار دەرچووە لە تاقیکردنەوەدا بۆم ڕوون بۆتەوە تاکی کورد سەنگی دۆڕاندووە مەگەر لە جغزی ئەو لایەنەدا بێت کە بەشداری بەیاننامەی ئازار بووە. من لێم داوا ناکرێ بەهانان بۆ حکومەت بدۆزمەوە کە دەمکووژێنێتەوە و کەسایەتیم دەشێوێنێ و بەرەژێرم دەبا بۆ پلەی هاونیشتمانی دەرەجە چوار. هەروەهاش دەگوترێ لە بارەی عەرەبێکی بیەوێت گۆشەگیربێ لە حیزبە سیاسیەکان.

ڕەوا نییە لە هیچ نەریتێکی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و یاسایی و فەلسەفی و بەرژەوەندی کە هاونیشتمان وێڵ و ڕێزی خۆی لە پسوولەی خۆدانەپاڵ حیزبێکەوە دەرۆزە بکات، لەمەشدا بەرپەرچ نادرێمەوە بە گوتەی کەسێکی بڵێ چ یاسایەک و دەستوورێک و شتێکی ئەوتۆیی بڕیاری وەهای نەداوە چونکە بەسە بۆ ئەوەی هاونیشتمانییەک هەستی سووکایەتی بکات کە هاونیشتمانییەکی بۆرەپیاو داوای دیدەنی بەرپرسێکی «حکومەتی» کرد ڕێگای لێ ببەسترێت و کە پسوولەی حیزبایەتییەکی بەهێزی دەرهێنا، باوەشی بۆ بکرێتەوە. دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کە لە کۆتایی بەندی «دووەم» دا هێمام بۆی کرد.

لە نێوان ژمارەیەکی بەرچاوی خاوەن بیروڕای کورد بینینێکی خەستی سیاسی هەیە لە بارەی یەکێک لە بنگە هەرە گرنگەکان کە واقیعی کار و بەرژەوەندە زلەکان بەسەریەوە دەوەستن لە ڕۆژهەلاتی ناوەندی. منیش خۆم لەو بینینەدا دەبینمەوە و متمانەم پێی هەیە و ڕەنگە خۆم یەکێک بم لە کوردانی کە هێمای بۆ ئەم لایەنە کردبێت پاش ماوەیەکی کورت دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووز. جا ئەگەر کەسێک بچێتەوە بۆ ئەو گوتارانەی ساڵی ١٩٦٠ لە ڕۆژنامەی «الحریة» دا بلاوم کردنەوە بە ئیمزای «هوشیار» ئادگاری ئەو بینینە و هێڵە پانەکانی، بە ئاشکرایی، لە دێڕەکانیدا سەرەتاتکەی لێ دەکەن، پالاوتەی ئەو بۆچوونەش ها لە ژێرەوە:

ئەو هێزانەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەندا زۆرەملێیانە هەوڵ دەدەن لەو گەپەدا کاغەزی مسۆگەر بدۆزنەوە و ئەو سەرەپەتانە دەردەست بکەن کە ئاکتەرەکانی سەر شانۆ دەبزێون، هەر کامێکیان زۆری لەو کاغەز و پەتانە وەدەست هێنا توانای مناوەرەی پتر دەبێت. ئەم ڕاستییە لە ڕادەی بەلگەنەویستدایە و بە ئاسانی پەنجە هەستی پێ دەکات. لە ژێر ئەم ڕاستییەدا، یاخود بە تەنیشتییەوە، ڕاستییەکی دیکەش هەیە نزیکە هێندەی ئەو بەلگەنەویست بێت. مەگەر چاو بەلغی لێ نیشتبێ. بریتییە لەوەی کەوا بەهێزترین و قەیمترین و مسۆگەرترین ئەو کاغەز و سەرەپەتانە کاغەزی «واقیعی میللەتی کورد» و ئەو بەنەی پێیەوە بەستراوە: هەر لایەنێک دڵ و سۆزی ئەو میللەتە دەردەست بکات کاغەزێک لە دەست دەگرێت لە هێز و پلەی «بۆمبای قورمیش کراو» ی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بێت کە لەنگەری تەرازووی کاران و ڕاڕەوی ڕووداوان ڕادەگرێت. میللەتێکی بەلای کەمەوە ژمارەی بگاتە پازدە ملیۆن کەس و بەسەر ڕووپێوێکی زەوی هێندەی دەوڵەتێکی مام ناوەنجی پان و بەرین نیشتەجێ بێت و شوێنەکەیشی لە جەرگەی گرنگیی ستراتیجی بێت و چاوەچاوەی دووەمین نیوەی سەدەی بیستەم هەلپەوکلپەی جۆشاندبێت بۆ چالاکی و توندوتۆڵی وێڕای پاشخانێکی مێژوویی بیست و ئەوەندە سەدەیی لە وەیشووم و فەلاکەت و ستەم و لێ پچڕین...

ئائەو میللەتە سپایەکی یەدەگە، بەڵکوو سپایەکی کارایە قورسایی خۆی دەهاوێتە دەستەتەرازووی جەنگی لایەنێک مامەڵەی چاک بێ لەگەڵیدا و برینەکانی ببرژێنێتەوە. بڕیارێکی سروشتییە کە ڕێک هاتن و دژایەتی نێوان بەرژەوەندی ئەم میللەتە (کورد) و هێزە تێک گەڕاوەکانی ناوچەکە لە پلەی هەمەچەشنەدا بێت بە پێی بارودۆخی هەر یەکێک لەو هێزانە: لەوانەیە یەکیان بە درێژایی مەودا و ڕۆژگار کوردنەویست بێت و دووەمیان بە پێی کژ و کات هاوبەرژەوەند بێت و ئیتر لەم بابەتە...

بەڵام چ هۆشدارێک بۆی نییە نەزانێ کە بەرژەوەندی عەرەب تێک هەڵنائەنگوێ لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم میللەتە تا ئەوەی دووارۆژێکی بەربیر و بەرچاو بێت و حیسابی بۆ بکرێت. بەرهەڵستییەکی ئەم بیروڕایە بکرێت بەوەدا لێک ژەنینێکی ئازاربەخش لە نێوانیاندا لە بەشێکی خاکی عیراقدا هەیە بەرپەرچ دەدرێتەوە بەوەی کە مەیدانە پانەکانی یەکیەتی «بەرژەوەند و هەڕەشە» بەبەریەوە هەیە هەزمی هۆیەکانی ئەو لێک ژەنینە بکات و لە کاتێکی کەمتر پێویست بۆ نووسینی گوتارێک لە بارەی مەوزوعەوە تێی ببات. هەر ئەوەندەشی دەوێ هەر دوو لایەن (کورد و عەرەب) وێکڕا لە تێگەیشتنی ڕاستینەی بەرژەوەندیان و ڕاستینەی هەڕەشەی لێیان دەکرێ بە جووتە کۆببنەوە. عەرەب بەو هەموو بەرڕ و دەریا ودارایی و مەرکەزی ژیاری (حضارة) کە هەیەتی حۆجەی پڕوپاتاڵی کورد نییە بەڵام بێگومان پێویستی بە هاوپەیمانێکی سروشتکرد هەیە گومان لە هەڵوەست و بەرژەوەندی نەکرێت. بگرە پێویستی بە کۆمەڵێک لەو جۆرە پشتیوانە هەیە سەبەب بە مەزنەشەڕی بەسەریدا دەسەپێت وفرەمەیدانی تێدا دەجەنگێت و هێزی ناحەزەکانی و هەڕەشەی سەر بەو فاکتەرانەوە.

خۆ کوێریش لەوانەیە ببینێت کە لە دەسەڵاتی کورددا نییە مرخی لە هیچ بەرژەوەندێکی عەرەب خۆش بکات چ جایی ئەوەی واقیعێکی ئاڵۆزی درووکاوی دەوری لە بنیاتی کورد داوە خەریکە ئومێدی ببڕێت لە هەرچی یارمەتییەکی دەرەوەی وجودی خۆی هەیە مەگەر ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ لە عەرەبەوە بۆی بێت ئەویش بەهۆی گونجانی سوودی هاوبەشیانەوە... قسەش لێرەدا درێژخایێنە و هەمیشە سەر بە ئەنجامێکەوە دەنێت کە بریتییە لەوەی ئەگەر عەرەب و کورد ناوەڕۆکی شتان و ڕووداوان بفامن و ڕاست بکەن لە ڕانواندنی دیتن و تێگەیشتنی «هێماکانی دووارۆژ» هەر ئەو ڕێبازەیان لەپێشە بەرەو بەرژەوەند بڕوات کە ڕێبازی تەبایی و پێکەوە هەڵکردن و سەرئەنجام تێک بەسترانە. لێرەشدا قسە بە زۆر لکدا پەخش دەبێت کە لە وزەی نووسەر دەردەچێ ئامێزی پێدا بگرێت، زۆریشی لەخۆوە ئاشکران بەر لەوەی ئاخێوەر بیدرکێنێت یان نووسەر بینەخشێنێت. ئیتر خوا ڕێی ڕاستمان پێ بگرێت و لە خلیسکمان بپارێزێت.

٧٥- جگە لە ڕەوشەن خان ئەوانەی لە شامەوە سەریان لێ دەدام مەرحووم عومەر مستەفا «دەبابە»و دکتۆر فوئاد مەعسووم بوون. دووا جاریان کە هاتنە لام دۆڵمەی کۆییانەیان پێ بوو وێڕای پەقلاوە و فستەق. چووینە دەرەوەی عەممان لامان دایە باغێکی خۆش و گەورە، یەتاغمان لێ ڕایەخست... یەکێک هات بەخێری هێنانین و گوتی ئەمە باغی مەلیکە... ویستمان عوزرخوازی بکەین کە نەمانزانیوە چ باغێکەوە و ڕاساینە خۆ گردکردنەوە بۆ دەرچوون. کابرا نەیهێشت و مەردانە لەگەڵماندا ڕەفتاری کرد. دکتۆر فوئاد لە جارێک لە جارانی هاتنیدا سێ هەزار لیرەی سوریەشی بۆ هێنام [ئەگەر سەهوم

نەکردبێ لە ژمارەکە] چەندێکی پێم گوت پارەم هەیە و حکومەتی ئوردونیش نایەڵێ مەسرەفی ئوتێل بدەم فایدەی نەبوو... شەڕەکە ئەو بردییەوە، قسەی خۆمان بێ تێشکانی ئەوتۆیی خۆشترە لە بردنەوە. هەر لەو هاتوچۆیەدا بوو نوسخەیەکی «اعادة التوازن» ی لێ وەرگرتم بە دیاری بۆ «عبدالله الاحمر» ئەویش لێی ڕاسپاردبوو کە ئەگەر ئارەزۆ بکەم سووریە خۆشامەدیم لێ دەکات.